# نامەکان

# نامەکان

## لە دەرگا مەدە، کەس لەماڵ نییە
## نامەکانی
## (واران و یەسنا)

نەبەز گۆران

ناوی کتێب: نامەکان
نووسەر: نەبەز گۆران
بەرگ و دیزاینی ناوەڕۆک: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
چاپ: یەکەم/ ٢٠١٥
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە:
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (     ) ساڵی ٢٠١٥ی پێ دراوە

**ئەم کتێبە:**

لەسەر ئەرکی خاتوونی بەڕێز (پەروین بابەکرد حەمە ئاغا) چاپ کراوە.

هەڵبەتە زۆر سوپاسی خاتوونی بەڕێز (پەروین خانم) دەکەم، کە ئەم ئەرکەی خستە سەر شانی خۆی.

ڕاستیەکەی خەمێکی لە کۆڵ من کردەوە و خەمەکەی منی خستە سەر شانی خۆی. بە هیوام ئەم خانمانە هەمیشە لە ناو کۆمەڵگەکەی ئێمە نمونەیان زیاد بێت. چونکە ئاگادارم هەر ئەم کتێبەی من نیە لەسەر ئەرکی ئەو چاپ بووە، بەڵکو زۆر کتێبی دیکەشی چاپکردووە. ئەمەش دەرگایەکی باشە هەم بۆ کتێبخانەی کوردی، هەم بۆ کەمکردنەوەی خەمی نووسەرەکان.

گەلێک سوپاس.

**ئەرکی پێدا چوونەوە لــە رووی زمانەوانیەوە، لەسەر شانی بەرێز مامۆستا (ئاریان سدیق) بووە. گەلێ عەزیەتی کێشــاوە و لــە رووی زمانەوانی و رســتە ســازییەوە، ئەرکەکەی خستە سەرشانی خۆی.**

**سوپاس بۆ مامۆستای بەرێزم...**

# حیکایەتی نامەکان:

ئـەم نامانـە، بەشـێکن لـە بیرکردنەوەی سـەردەمی خۆیان، بەشـێك لەم نامانە گەیشـتنە شـوێنی خۆیان، بەشەکەی دیکەیان هەرگیز نەگەیشتن، بۆ نوسەرەکەیان گرنگ نییە، گەیشتبن یان نا، بەس بۆ نوسەرەکەیان کـە منـم، گرنگـە، وێنای ئەو کاتو ساتە بکەم، کە تێیدا نوسراون. دەشێت لە شوێنێك وەك دۆستێك قسەم لەگـەڵ بەرانبەرەکـەم کردبێـت، دەشـێت لە شـوێنێکی دیکەدا، چەشنی باوکێك قسەمکردبێت! هەرچی بێت،

ویستوومە شتێك بڵێم، کە بە شیعرو رۆمان ناوترێت، ویستوومە وێنای ئەو سەردەم و کاتە بکەم، کە لە خەیاڵ و ئەندێشەی مندا، گوزەریکردووە.

ئەو بەشەی پەیوەندیی بە (واران)ەوە هەیە، کە وێنەی کچێکە و وەك باوکێك قسەم لەگەڵ کردووە، (واران) بوونی نییە، نە من باوکم و نە کچێکم هەیە بەو ناوەوە، ئەمە تەنیا خەیاڵێکە، خەیاڵی مرۆڤێك تا کونجێك، ناوێك بدۆزێتەوە، قسەی خۆی لەگەڵ بکات، ئەو بەشە دەمێکە نوسراوە، هێندە دەمێکە نوسراوە، بەشێکی نامەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای گەنجێتی، یان ئەو کاتەی دەستمکرد بە نوسینەوەی خۆم، دەشێت شتی زۆر بێواتایان تێدابێت، دەشێت شتی واتاداریشیان تێدابێت، لە هەموو حاڵەتێکدا خوێنەر دەبێت وەك ئەو ساتە سەیریانبکات، نەك وەك نامەی هەموو سەردەمەکان، رەنگە ئەدەبیاتی نامە، کە (مەولەوی) لە ئەدەبی کورددا، پایە بنەڕەتییەکەیەتی، یەکێك بێت لەوماڵەی پێویستە هەمیشە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە.

بەشەکەی دیکە: کە نامەکانی (یەسنا)ن، هەڵبەتە ئەم بەشە، کاتی خۆی لەگەڵ کتێبی (یەسنا لەژێر

بارانا سـەیری باخ ئەکا) بڵاوبووەوە، ئەمما ئێسـتا بە بیرکردنـەوەی ئێسـتاوە، کەمێـك دەسـتکاریکراون، ئەم نامانە بۆ کەسێکن کە بوونی هەیە، بۆ کەسێکن پێشووتر هەموویانـی خوێندوونەتـەوە، ئیـدی وەڵامەکەی چی بووە و چی نەبووە؟ ئەوەیان پەیوەندیی بە منو ئەوەوە هەیـە، ئەگەرچـی خاوەنەکەیان ئەهلی وەڵامدانەوە نە بووە بە نوسـین، بەڵام خۆ ئەهلی وەڵامدانەوە بووە بە هەسـت، یان بە قسـە، لەوانەیە ئەم بەشە، چیرۆکێکی زۆر تایبـەت بێـت و خاوەنـی نامـە بـۆ رۆیشـتووەکە، هیـچ پێیخۆشـنەبێت، چیرۆکەکـەی ببێتـە چیرۆکی خوێنەران.

ئێسـتاش کە هەردوو بەشـەکەم پێکـەوە کۆکردنەوە، بە شەرمەوە دەڵێم: پێمخۆشبوو خوێنەر بزانێت، کەسی نوسـەر، هەندێـك جـار وەهمییـە و هەندێـك جاریـش واقیعی، یاخود بزانێت، هەمیشە نوسەران ناتوانن شتی زۆر گەورە و باش بنوسـن، هەمیشـەیش ناتوانن شتی خـراپ بنوسـن، ئیدی بـە خراپی و باشـییەکانیانەوە، ئەوانە هیی منن، بکەرێکی ئامۆژگاریکەر نیم، وەك ئەوەی لە چەند شـوێنێکی نامەکاندا وا دەردەکەوێت، ئەممـا بکەرێکـم، پێمخۆشـە ئـەوەی دەیزانـم و بیری

لێدەکەمەوە، بە باشی و خراپییەکەیەوە، تەنیا بۆ خۆم نەبێت، بۆ ئەوانی تریش بێت.

ئەم کارە ئەدەبییە، ئەگەرچی بە دڵی تۆی خوێنەریش نەبێت، وەلێ کارێکە من کردوومە، بڕوایشم پێیەتی، بەو هیوایەی سودێك بە خوێنەر ببەخشێت، یەکێکیش لەو کارانەی کە دەستمداوەتێ و دەستیلێهەڵناگرم، سادە نوسینە، من دەمەوێت بە سادەیی بنوسم، مرۆڤێکی ئاڵۆز نەبم، سادە نوسین زەحمەتە، زەحمەتە بۆ ئەوانەی ناتوانن سادە ببنەوە، زەحمەتە بۆ وشە، بەڵام ئەم سادە نوسینەم پێخۆشە، مرۆڤ دەتوانێت بە سادەیی نزیکببێتەوە لە هۆشی ئەوانی تر، ئەمما هەرگیز ناتوانێت بە ئاڵۆزی نزیکببێتەوە لە ئەوانی تر، قسەی ئاڵۆزەکان و خۆ بە خاوەن فیکرو خاوەن نوسینەکانیش بۆم گرنگ نییە، ئەوان چی دەڵێن با بیڵێن، من ڕێگای خۆم و ئەوانیش ڕێگای خۆیان، بە ڕێگایەکدا دەڕۆم، یەکێك لە باشییەکانم ئەوەیە؛ سەیری دواوە ناکەم، سەرقاڵن بە چییەوە و لە بارەمەوە چی دەڵێن؟! هەڵبەت مەبەستم ئەوەیە، نامەوێت بزانم چ تیرێکم لێدەگرن! ڕێگای خۆم دەبڕم، ئیدی بەرە و هەر شوێنێك بێت، شوێنەکە

بۆ من ئەو شوێنەیە، کە خۆم چاوم لێیەتیو دەزانم کوێیە.

ڕێگاکەی من ئەمەیە؛ سادە ببەرەوە تا ئەو ئاستەی بە بیستنی دەنگێکی بەرز بشکێیت. دواقسەیش هەرگیز لای من نییە، لای خوێنەرەکانە، خۆیشم تەنیا بە خوێنەرێکی دەزانم، خوێنەرێك کە دەتوانم دنیا ئاڵۆزەکە، بکەمە پارچەیەك لەوشەی سادە، ئەوانەیش کە خۆ بە خاوەن فیکرو میراتگرەوەی هەموو شتێك دەزانن، بێگومان دڵنیام شتێکی گەورەیان پێناکرێت لەم جیهانەدا، بۆیە سەرقاڵی شتانێکن کە هیچ نابەخشن بە مرۆڤ، جگە لە کۆمەڵێك ڕستەی سواو، بۆیە ئەم ڕستانەش لێرەدا دەڵێم، چونکە پێموایە تاقمگەلێك دروستبوون، بێبەرهەمترین تاقمی ئەم کۆمەڵگەیەن و خۆیشیان بە میراتگرەوەی هەمووشت دەزانن، دوو کتێبی سەرەتاییان خوێندووەتەوە، سەرقاڵی پەلاماردان و سڕینەوەی ئەم و ئەون، بە هیوام لەبری ئەوە، کەمێك خۆیان قاڵبکەن بە بەرهەمهێنانی دوو ڕستەی جوانەوە، کە بۆ ئایندەی بیرکردنەوەو ئەدەبەکەمان سودی هەبێت.

هەر ئەمەندەو زیاتر نا...

## بەشی یەکەم:

# نامەکانی واران

# نامەی یەکەم

## کچەکەم... لە تەنیاییدا شتە جوانەکان دەبینی.

پێمخۆشە ئەم جارە لە چیرۆکێکی (مەسیح)ەوە دەستپێبکەین، من ئەم چیرۆکەی (مەسیح)م زۆر لا جوانە، یەکێکە لەو چیرۆکانەی، کە هەرگیز لە بیرمناچێت، لەم چیرۆکەوە دنیابینیی مرۆڤ لەسەر ئەم ژیانە بە تەواوەتی دەگۆڕێت؛ ڕۆژێك مەسیح و هاوڕێکانی بە ڕێگایەکدا تێدەپەڕن، لە قەراغ

ڕێگاكـە كەرێـك تۆپیـوە، بۆنی زۆر ناخۆشـە، كاتێك لێـی نزیكدەبنـەوە، هەمـوو هاوڕێكانـی لوتـی خۆیان دەگـرن تـا تێدەپـەڕن! بـەڵام مەسـیح لوتـی خـۆی ناگرێت، هاوڕێكانی پێیدەڵێن: باشە لەوكاتەدا چۆنت توانـی لوتـی خـۆت نەگری؟! خۆ بۆنـی ئەو كەلاكە تۆپیـوە زۆر ناخـۆش بوو! مەسـیح دەڵێـت: لەو كاتەدا من سـەیری ددانە سـپی و جوانەكانیم دەكرد! خەیاڵم تەنیـا لای جوانیـی ددانەكانـی بوو، بۆیە هەسـتم بە بۆنەكەی نەكرد!

دەزانی یانی چی؟

واتا لە هەر شـوێنێك بوویت، هەوڵبدە جوانییەكانی ئـەو شـوێنە ببینـی، چـووی بۆ هەر جێگایـەك، هەر شـوێنێك، لەبـەر ئەوە بچۆ جوانییەكانی ئەو شـوێن و جێگایـە ببینـی، ئەگەر پێیانوتی: لەو ماوەیەدا و لەو شـوێنە پیسـەدا چیـت دەكـرد و چـۆن بەرگەتگـرت؟ بڵێ: من تەنیا سـەیری شـتە جوانەكانی ئەو شـوێنەم دەكـرد، بۆیـە بۆنـە پیسـەكەیم نەژنـەوت و توانیم ئەو ماوەیە لەوێ بمێنمەوە.

دەبێـت پێتبڵێـم: تـۆ ئـەو كەسـەی زۆر شـتت بـۆ باسدەكەم، هەمووشت نا، وەك ئینگلیزەكان دەڵێن:

(هەمووشت بۆ وتن نابێت.)

ئەگەر هەموو شت بوترایە، ئەم دنیایە لەوە وێرانتر دەبوو کە دەیبینین، بە هەرحاڵ، ئەگەرچی وشەکانم، رستەکانم، قورسو جێی باوەڕیشت نەبن، بەڵام هەتا دوورتربی لە مرۆڤەکانەوە ئازادتر و بێزیانتردەبی، هەڵبەتە نایشتوانی بۆ هەمیشە دووربیت، وەلێ کە لە مرۆڤەکان نزیکبوویتەوە، بۆ ئەوە نزیکببەوە جوانییەکەیان ببینی، ئەمما لە هەموو شت جوانتر لەم دنیایەدا تەنیاییە، تەنیایی نەبوایە ژیان بۆنی زۆر ناخۆش دەبوو.

هیچ نەبێت لەبەر جوانیی تەنیایی، دەست لە ژیان هەڵمەگرە، رەنگە لای زۆرێك هێشتا تەنیایی جێگای بەزەییپێداهاتنەوە بێت، بەڵام تەنیایی ئەوپەڕی تێگەیشتنە لە ژیان، ئەوانەی کاری مەزن دەکەن، ئەوانە نین لەناو خەڵکدان، ئەوانەن کە تەنیان، بۆیە هەرگیز خەمی کەسێك مەخۆ تەنیایی داگیریکردبێت، مرۆڤی کورد بەردەوام لە تەنیایی دەترسێت، بۆیە هەمیشە تەنیاییە، مرۆڤی بیرکەرەوە بە شوێن تەنیاییدا دەگەڕێت، مرۆڤی رووکەشیش بەردەوام لە تەنیایی رادەکات، من داوەتتدەکەم بۆ

تەنیاییەکی قووڵ، هەر کاتێك ویستت بە دوای خۆتدا بگەڕێی، لە ناو خەڵکدا بۆی مەگەڕێ، بگەڕێوە ناو خۆت، دەرگاکانت دابخە و لە تەنیاییدا بۆ خۆت بگەڕێ، ئەوەی لە تەنیاییدا پەیپێدەبەیت، هەرگیز لە دەرەوە درکی پێناکەیت.

بڕوابکە، تەنیایی نەبووایە، جیهان وەك سەرەتاکانی خۆی دەبوو، ئەو مرۆڤانەی چوونەوە بۆ ناو خۆیان، ئەوانە بوون ڕێگای تەنیاییان هەڵبژارد، هەر ئەوانەش بوون ژیانیان بە جۆرێکی دی ڕەنگکرد. ئەوانەی بە بەزەییەوە سەیری مرۆڤە تەنیاکان دەکەن، لە ڕاستیدا خۆیان جێگەی بەزەیین، چوون خۆیان لە چاوی خەڵکی تردا دەبینن، تۆ نە لە تەنیایی بترسە، نە لەوەیش بترسە دەستببەی بۆ ئەو شتانەی بیریان لێدەکەیتەوە، ئەگەر خەمی قسەی خەڵکیت بێت، هیچت پێناکرێت، خەڵکی بێئیش زۆرە، هەموو ئەرکیان لەم ژیانە تەنیا قسەکردنە لەسەر ئیشی کەسانی دی، بە تایبەتی ئەو خەڵکانەی لە بوخچەکەیاندا هیچ نییە، جگە لە کۆمەڵێك قسەی بێواتا لەسەر ژیانی ئەمو ئەو. دەزانی؟ ئەگەر هەموو تەمەنت هاوڕێی تەنیایی بیت، ئەوەندە ئازارت نادات ببێتە

برین بەسەر گیانتەوە، بەڵام چوار رۆژ تێکەڵ ببە لەگەڵ گروپێکدا، بەشی هەموو تەمەنت برین دەخەنە سەر گیانت.

خۆ دەزانی مەبەستم مرۆڤە باشەکان نییە، کە زۆر کەمن، تۆ نەکەی ئەو هەڵەیە بکەیت، ببیتە هاوڕێی کەسانێك ئاستیان لە ئاستی تێگەیشتنی خۆت لاوازتربێت، دڵنیابە ئازارتدەدەن، وایش لە خۆت مەگە لە هەموو کەس ئاستت باشترە، ئەوە وانییە، لە هەموو حاڵەتێکدا چاوەڕێی خراپە بکە لە بەرانبەرەکەت، هەندێك مرۆڤ هەن قەبارەی تێگەیشتنیان هێندەی قەبارەی خۆیان بووایە، دنیا لەوە جوانتر دەبوو کە هەیە. دەزانی؟ زۆربەمان لە ناخەوە جۆرێکی ترین، زۆر جار رەنگە بتەوێت بە سادەیی ئەو ناخەی خۆت بخەیتەروو، بەڵام کە خستتەروو، هەڵەیەکی مەزن دەکەیت، دەبێت ناخی خۆت بۆ کەسێك بخەیتەروو تێبگات و فەرهەنگی بەرزبێت، باشیی ئەوەیە من ئامۆژگاریت ناکەم، بەڵکو ئەزموونی گەنجیی خۆم بۆ تۆ دەگێڕمەوە. بڕوابکە مرۆڤێك نییە لەم سەزەمینە بە دەستی مرۆڤێکی دی بیمارنەکرابێت، وەلێ، ئەوە بزانە کە عاشقە گەورەکان بۆیە شتی

گـەورە دەکـەن، چونکە ڕێـگای تەنیایـی دەدۆزنەوە، مـن ئـەو تەنیاییـە ناڵێـم کە بڕێـك کەس باسـیدەکەن، هەندێـك کەس تەنیاییەکەیـان ئەوەندە بچوکە دوو جار بیانبینـە هەسـتیپێدەکەیت کـە تەنیـان، بڕێکیـش هەن لـە ناخـەوە تەنیـان، هەرگیـز هەسـتیان پێناکەیت. ئا ئەمانەیان بەراستی تەنیایی راستەقینە ئەزموندەکەن. بە بێ زەخیرەیەکی باش، بە بێ دۆسـتایەتی لەگەڵ بیرکردنـەوەدا، تەنیایـی هیـچ واتای نییـە، حەزدەکەم لەوانەبیت بۆ ئەوە تەنیایی هەڵبـژێریت شتێك بکەیت کـە ئەوانـی تـر نەتوانن بیکـەن، بەڵام لـە هەموو ئەو قسـانەی بـۆت دەکـەم ئـەوە بزانـە، لەنـاو میللەتـی بێ فەرهەنگـدا. هەرگیز چاوەڕێـی چاکە مەکە. هەر میللەتێـك لـە تەنیاییە راسـتەقینەکە ترسـا، میللەتی سـەر خوانـە چەورەکانـە، میللەتـی نـاو کتێبخانەکان نییە. هوشـیاری و تیگەیشـتنی مەزن، لەناو فەوزادا دروسـتنابێت، لـە کونجێکـی تەنیـادا دروسـتدەبێت، ئەمە سـەرەتایەکە بۆ من و بۆ تۆ، سـەرەتایەك دەبێت تەنیاییـەك هەڵبـژێریـن، تـا لـەو گۆشـەنیگایەوە بـە ئاسوودەیی بیر لە شتەکان بکەینەوە.

جارێ دەڕۆم....

## نامەی دووەم

**کچەکەم واران...**

**سڵاو لەتۆ...**

ئەمە بڕوای تەواوی منە، پێتدەڵێم:
هەرگیز هەوڵمەدە ببیتە مامۆستای کەس، چونکە خۆت پێویستت بە مامۆستا دەبێت. مامۆستاکان ئەوانە نین فێری ناسینی وشەکانت دەکەن، بەڵکو ئەوانەن

دەستتدەگرن و تا بەرزاییەکان دەتبەن. ئایا تۆ دەتوانی کەس ببەیت بۆ بەرزاییەکان تا ببیتە مامۆستا؟ من هەرگیز پێتنالێم مەچۆرە زانکۆکان، بەس پێتدەڵێم: ماڵەکەت پڕبکە لە کتێب، هەوڵبدە کەمتر لەگەڵ مرۆڤەکان بیت و زۆرتر لەگەڵ کتێبەکان. زۆرێك لە مرۆڤەکان تەنیا شتت لێوەردەگرن، بەڵام کتێبەکان شتت پێدەدەن. دەزانی؟ جیاوازیی کتێب و مرۆڤ ئەوەیە؛ مرۆڤ ئەگەر شتێکت بداتێ، ڕەنگە بیر لەوە بکاتەوە منەتێکت بەسەردا بکات، بەڵام کتێبەکان هەموو شتێکیشت دەدەنێ و هیچ منەتێکیشت بەسەردا ناکەن، واتا، دەمەوێت وەك درەختێك وابیت، سێبەر بدەیت بە ڕێبوارەکان، بە بێ ئەوەی منەتیان بەسەردا بکەیت.

منیش وەك تۆ منداڵ بووم، وەك تۆیش گوندیم، ڕەچەڵەکی من دەچێتەوە سەر گوندێکی پڕ لە ئاو و دەرخت، سەر بناری کێوێك، کاتێك گوندەکەمانم بە جێهێشت، بۆ ئەوە بەجێمهێشت ریشی گەورەکان رابکێشم، ئەو گەورانەی، جگە لە ئازار بۆ خەڵك شتێکی تر نین، بەڵام هەرگیز بۆ ئەوە نەهاتمە ناوشارەکان ببمە مامۆستا، چونکە دەمەوێت تا پیری

بـە فێرخـواز بمێنمەوە، ئایا تـۆش ئەمە دەکەیت؟ یان غرورت رێگەتنادات؟

ئـا... بابیرم نەچێت، غرور هیی نەفامەکانە، نەك عاقڵـەکان، ئەوانـەی لـەم جیهانـە دەگەن، بـە لەتێك نانو تۆزێك خۆشەویستی قایلن، ئەوانەیش گەمژەیی دەوریداون، بە کەمترین خۆشبەختی غرور دەیانگرێت! تۆ نابێت لەمانەبچیت، چونکە تۆ ئەمیرەی، ئەمیرەی نـاو کۆشـکەکان نـا، ئەمیـرەی ناو کتێب و وشـەکان، ئەگـەر هەر رۆژێك فێری شـتێکی گـەورە نەبوویت، ئەوە بزانە ئەو رۆژەت بە خەسـارچووە، هەتا خەڵکی زۆرتریـش بناسـیت، کەمتر شـت فێردەبیـت، هەرگیز بیـر لـەوە مەکـەرەوە ژیانـت قەرەباڵـغ بکەیـت، بـەڵام بیـر لـەوە بکەرەوە گەشـتبکەیت، گەشـتکردن هیچت فێرنـەکات، فێری ئەوەت دەکات جیهان لەوە گەورەترە مرۆڤێـك بیخاتـە نـاو رسـتەوە. چاوەکانی تـۆ، تەنیا ئەو شـوێنە دەبینن لەبەردەمتدان، ئەمما خۆ لە پشـت ئەو شوێنانەیشـەوە، شـوێنی تر هەیە کە تۆ نایبینی، کەوایـە دنیـا بـە چـاو نابینرێـت، بـە بیرلێکردنەوەی بیدۆزەرەوە. هەمیشـە لەگەڵ سادەکان سادەبە، بەڵام، کەسـێك ویستی شکۆت بشـکێنێت، دەبێت لەو پەڕی

غـرورەوە تـۆ بیشـکێنیت. ئـەو غـرورەم خۆشـدەوێت بەرامبـەر ئەوانـە بینوێنـی بە بچوك سـەیرت دەکەن. دوو جۆر غرور هەیە ئەوە جوانەکەیانە.

کچەکەم...

دوو جـۆر گەشـت هـەن، گەشـتێك بـۆ دەرەوە، گەشـتێك بۆ ناو رۆحـت، ئەگەر چوویتە ناو رۆحت، بۆ پاکی و سادەیی و خودا بگەڕێ، هەرکات زانیت کەمێك دوورکەوتوویتەوە لە خودا، سەیری خەتەکانی ناو لەپی دەسـتت بکە، دەزانی چەند خودا گەورەیە، بۆت دەردەکەوێت چەند لێتەوە نزیکە، من ناڵێم ببە بە کەسـێکی ئاینی، بەڵام پێتدەڵێـم: خودات بیرنەچێت، ئاینـەکان فێـری خوداپەرسـتیت دەکـەن، بـەڵام ناتوانـن بـە تەواوەتـی خـودات پێ بناسـێنن، ڕێگای خوداناسـی تەنیـا ئاینـەکان نییـە، باشـترین ڕێگا بۆ نزیکبوونـەوەی خـودا، دوورییە لە ئاینەکان و نزیکییە لـە رۆحـی خـۆت، رۆح فێری نزیکبوونـەوەت دەکات لـە خـودا، فێرتـدەکات خـودا چییـە؟ دەزانـی؟ خودا لەوە گەورەترە کە لە کتێبە ئاینییەکاندا باسـدەکرێت؟ لـەوەش گەورەتـرە مرۆڤـەکان باسـیدەکەن، هەندێـك

خۆیـان بـە بەرگریکـەری خـودا دەزانـن، بـێ ئەوەی تێبگـەن لـەوە نەزانترن ببنـە بەرگریکەری گەورەیی، زۆربـەی بەرگریکردنەکەشـیان لـە ترسـدایە، نەك لە خۆشەویسـتیدا، تـۆ بـۆ خۆشەویسـتی بگەڕێ لای خودا، نەك شتی تر.

کچەکەم...

مامۆستاکان دەست بۆ رۆحت نابەن، ئەگەر خۆت دەستی بۆ نەبەیت، مامۆستاکان تەنیا ئەوەت فێردەکەن کـە خۆیـان فێربـوون، بەڵام تەنیایـی و هاوڕێیەتیی کتێبـەکان، ئەو شـتانەت فێردەکەن کـە کەس ناتوانێت ئەوانـەت فێربـکات، چوویتـە هـەرماڵێـك سـەیری کتێبخانەکەیـان بکـە، بـە کتێبخانەکەیانـدا دەزانـی ئاسـتی بیرکردنـەوەی ئـەو ماڵـە چۆنە! هـەر ماڵێك کتێبخانـەی لێنەبـوو، بیرکردنەوەشـی لێنییـە، تـا دەتوانی لێیدووربە. دەزانی؟ خۆشـبەختی لەوەدا نییە شـتێك وەربگریت، خۆشـبەختیی راسـتەقینە لەوەدایە شتێك ببەخشیت، بەختی تۆ لەوەدایە لە سەردەمێکدا لە دایکدەبیت، کە هیچ لەم سـەردەمەی من ناچێت، ئێمـە لەسـەردەمێکدا ژیایـن تاریکتریـن سـەردەم بوو،

هەمووشتێك هەیە لەم سەردەمەدا، جگە لەرێزگرتنی وشەو کتێب و مرۆڤ. ئەگەر دەتەوێت ئەو کەسەرانە ببینی کە هیچیان تێدانییە و فەرمانڕەوایی دەکەن، سەیری سەردەمەکەی من بکە، بۆیە دڵخۆشدەبم وەك فێرکارێك بمێنیتەوە. ئەم هەستەش تەنیا ئەو کاتە دەرکی پێدەکەیت کە ئیدی ئولفەت بە کتێبەکانەوە بگریت، ئەوانەی لە کتێبەکانەوە دوورن ئەم هەستەیان بۆ دروستنابێت، با پێشتبڵێم:

بۆنی دوو لاپەڕەی پڕ لەوشە خۆشترە لە بۆنی هەرچی شازادەی ئەم سەردەمەیە، هەرگیز بیریش لەوە نەکەیتەوە بە دەنگی بەرز قسە بکەیت، تەنیا لەگەڵ ئەوانە نەبێت ستەمکارن و لە ناخیاندا ستەمێك هەیە، بەردەوام وا خۆیشت نیشانبدە تۆ شتێك نازانی شایەنی باسکردن بێت، بۆ ئەوەی بەرانبەرکانت هەستنەکەن لەوان هۆشیارتری. کەسە گەورەکان ئەوانەن کە خۆیان دەرناخەن و بە بێدەنگی لە ماڵەکەی خۆیانەوە دەستکاریی دنیا دەکەن، ئەوانەیش کە هەر سەرقاڵی خۆ دەرخستنن و زۆر قسە دەکەن و کەم دەبەخشن، ئەوانەن کە ناتوانن ماڵەکەی خۆیشیان بگۆڕن، چ جای دەرەوەی ماڵەکەیان، بۆیە مەبە بە مامۆستا

بۆ ئەوەی فێرخوازەکان گەمژە دەرنەچن، هەمیشە فێرخواز بە تا دەبیتە ئەوەی خۆت دەتەوێت.

من ماندووم بەدەست ئەم سەردەمەوە..
ئومێدەوارم تۆ هیلاك بیت بەدەست کتێبەکانەوە.

# نامەی سێیەم

**واران سڵاو...**

رەنگـە بۆ تۆ قورسـبێت لـە بـارەی ژن و پیاوەکانەوە شتێك بزانی، بەس بۆ من ئاساییە گەر لە ئێستاوە شتێك لـەو بارەیـەوە لەگەڵ تۆ باسـبکەم، بیرتنەچێت هەندێك پیاو هەن دنیا دەگۆڕن، ئەوانە ئەو پیاوانەن لە ماڵەکانی خۆیان دانیشتوونو بە بێدەنگی دەستکاریی دنیا دەکەن، خـۆ پێشـتر لـەم بـارەوە شـتێکم وت، ئەم جـارە بە وردی

باسیدەکەم، کە:

ئـەم جـۆرە پیاوانـە زۆر دەگمەنـن، هەوڵمـەدە ئەمانە بدۆزیتـەوە، چونکـە ئەمانـە گـەر لـە هەمووشـتێکەوە نزیکبـن لـە ژنەکانـەوە نزیـك نین، واتا دڵگـران نەبیت و وا هەسـتبکەیت بـاس لە پیاوبـوون و ژنبوون بکەم، باس لـە هۆشـیارییەك دەکـەم، لەو دیدە بەرزتـرە. هەر پیاوێك نەیتوانـی بـە باشـی بنوێـت، ناشـتوانێت بـە باشـی بـە ئاگابێت، پیاوان هەمیشـە تفەنگەکانیان لەهەموو شتێك خۆشـتردەوێن، زۆرجار روودەدات پیاوان هەموو شتێك بە جێبهێڵن بۆ ئەوەی تفەنگەکەیان لە دەستنەدەن!

کچـم، ئـەو پیاوەی نەیتوانی باوەشـی ژن بە گەورە بزانێـت، باشـترە ئەو پیاوە بنێریت بـۆ بەرەی جەنگەکان، نـەك بۆلای ژنێك. پێکەوەبوون بەرپرسـیارێتییە، هەموو پیاوێـك توانـای ئـەم بەرپرسـیارێتییەی نییـە، ئەمـە ستایشکردنی ژنان نییە، ئەمە باسکردنە لە پێکەوەبوون، ڤەلـێ دڵنیایشـم ئـەو پیاوانـەی دنیـا بـە جۆرێکـی تر رەنگدەکەن، ئەوانەیانن پشتیان لە ژنەکان کردووەو روویان لـە خەمێکـی گەورەتر کـردووە، کە خەمـی مرۆڤەکانە. ئەممـا، خـۆ زۆربەی پیـاوەکان لەو جـۆرە پیاوانە نین و لەو جۆرەن باوەشی ژنانیان لێبسێنەرەوە، ئیتر خۆیان وەك

گوڵێکی بێئاو وشکدەبن.

تـۆ وەك ژنـەکان مەبـە، هەوڵمەدە پیاوەکان بناسـیت، هەوڵبدە ئەو منداڵە بدۆزیتەوە کە لە ناخی پیاوەکاندایە، هەمـوو پیاوێـك منداڵێـك لە ناخیدایە، باشـترین ژن ئەو ژنەیـە کـە منداڵەکـە دەناسـێت، دەزانی؟ پیـاوەکان وەك ژنەکان دوو جۆرن؛ یان دڕندەن یان سۆفی، دڕندەکانیان زۆرترن لە سـۆفییەکان، ئەگەر پیاوێکت بینی شـیعری نوسـیو خۆی شـیعر نەبوو، مەیخوێنەوە، پێویسـتناکات پیاوەکان روخسـاریان جوان بێت، چونکە جوانیی پیاو لە روخسـاردا دەرناکەوێـت، لە چەمۆڵەکانیـدا دەردەکەوێت، ئەگـەر پیاوێـك مشـتەکۆڵەکانی بەهێزبـوون، ئـەو پیاوە هیـی هاوڕێیەتـی نییـە، هیـی جەنگـە. پێتناخـۆش نەبێت.. ژنەکانیش دوو جۆرن؛ یان قەسابن یان میهرەبان، تـۆ دەتەوێـت کامەیـان بیـت؟ ئەگـەر دەتەوێـت ببیتـە قەسـاب، هەمـوو رۆژێـك دەتوانـی بە وشـەیەك پیاوێك پارچەپارچەبکەیـت، ئەگەر بەنیازیشـی میهرەبان بیت، دەبێت خۆت ئامادەبکەیت ببیتە دایك.

نەکەویتە شوێن ناوبانگ، ناوبانگ بۆ ئەوانە خۆشە خەونـی بچوکیـان هەیـە، ناوبانـگ هیچـت لێنـەکات، وات لێدەکات ئازادییەکانی خۆت لێبسـێنیتەوە، دەزانی؟

ئازادی گرنگترە لە ناوبانگ! بەڵام ئەوانەی ناوبانگیان نییە ئەمە نازانن، تا ئازادییەکانی خۆت بە دەستنەهێنی نەگەڕێیت بە شوێن ئازادیی خەڵکی تردا. شتێك کە لە خۆتدا بوونی نەبێت باسیمەکە، با روخسارت سوورهەڵنەگەڕێت، هەمیشە لە بارەی پیاوەکانەوە قسە لەگەڵ خۆیان بکە، نەك قسە لەگەڵ ژنەکان بکەیت، هەرکاتێك ژنێکت بینی لە پیاو تووڕەبوو، بزانە ئەو ژنە خەون بە بۆنی پیاوێکەوە دەبینێت کە لە دەستیچووە، نەکەی لە فیمینیزمەکان نزیکببیتەوە، ئەوانە جگە لە سوکایەتییەك بۆ گەورەیی ژن، شتێکی تر نین، ململانێی ژنەکانو پیاوەکان رەچەڵەکی دەچێتەوە سەر سەرەتاکانی ژیان، ئەوە بزانە تۆ توورەکەیەك نیت بۆ منداڵ هەڵگرتن، وەك هەندێك لە پیاوە گەورەکان وایدەبینن، بەڵکو تۆ ژنی، تۆ دەتوانی ببیتە مەلیکەی خەونە گەورەکانی خۆت و ببیتە پاشای حەوشەکەی خۆت، دەیشتوانی ببیتە گەڕیدەیەك و رۆحی پیاوەکان تەی بکەیت، پیاوانێك هەن دەڵێن: ژن، عەقڵی داگیربکە، شتەکانی تری هیی خۆتن، تۆش هەوڵبدە عەقڵت ئازادبکەیت، بۆ ئەوەی هیچ لە دەستنەدەیت و هەمیشە خۆت بیت.

ئەگەر باوەشێکی میهرەبان لە خۆتدا شکدەبەیت، ئەوە

بزانــە جیهان لای تۆیە، ئەگەر پیاوێك دەســتنەخاتە ناو ڕۆحتەوە دەستتنەخەیتە ناودەستیەوە، کەمتر هاوڕێیەتیی ژنــەکان بکــە و زۆرتر هاوڕێیەتیی پیاوە ڕاســتەقینەکان بکـە، چونکە ژنەکان هاوڕێیەتی نازانن، خۆشەویستی دەزانــن، مــن ئەمــەم لە کەسێکی مەزن بیســت؛ ئەگەر ویســتت دۆریــەك ئاشــکرابکەی لــە زمانــی پیــاوەوە، ســەیری روخســاری مەکە، بەڵکو بە بێدەنگی دابنیشە، چونکە روخساری پیاوەکان هەمیشە درۆکان دەشارنەوە، شــەهامەتی پیــاو ئەوەنییە ببێتە چەترێــك بۆ ژنەکەی، بەڵکــو شــەهامەتی پیــاو ئەوەیــە هاوڕێــی ژنەکــەی بێــت. پیاوەکانــی ئێرە ئــەوە نازانن، بۆیە هەمیشــە دەڵێن ژنەکەمان.

بۆ ئەوە لە پیاوەکان نزیکمەبەوە داگیرتبکەن، بۆ ئەوە نزیکببــەوە ژیانــت لەگەڵ بەشــبکەن. هەندێك پیاو هەن دەتوانــن وڵاتێــك داگیربکــەن، بــەڵام ناتوانــن دڵی ژنێك رازیبکــەن، تــۆ بــە دەیــان فرســەخ لــەم پیاوانــە دووربە، دەرگاکــەت دابخــە بــا ئــەو کەســەی تــۆی دەوێــت لــە پەنجەرەوە بێتە ژووریَ.

باشــترین پیاو ئەو پیاوەیە بە ئاسانی دەستتنەکەوێت، بەرگری لە ژنەکان بکە، نەك لەبەر ئەوەی گیرۆدەن بە

دەست هەندێك پیاوەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی فێرببن ئەرك و مافەکانی خۆیان بزانن، تۆ لەو ژنانە مەبە هەمیشە داوابکەن لە پیاو، ئەوانە ژنانێکن بە رۆح کۆیلەن، باشترین ژن ئەوەیە داواناکات و بە دەستدەهێنێت، خراپترینیشان فیمینیستەکانن. ئەگەر ژنێکت بینی شانازیی بە جەستەی خۆیەوە کرد، بزانە ئەو ژنە تەنەکەیەکی بەتاڵە و هیچ شتێك شکناباتی بۆ رازیکردنی پیاوەکان، جگە لە جەستەی. بۆ ئەوە خۆت مەڕازێنەوە سەرنجی پیاوەکان رابکێشی، بۆ ئەوە خۆت بڕازێنەوە ژیان جوان بێت، تۆ لەوانەبە شانازی بە بیرکردنەوەی ژنانەتەوە بکەیت، هەرگیز خۆشەویستی بۆ ئەوە مەکە دەستکەوتێکت بداتێ، خۆشەویستی بۆ خۆشەویستی بکە. لێرە هەموو شتێك پرۆسەیە، بۆیە هەست بە خۆشەویستی ناکرێت. ئەگەر بیرت لە پێکەوەبوون کردەوە، بیریش لە دووری بکەرەوە، هیچ شتێك مەکە پێشوەختە کۆتاییەکەیت بینیبێت، مەترسە لەوەی دەستت بسوتێت یان سەرت بشکێت، تا ئازار نەبینیت لە ئازاری کەسانی تر ناگەیت.

یانی، دەبێت مەزنانە بژیت و مەزنانە بیربکەیتەوە، بۆ ئەوەی خۆت بیت.

کچەکەم...

پیاوانێکی فێڵاوی هەن، شەوان بە وشە و گۆرانی ستایشی ژنان دەکەن، کەچی خەون بەوەوە دەبینن، ماڵەکانیان بکەنە حەرەمسەراو پڕیان بکەن لە ژن، نەفرەت لەمانە بکە. بێزراوترین پیاو ئەو پیاوەیە، کە لە ڕێگای شیعرەوە لە ژنەکان نزیکدەبێتەوە، ئای کە بێزارم بەوانەی شیعر دەکەنە کەرەستەی ئارەزووەکانیان، تۆ هەرگیز بڕوا بەو جۆرانە مەکە، بۆ ئەوە ستایشی ژنان دەکەن بچنە باوەشیان، گرینۆکەکانی شەوانیش، مەبەستم ئەوانەیە بۆ ژن دەگرین، ئەگەر باش لەگەڵیان بدوێیت شمشێرێکن بۆ سەر ڕۆحی ژن. هەتا ڕاستگۆیی نە دۆزیتەوە، پیاوی ڕاستەقینە نادۆزیتەوە، پیاوی ڕاستەقینە هەر شتێك بڵێت، ڕاستگۆیانە دەیڵێت، درۆزنەکانیشان هەرچی بڵێن ڕاستی نییە، جگە لەوەی کە دەڵێن ئارەزوومان ژنە.

پیاوی ڕاستەقینە دەڵێت:

ژن ئارەزوو نییە، ئومێدە لە نائومێدیدا.

پیاوی دەمامکداریش دەڵێت:

ژن باوەشێکی گەرمە، بۆ من!

جارێ دەڕۆم...

# نامەی چوارەم

## کچەکەم واران... پێمخۆشە باشبیت

زۆرشت هەیە، دەبێت قسەی لەسەر بکەین، بەردەوام پێتدەڵێم: نامەوێت ئامۆژگاریت بکەم و ئەم گفتوگۆیانە بە ئامۆژگاری وەرمەگرە، لەو نەوەیە نیم باوەڕم بە ئامۆژگاری بێت، لەوانەم باوەڕم بە قسەکردن هەیە، هەرگیز بیر لەوە نەکەیتەوە نزیکببیتەوە لە دەسەڵات، ئەوەی لە دەسەڵات گرنگترە بیرکردنەوەیە

لە چاکە، هەندێك هەن پێیانوایە چاکە لە دەسـەڵاتەوە دێـت! برێکیـش پێیانوایـە دەسـەڵاتی چاکـە لەهەموو شـتێك گرنگتـرە. ئەگـەر روویدا لە پێنـاو چاکەیەکی مەزن خراپەیەکی بچوکیش بکەیت بیکە، لەوە مەترسە لۆمەبکرێیـت، چونکـە زۆر شـت هەیە لـەوە گەورەترە گـەر خراپـەی بچوکیشـیان بۆ بکەیت. لەو شـوێنەی مرۆڤـەکان چەوسـانەوە و ئازادییەکانیـان کورتکرانەوە، لەو شـوێنەدا چاکە کاڵدەبێتەوەو دەسەڵاتیش دەبێزرێت، ئەوەنـدەی هەوڵبـدەی بـە شـوێن ئازادییەکانـی خۆتدا بگەڕێیـت، ئەوەنـدە هەوڵمـەدە لـە کورسـییەکان نزیکبکەویتەوە.

ئەهـا کچـم، برێك هەن دەسـەڵاتیان لێبسـێنە هیچ نین، ئەوانە لەو کەسانەن دەسەڵات مانایایان پێدەدات، نەك خۆیان مانایان هەبێت، برێکی دییش هەن مانا بە دەسەڵات دەدەن، تۆ لە مانەبە بۆ ئەوەی لاواز نەبیت. ئەگەر زانیت لەوڵاتێك دەژییت یاسـا تێیدا باڵادەسـت نییـە، بزانە لـەو وڵاتە بێئابڕومەندانەترین شـت ئەوەیە بچیتـە نـاو دەسـەڵاتەکەیەوە، پێکەنینـم بەوانـە دێـت، خۆیان ئازاد نین و هەوڵ بۆ ئازادیی ئەوانی تر دەدەن! راستی، گەر ئەو مێشکەی خۆت کلیلکرد، هەر شتێك

بکەیـت جگـە لـە خۆماندووکردن سـودێکی نابێت، لە خۆتـەوە دەسـتپێبکە، بـۆ ئەوەی بتوانیت مـەوداکان بە باشی ببڕیت.

نەکەیـت بە دانیشـتنێك، یان پێکەنینێـك ئازارەکانت بیربچن، خۆشـگوزەرانیی خـۆت بەراوردمەکە لەگەڵ ئەوانـەی لـە تـۆ خۆشـگوزەرانترن، سـەربەرزیبێت بـۆت ئەگـەر سـوژدە بـۆ کەناسـێك ببەیـت، بـەڵام بە شەرمەزاریی بزانە بچەمێیتەوە بۆ پاشایەکی ستەمکار، ئـەو کەناسـانەی کـۆڵان و شـارەکان پاکدەکەنەوە، زۆر مەزنتـرن لـەو سـەرکردانەی تەنیـا بیـر لـە خۆیـانو منداڵەکانیـان دەکەنـەوە و وڵاتەکان پیسـدەکەن. ئەگەر چوویـت بۆ دیدەنیی ماڵـە هەژارێك، لای هاوڕێکانت بـە شـەهامەتەوە باسـیبکە، وەلـێ گەرچوویـت بـۆ دیدەنیی دەسەڵاتدارێك، شانازیی پێوە نەکەیت، چونکە دواجـار پەشـیماندەبیتەوە لـە چوونەکـەت. هەموومـان لایـەق بـە هەڵەکردنیـن، ئەگـەر تۆ هەڵەیـەك بکەیت، خۆت ئازاری پێوە دەچێژیت، بەڵام دەسەڵاتدارەکان کە هەڵەیانکـرد میللەتێك ئازاردەچێژێت، بۆیە هەر کاتێك شـوێنێکی بـە دەسـەڵاتت وەرگرت، چاکـەی مەزنیش بکە بۆ ئەوەی ژیان مەزنبکەیت.

کچم...

مێـژوو بخوێنـەوە بـۆ ئـەوەی سـەردەمەکەی خۆت بناسـیت، ئەوانـەی سـەرکردایەتیی ئـەم میللەتەیـان لـە دەسـتدابووە لایـەق بـەوە نەبـوون سـەرکردایەتیی خێزانێکیشیان بە دەستبێت. بەڵام، چونکە میللەتێکمان هەبووە هەمیشە بە شوێن وەهم و ئەفسانە کەوتووە، ئیدی لەبـری ژیانێکـی باشـتر، دۆزەخێکی باشـتر هاتووەتە پێشـمان، قایـل نەبیـت بە شـتێك کـە دەسـتتدەکەوێت، بەردەوام بیربکەوە ئەو شـتەی دەسـتتکەوتووە چاکتری بکەیـت و بیگۆڕیـت بۆ باشـتر، ئەمانەی حوکمڕانیی ئێمـە دەکـەن کەسـانێکن بـێ فەرهەنـگ، ئاسـتی خوێندنەوەیان ئەوەندە لاوازە، تەنانەت ناتوانن قبوڵبکەن دەورو بەرەکەشیان دەنگی بەرزبکاتەوە! تۆ وامەکە بەو جـۆرە منداڵەکـەت پەروەردەبکەیت لـە خۆت بچێت، وا بکـە بەو جۆرە منداڵەکـەت پەروەردەبکەیت کە لەهیی سەردەمی خۆی بچێت، پەروەردەی ئێمە زۆر شێواوبوو، بۆیە ئەم جەنگەڵەمان بۆ ئێوە بەجێهێشت.

دڵ بە دەسـەڵاتدارێك خۆشـنەکەیت، کارێکی چاك بـکات، هەمیشـە بوەسـتە تـا کۆتایی دەسـەڵاتەکەی دەبینی، ئەوسـا باس لە دڵخۆشـییەکانت بکە، چونکە

دوورنییــە دوای چاکەیەکــی بچوك خراپەیەکی گەورە بــکات، عادەتی دەســەڵاتدارەکانی رۆژهەڵات ئەوەیە، دوای چاکەیەکی بچوك، خراپەی گەورە بکەن.

سەیربکە کچم..

ســەردەمی ســەدە کۆنــەکان، دەیــان پاشــا و کۆشــك روخــان، ئــەوەی ماوەتــەوە تەنیا چاکــە و بیرکردنەوەی چاکــە، رۆژانێــك ئێــرە موڵکــی بابــان و بادینــان بوو، هەموویان رۆیشــتن، هیچ شتێکی مەزن دەبینی جگە لــە دیوانــی شــاعیرە مەزنەکان؟ دەزانی؟ ئەو شــاعیرە مەزنانــە بــۆ ئەوە ژیان پاش خۆیان میراســێکی گەورە بەجێبهێڵن بەس پاشــاکان بۆ ئەوە ژیان خۆشــگوزەرانی بۆ خۆیان و نەوەکانیان دروستبکەن. ئەو ئێستایەی کە منی تێدا دەژیم، هەمان دیواری روخاوی پاشــاکان بە دەستی کەسانی تر دروستدەکرێتەوە، هەرچۆن دڵنیام ئەو دیوارانەش دەڕوخێن، ئاواش دڵنیام ئەوەی میراســێکی گەورە بۆ نەوەی ئێوە بەجێدەهێڵێت دەسەڵاتدارەکان نین، ئەوانەن کتێبی مەزن و فەرهەنگی جوان دەنوسنەوە.

ئایــا بــەوە رازیدەبیت بۆ ئەوە هاتبیتــە ژیانەوە بەس هەوڵی خۆشگوزەرانی بدەیت؟ ئەگەر بەوە رازیبوویت،

ئەوە تۆش لە بابی خەونە بچوکەکانیت، سەردەمەکەی من پڕە لە منداڵی سەرمایەدارە گەورەکان، بەڵام ئەوەی دەستکاریی دنیا دەکات ئەوان نین، ئەو کەسانەن لە سوچی ماڵەکانیان سەرقاڵی بینینی خەونی گەورەن، من ناڵێم دەست لە هەموو شت هەڵبگرە، بەڵام دەڵێم:

کاربکە تا ماندووبوونی خۆت ببینی، سەیری موڵکی هیچ کەسێك مەکە ب ەدەستییبهێنیت، چونکە هیی تۆ نییە، بە ڕێگا ئاسانەکاندا مەڕۆ تابگەیتە دەسەڵاتێکی خراپ، هەمیشە سەختترین ڕێگا هەڵببژێرە کە ڕاستیی تێدا بەدیدەکرێت. گوێمەدە بەوەی دڕکەکان ئازارتبدەن، گرنگ ئەوەیە شوێنێك هەڵببژێرە کە هیی خۆت بێت و بە ئیرادەی خۆت بەدەستتهێنابێت، هەر کەسێك هاتو وتی:

دەستتمبدەرێ با بتبەم بۆ خۆشترین شوێنی دەسەڵات، دەرگاکەت بە ڕوویدا دابخە بۆ ئەوەی جارێکی تر نەتوانێت دەستت پیسبکات، دەبێت کەسێکی بە ئیرادە بیت، بۆ ئەوەی کاری مەزن بکەیت، شەهامەت ئەوە نییە بگەیتە دەسەڵات، شەهامەت ئەوەیە دەسەڵات بگات بە تۆ، بەردەوام وا تەماشای مەزنی بکە، کە هەڵسایتەوەسەرپێ، تاجی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان

نەگاتـە چۆكـت، واتـا، دەمەوێت بەهێمنییـەوە پێتبڵێم: پێم خۆشە وەك كێوێك بیت و لەپێناو خۆشبەختییەكی بچوكدا دۆڵی خەونە بچوكەكان هەڵنەبژێریت..

ماندوومكـردی، بمبـورە.... بەجۆرێـك بخـەوە بەئاگابیت

دەمەوێت بەئاگابی.
بای

# نامەی پێنجەم

## واران... هیچ کات درەنگ نییە بۆ بیرکردنەوە

مـن نازانـم ئـەم دنیایـە چیی بەسـەردێت پاش من، بەڵام دەزانم لەناو میللەتی بەدبەختدا ئەوەندە تیروەشێن زۆرن، لەهـەر کوێیەکـەوە رێگابگـری بریندارتدەکـەن، ئارەزوومدەکـرد رەچەڵەکم بچێتەوە سـەر ماسـیگرێکی بێئاگا لەکەنار شـارەکەی ئەسـکەندەرییە، بەڵام لەناو میللەتێکـی بێ فەرهەنگـدا نەژیـم، ئـەو میللەتانـەی

کـە بێ فەرهەنگـن، هەموو شـتیان بەکاردەهێنن، جگە لەعەقڵیـان! تـۆ سـەیربکە، ئەگـەر نەیانتوانـی بـە مشـتەکۆڵە لێتبـدەن، ئـەوە بـە زمـان لێتـدەدەن! هەموو ئەسـتێرەکان بکـە بـە ملوانکەیـەك و بۆیـان بهێنـە، کە پشتت تێکردن چی تیر هەیە دەیگرنە گیانت. حەزدەکەم هـەر کاتێك گەورەبوویت بە دنیادا بگەڕێیت بۆ ئەوەی میللەتێـك بدۆزیتـەوە فەرهەنگـی هەبێـت و لەگەڵیان بژیـت، مەبەسـتم ئـەوە نییـە لێـرە بڕۆیت، ئەمـە تەنیا هەڵدانـەوەی برینـە، نـەك نائومێدیی راسـتەقینە، واش بیرنەکەیتەوە کوردبوون ئەوەبێت، لێرەبیت، نا نا، وانییە.

کچم...

کوردبـوون رۆحـە نـەك شـتی تـر، دەتوانـی لـە هەرشـوێنێکی دنیابیـت و کوردبیـت، دەیشـتوانی لـە نیشـتیمانەکەی خۆیشـت بیتو کورد نەبیت، کوردبوون پەیوەسـت نییـە بـە خاکێکـەوە، یان شـوێنێکەوە، بەڵکو پەیوەسـتە بەرۆحتەوە، ئەگەر رۆحت مەیلی کوردانەی کرد، ئەوە لەهەر ئەستێرەیەکی تریش بیت ئەو مەیلەت هەمیشـە بـای باڵـی خـۆی دەدات، گـەر مەیلـی کوردانەیش لە ناختدا کاڵبووەوە، سەراپای نیشتیمانیش

بکەنە ملوانکەیەك بۆت، تۆ هەر ئەو مەیلەت نابێت و نازی ناکوردبوون دەکەیت. گوێ بەوقسانە مەدە باسی زمانی یەکگرتووو نیشتمانی یەکگرتوو دەکەن، ئەوانە هەڵخەڵەتێنەکانن، تۆ لەبری ئەم شتانە بیر لە پەیمانی کۆمەڵایەتیی گشتی بکەرەوە، ئەوەی وات لێدەکات شتەکانت خۆشبوێن و بتبەسێت بەو وڵاتەوە پەیمانی کۆمەڵایەتییە، نەك هیچ شتێکی دی، هەرکاتێك ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییە هەڵتەکییەوە، ئیدی خاك و زمان و ئینتیما هیچ مانایان نامێنیت.

تۆزێك بوەستە و سەیری دواوە بکە، ئێمە لە شوێنێك خەڵق بووین، هەموو شتمان هەبووە جگە لەو پەیمانە، مادام پەیمانەکەمان بە بێ فەرهەنگی هێشتووەتەوە، تا ئێستایش هیچمان نییە، ئێمە هەمووشتمان هەیە، جگە لە فەیلەسوفی مەزنو کتێبی فەلسەفیی مەزن، مێژووەکەی ئێمە پڕە لە جەنگاوەر و خاڵییە لە کتێبی مەزن! ئیدی کە ئەمە دووریمان بێت لەو جیهانە، نابێت خەمی ئەوەش بخۆین کە هیچمان بۆ بە دەستنایەت. ڕەنگە ڕۆژێك بێت گشت شتێکمان هەبێت، جگە لە یادەوەری! یادەوەریی ئێمە ئەوەندە کورتە، بە ڕووداوی بچوك لەبیرماندەچێت!

من نازانم چۆن باسی خراپییەکان بکەم! یادەوەریی من پڕ بووە لە خراپە! ئەمە گوناهی من نییە، ئەمە گوناهی ئەو سەردەمەیە تێیدا دەژیم، هەرگیز لە بێگانەیەك نیگەران نەبیت، ئەگەر تانەت لێبدات بۆچی دەوڵەتمان نییە، چونکە ئیرادەیەکی گشتی و پەیمانێکی گشتی نییە بۆ دروستکردنی ئەو دەوڵەتە. تۆ تەماشا بکە لەم سەردەمەدا ئەوەندە بۆ دەسەڵاتدارەکان گرنگە باسی خاك بکەن، ئەوەندە بۆیان گرنگ نییە باسی مرۆڤەکانی سەر ئەو خاکە بکەن، بێماناترین شت لێرە مرۆڤە، ئەگەر کوردێك بیری لە براکوردەکەی نەکردەوە لەهەر شوێنێکی دنیابێت، ئەوە بیرکردنەوەی لە خاك جێگەی پێکەنینە بۆ من.

مرۆڤەکانم بۆ گرنگترن تا خاکەکەیان، ڕەنگە من بە جۆرێکی خراپ سەیری دنیا بکەم، بەڵام بۆم گرنگە مرۆڤەکان خۆش بژین و بە ئازادی بژین، ئیتر لە هەرکوێیەك بن ئاساییە. بەوە نەخەڵەتێیت ئازادی و مافەکانی خۆت لە بیربکەیت لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێکی کوردانە حوکمت بکات، بێگانەیەکی ئازادیخواز زۆر باشترە لە دەسەڵاتێکی کوردیی ستەمکار. ئەگەر ئەم شتانە بە کوردەکان بڵێیت، ڕەنگە دەیان شتی خراپ

بخەنەپاڵـت، گـوێ بـەو خراپییانە مەدە کـە دەیانخەنە پاڵـت، بیـر لەوە بکەرەوە ژیانی مرۆڤ و ئازادییەکانی گرنگترن لە خاك و دەسەڵاتدارییەکەی، ئەگەر ئازادی و مافەکانـت کپکرانـەوە، ئیـدی ئەوانـەی تـر مانایـان نابێـت بۆت، هەمیشـە نەفرەت لـەو خاکە بکە ئازادیی تێدا نییە، ئەگەر ویسـتت جەهەننـەم ببینی، رووبکەرە ئەو خاکەی رێزی مرۆڤەکانی تێدا نییە.

جاران زۆر کەس مەرگی هەڵبژاردووە بۆ خاکەکەی، ئێسـتا زۆر کـەس مەرگـی خـۆی هەڵدەبژێرێـت بـۆ ئازادییەکـەی، دەبێـت کاتێـك رێگای مـەرگ بگریت بـۆ ئـازادی و خـۆت و ئەوانـی تربێت، چیـت داوە لەو خەباتـەی لـە پێنـاوی خاکدایە و پاش بە دەسـتهێنانی خاکەکـە مرۆڤـەکان لەسـەری ئازاردەدرێـن. دەزانـی؟ کوردایەتـی ئـەوە نییە ژینگە پیسـبکەیت، کوردایەتی ئەوەیە ژینگەیەکی جوانتر دروسـتبکەیت. خەباتەکانی ئێمە بۆ ئەوە نەبوون دنیایەکی جوانتر بنەخشـێنین، بۆ ئەوەیان کرد ژینگەی ئەم دنیایە پیسـتربکەن. هەرگیز ئومێدناکـەم لـەم سـەردەمە بژیت، بۆیە ئەم قسانەشـت پێدەڵێم، بۆ ئەوەی بزانیت روناکی بەردەم ئەشـکەوتەکە گرنگتـرە رووی تێبکەیـت، نـەك لەنـاو ئەشـکەوتەکە

بمێنیتـەوە. شـانازی بەوەوە نەکەیـت ڕەچەڵەکت چییە، تۆ گەر خۆت شتێکی مەزن نەبیت، ڕەچەڵەکت مەزنت ناکات، ئەها (مەحوی) دەڵێت:

”کـە تـۆ کۆسـەی، بەتۆچی مامە ریشـەی باب و باپیرت؟“

ئازیزم...

هەوڵمەدە کۆسەبیت و شانازی بەریشی باو باپیرتەوە بکەیت، هەوڵبدە خۆت مەزن بیت بەبێ ئەوەی لەسـەر بنەمـای ریشـی بـاو باپیـرت بژیـت، بـا مرۆڤـت پێش هەمووشـتێك خۆشـبوێت، هەموو شـت لەپێناو مرۆڤدا جوانـە، بەڵام مرۆڤ ئـازاردان لەپێناو خاکدا، کارێکی گەمژانەیـە، خاکێـك ئازادیی بۆ مرۆڤەکان نەهێنابێت، بەنەفرەت بێت.

بەهەرحاڵ.. دەبێت ئاگات لەخۆت بێت.

# نامەی شەشەم

**ئازیزم واران... لەم سەردەمەدا خۆشەویستی ئەوەندە کەمە، هەر بەشی مرۆڤ دەکات!**

رەنگــە زۆرجار هەســت بە ئازاری کەســێك نەکەی تــا خۆیشــت ئازارت پێــدەگات، بەڵام دەبێت هەمیشــە شــتەکان وەك خۆیــان ببینــی نەك زیاتر لە بارســتایی خۆیان، ئەگەر ڕووداوێکی بچوکت بینی بە گەورەیی تەماشــای مەکە، تا ڕووداوە گەورەکان بچوك نەبنەوە

لەپێش چاوت. دوژمنە راستەقینەکانی ئێمە ئەوانەن شتەکان سەرەوخواردەکەن، نەك ئەوانەی تیربارانمان دەکەن. هەرگیز ئەوانە بە دوژمن مەزانە ئارەزوی ئەوە دەکەن تۆ نەمێنیت، چونکە پاش نەمانت بیرتدەکەن و ددان بەوەدادەنێن مانەوەی تۆ باشتر بوو لە نەمانت، بۆیە بەردەوام ئەو شتەی دەیبینی وەك خۆی بیبینە.

دەبوو پێشتر لەبارەی گەنجێتی و یاخیبوون و رقلێبوونەوە قسەمانبکردایە، بەس خۆ هێشتا درەنگ نییە بۆ ئەوەی سێوێك بخۆین شایەنی لێکردنەوەبێت، رقلێبونەوە سەختترین و بێماناترین حاڵەتی ناو مرۆڤە، گەر ناکۆك بووی لەگەڵ کەسێك، هەرگیز رێگە بە خۆت نەدەی بگەیتە ئەو دۆخەی رقت لێبێت، هەندێك کەس هەن شەڕت لەگەڵ دەکەن بۆ ئەوەی لاوازت بکەن، هەندێکیش هەن بەرقەوە رێزتدەگرن، تۆ لەوانە بترسە رقەکەیان دادەپۆشن، نەك لەوانەی شەڕت لەگەڵ دەکەن.

واران گیان...

گەنجێتی ژیانە نەك شتێکی تر، هەر گەنجێك گەر رەشەبایەك لە ناخیدا هەڵنەکات، ئەو گەنجە لەواتای

گەنجی نەگەیشتووە، من هەمیشە ئەو ڕەشەبایەم خۆشدەوێت کە لەناخی گەنجێکەوە هەڵدەکات، چونکە دەزانم یاخیبووە لەوەی کە ناتوانێت ژیانی دووبارە ببینێ، یاخیبوونیش پەیوەندیی بە ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە، نەك دەرەوەی. واتا، ئەگەر لە عەقڵی کەسێك یاخیبوون بەدینەکرێت، هەرچییەك لەبارەی یاخیبوونەوە بڵێت مایەی پێکەنینە.

ئەو (نا) پیرۆزەی لە زمانی کەسە گەورەکانەوە دێتە دەر، هەر ئەو (نا) پیرۆزەیە ژیان دەگۆڕێت، هەموو یاخیبوونێکی مەزن خۆکوشتن ڕەد دەکاتەوە. تۆ هەرگیز لەو کەسە لاوازانە نەبیت بەرگەی ئازارێك ناگرن و خۆکوشتنیان پێباشە لە گۆڕینی ژیانیان. با ژیانت خۆشبوێت، تا بتوانی بە هەقی خۆت بمریت. هەمانە هەمیشە دەست بۆ سێوك دەبات بە دەستیەوە نایەت، بۆیە ئەم کارەش دەکات تا تەنبەڵیی خۆی دەربخات، بەڵام تۆ هەمیشە سێوێك لێبکرەوە بتوانی بە توێکڵەوە بیخۆیت. ژیان هەر ئەوەیە بتوانی یاخیببیت، تا دراوسێکەیشت بەشی خۆی لەو سێوەی بەربکەوێت. ئەوانەی ژیانیان خۆشناوێت و بیر لە دنیایەکی تر دەکەنەوە، ئەوانەن بە تەنبەڵییەکەیان ئەم

دنیایەیان بۆ گەنکردووە، دەبێت ئێمە ژیانمان خۆشبوێت، بۆ ئەوەی دنیایەکی تریش چاوەڕێمانبکات.

مرۆڤی یاخی، ناتوانێت کوشتن قبوڵبکات، هەرچۆن ناتوانێت کۆیلایەتی قبوڵبکات، ئەم روناکییە زۆرجار لە گەنجەکاندا سەرهەڵدەدات، تۆش دەبێت گەنج بیت تا ژیان ببەخشیت. تەنیایی ژورێك نییە بۆ بێدەنگی، تەنیایی روناکییەکە بۆیاخی بوونێکی مەزن. هەندێك جار (بەڵێ) بەکاربهێنە بۆ ئەوەی بەردەوام بزانیت (نا)ی پیرۆز پێویست نییە، یانی دەمەوێت پێتبڵێم:

راستەقینە لەکوێ بوو، تۆ لەوێ بە. یاخیبوون لە بیرکردنەوەدا فێری ئەوەت دەکات بزانی راستەقینە لە کوێیە تۆش دەواری خۆت لەوێ هەڵبدەیت. یانی، گەنجێتی ئەو تەفسیرە نییە بۆ تەمەنێك دەکرێت، شتێکە لەناو بیرکردنەوەدایە نەك لەسەر جەستە. ئێمە زۆر جار هەڵە دەکەین لەناونانی شتەکاندا، بۆیە ناتوانین واتای راستەقینە بە شتەکان بدەین. من ئەزمونم کەمە لە گەنجێتیدا، چونکە کەمتر ژیانمکردووە، بەس تۆ زۆرتر ژیانبکە بۆ ئەوەی زۆرتر بە گەنجێتی بمێنیتەوە.

دەزانــی؟ تازەیــی لە ژیــان و تازەیی لە رۆح دەبێتە پەنجەرەیــەك بــۆ مانــەوەت بەگەنجێتــی. ئەوانــەی گەنجێتــی کورتدەکەنەوە بــۆ زەمەنێك، ئەوانەن ناتوانن منداڵی و گەورەیی خۆیان ببینن! کچەکەم، منداڵی رۆحێکــە تا نزیکبوونــەوە لە لێواری مەرگ لە ناخی مرۆڤــدا دەمێنیــت. منداڵــی یادەوەری نییــە، منداڵی نیشــتیمانە. لە هەرشــوێنێك منداڵیت تێدا بەســەربرد، ئەو شوێنە دەبێتە نیشتیمانی راستەقینەت، ئەو شوێنە دەبێتە یادەوەریی گەورەبوونت. ئەگەر ویستت بەشوێن نیشــتیماندا بگەڕێیــت، بەشــوێن منداڵیتــدا بگەڕێ. خۆشەویســتیی راستەقینە لە منداڵییەوە دەستپێدەکات و لەگەنجێتیــدا خــۆی دەردەخــات. بــۆ مــن جوانترین شــت ئەوەیە لەگەڵ خۆشەویســتیدا پیرببیت و شــەوان حیکایەتەکانی بگێڕیتەوە.

نەکــەی گەورەیــی خــۆت ببەســیتەوە بــە دەرەوە، گەورەیــی گــەر هەبێــت لــە ناخدایە، دڵخــۆش نەبیت بەوانەی ستایشــت دەکەن، دڵگرانیــش نەبیت بەوانەی تیری بیمارکەرت تێدەگرن. ئەو کەسەی بە شێوەیەکی ســەخت بیمارنەبووبێت، ناتوانێت دڵخۆشیی راستەقینە بناســێت، مــن و تۆ هیــچ جیاوازییەکمــان نییە، تەنیا

ئەوەندە نەبێت تۆ لە من ناسکتر و جوانتریت، ئەگەر توانیت یاخیببیت، با یاخیبوونەکە لە ماهیەتدا بمێنیتەوە نەك بیخەیتەروو.

ئەو یاخیبوونەی دەکەوێتە روو، یاخیبوونێکی کاتییە، ئەوەی لە ماهیەتتدا دەمێنێتەوە دەبێتە دینەمۆیەك بۆ دروستکردنی شتی مەزن لەم دنیایەدا. با زۆر هیلاکت نەکەم کچەکەم، ئومێدەوارم هەمیشە روناکییەك لە ناختدا هەڵبکات و گەنجێتییەك ژیانت بۆ دروستبکات. یاخیببە لە عادەتەکان، تا عادەتی نوێ دروستبکەیت.

جارێ ماڵئاوا تا نامەیەکی تر

# نامەی حەوتەم

## ئومێدێك لە دڵمدایە لە تۆ دەچێت.......

پێتچۆنە ئەم جارە قسە لەسەر شیعر و زمان و دنیا شارراوەکانی ئەدەب بکەین؟ ئایا تۆ مەیلی ئەوەت هەیە، بچیتە ئەو جیهانە و تێبگەیت ئەوەی کە ناتوانین بیکەین، دەبێت بیڵێین؟ هەرگیز، بیرت لەوە کردووەتەوە بە بێ شیعر بژییت؟ شیعر بۆ من تەحقیقکردنی هەموو ئەو شتە نەوتراوانەیە، کە کەسانی دی ناتوانن بیانڵێن،

شیعر بۆ من رۆحە، شاعیری گەورە ئەوەنییە، شیعر دەنوسێت، شاعیری گەورە ئەوەیە شاعیرانە بژی و خەمێکی گەردوونیی هەبێت. شاعیرانێکمان هەن ئەوەندە بە مەزنی ژیان، تا ئێستاش چێژ لە ژیانیان وەردەگرین، بۆیە شیعرەکانیشیان گەورەن، چونکە لە خۆیان دەچن، برێکیشمان هەن تەنیا شیعردەنوسن و ژیانیان لەگەڵ جەلادێکدا فەرقی نییە، من زۆر دوورم لەمانەوە. گەر ویستت زمانت دەوڵەمەندبێت، بچۆ شیعری ئەو میللەتە بخوێنەوە مەیلی فێربوونی زمانەکەیان دەکەی. شیعر یەکەمین دەرگای زمانە، گەر ئارەزوویشت ئەوە بوو خەیاڵت فراوان ببێت و ئەو شتانە ببینی کە کەسانی تر نایانبینێت، رەفە بەرەفە رۆمانەکان بخوێنەوە، تا وات لێدێت دەفریت. یەکەم بنەمای ئیشی رۆمان، دروستکردنی باڵە بۆ خەیاڵ.

واران...

کتێبەکان بۆ منی خوێنەر سێ جۆرن، جۆرێکیان گێلتدەکەن، هەرگیز لەم جۆرە کتێبانە نزیك مەکەوەرەوە، بۆ ئەوەی کە ئەو جیهانەی دروستتکردووە لە دەستینەدەیت. جۆرێکیان وەك بومەلەرزەیەك شتێك بەسەر بیرکردنەوەتدا

دەهێنــن. جــۆری سێیەمیشــیان ئەوانــەن کــە کودەتایەك بەســەر مێشــکتدا دەکــەن، تــۆ هەمیشــە جۆری ســێیەم بخوێنەرەوە، خوێندنەوە هونەرە نەك پیشە، نەك چێژ.

هەیە بەردەوام دەخوێنێتەوە، چونکە هونەرەکە نازانێت، هەرگیز خۆی نابێتە خاوەنی وشــەیەك، بەو جۆرە کتێب مەخوێنەرەوە رســتەکانی لەبەربکەیــت و بیانلێیتەوە، خۆ تۆ توتی نییت کە کارت بەس ئەمەبێت؛ شتی کەسانی دی بدەیتە دەوروبەرەکەت، بەو جۆرە کتێب بخوێنەوە خۆت قســەت هەبێت لەســەر خاڵە لاواز و باشــەکانی کتێبەکە، گەر وا نەکەیت، تۆ خوێنەری ئازیزی نەك رژد.

ماڵەکەم، خوێنەری ئازیز لە ساڵانی حەفتاکاندا مرد، ئێستا خوێنەری رژد هەیە و پشتی دێڕەکان دەبینێت، تۆ دەبێت وابیت، بیرتنەچێت، هەمیشە لە پشت رستەیەکی مەزنــەوە، بیرکردنەوەیەکی گەورە خۆی مەڵاســداوە، تۆ هەوڵبدە ئەو بیرکردنەوەیە بناسی، نەك رستەکە.

ئەگــەر چوویتــە ناو دیوانی شــاعیرەکانەوە، بەشــوێن باشــترینیاندا بگەڕێ، ئەوانە باشترینیانن کە ئەو شتانە دەڵێن کە کەسەکانی تر نایبینن و ناتوانن بیڵێن. شاعیر هەیــە چــاوی هێنــدەی چــاوی جوتیارێکــە و هــەر ئەو شــتانە دەبینێــت کــە جوتیارێــك دەیانبینــێ، شــاعیریش

هەیە نزیك لە پێغەمبەرێك! شاعیر هەیە ئەوەندە بە قووڵی بیردەکاتەوە، جیهان دەخاتە ناو رستەیەکەوە. من ئەوانەیانم خۆشدەوێن دەستکاریی رۆح و بیرکردنەوە دەکەن و دەتبەنە جیهانێکەوە کە زۆر بە زەحمەت دێیتە دەرەوە. شیعر تەنیا بریتی نییە لە یاریکردن بە زمان و دروستکردنی وێنە، شیعر بۆخۆی رێگەیەکی سەختە، هەموو رێبوارێك ناتوانێت ئەو رێگەیە تەیبکات، دووردوور بە لە ئاڵۆزنوسەکان، دنیا لەوە رونترە ئاڵۆزیبکەیت. شیعرێك هێندە بە سادەیی و پڕمانا نەبێت، مرۆڤ بە مرۆڤ بگەڕێت، شیعر نییە. شیعر بۆ نوخبە نییە، بۆ گشتییە. گرنگە بە سادەیی بنوسرێتەوە، سادە نوسینیش سەختترین جۆری نوسینە.

ئەهلێك هەیە، هیچ زمانێکی بیانییش نازانن، یەك دوو کتێب دەخوێننەوە، ئیدی خۆیان لێدەبێتە هەموو شت و چەپ و راست بەسەر نوسینو نوسەراندا دەهێنن. ئازیز، تکا دەکەم زۆر زۆر دووربە لەمانە، ئەمانە چەندین ساڵیان دەوێت تا بخوێننەوە و تێبگەن، نوسین ئەو خەیاڵە بچوکەی مێشکی ئەوان نەبوو، نوسەر و کتێب ئەو جیهانە بچوکە نەبوو کە ئەوان بیریان لێدەکردەوە و کتوپڕ خۆیان لێبووبووە هەموو شتێك، ئەمانە هێندە بەدبەختن،

هەر چوار کتێب ببینن بەدەست خۆیانەوە، دنیایان لێدەبێتە جیهانــە بچوکەکەی خۆیان، هەمیشــە لێیــان دووربە، با جیهانەکەت وەك هیی ئەوان نەبێت.

واران...

رۆماننوســەکان بــە خەیــاڵ جیهانــی سەیرســەیر دەنەخشــێنن، هیــچ رۆماننوســێك نابینــی لــە پشــتیەوە واقیعێك رانەکشــابێت، هەمیشە دەرگای رۆماننوسەکان ئەو دەرگایەیە، بە خەیاڵ باس لە جیهانێکی جیاوازترمان بــۆ دەکات، لەنــاو ئــەم جیهانــە فراوانــەدا بــە شــوێن خۆشەویستییەکی گەورەتردا دەگەڕێن. ئێمە بێهێزین لە رۆمانــدا، چونکــە خەیاڵمان کورتە. دەزانی بۆچی کورد رۆماننوسی کەمی هەیە؟ هەرگیز لە خۆتت پرسیوە ئەم هەموو شاعیرە چی دەکەن لەم جیهانەی کورددا؟ ئەی بۆچی فەیلەسوفانێکمان نین؟ یان رۆماننوسمان کەمە؟

کورد زۆربەی شــتەکانی بە هەســت دەکات. خەیاڵی کــورد فراوان نییە، هەســتی فراوانە. رەنگە بۆ تەمەنی تــۆ بڕێــك لە رۆماننوس بێنە ناو جیهانــی کوردەوە، ئەو بڕەش پێش ئەوەی رۆماننوس بن، شاعیر بوون. هەمیشە لەهەســتەکانمانەوە دەســتپێدەکەین، نــەك لــە خەیــاڵ و بیرکردنەوەکانمانــەوە، بۆیــە زۆرترین شــاعیرمان دەبێت و

کەمترین رۆماننوس و فەیلەسوف. راستییەکەی، خۆی شـیعر گۆشـەیەکی بچوکی هەسـتە، لێ، لێرە سـەرتاپا بارگاویکـراوە بـە هەسـت! ئەگـەر شـیعر لـە ئەدەبیاتی کوردی دەربهێنی هیچی پێوە نامێنیت. شیعر لەم وڵاتەدا گوناحـە، بـە هەمـوومانـەوە بیماریدەکەیـن. زۆربەمـان ناتوانین دوو قسـە لەسـەر شـیعر بکەین و دەیشینوسین. سەیربکە، من کاتێك ئەم شتانەت پێدەڵێم: ئاستی شیعر ئەوەنـدە لاوازبـووە، تەنانـەت خوێنـەرە راسـتەقینەکانیش پشـتیانتێکردووە، کـە حـاڵ گەیشـتە ئەمـە، دەبێـت بـە دەنگێکـی بـەرزو بـە دڵێکی پڕەوە بڵێین: ئەفسـوس کە شـیعر خەریکە وێراندەبێت! بەڵام، هەمیشـە لە خراپترین کاتەکانی شیعردا کەسێك دێت و دەستی شیعر دەگرێت و دەیباتەوە بۆ تاقە بەرزەکەی خۆی، من چاوەڕێی ئەو کەسەم.

من زۆر دۆسـتی شـیعرو رۆمانم، هەرچۆن دۆسـتی ئەوانـم، ئاوایش نەیاری سیاسـەت و رۆژنامەکانم، بەس چـی بکەین کچـم؟ لەوڵاتێکدا دەژیین هەمیشـە دەبێت ئـەو کارە بکەیـن کـە خۆمـان نەمانەوێـت، حەزمدەکـرد دوور لـەم جەنجاڵییـە لـە گوندێکـی بچـوك کوخێکـم هەبووایـە سـەرقاڵی باخێـك و رۆمانێـك و شـیعرێك

بوومایە، بەڵام ئەوەندە برین دەبینی لەم وڵاتەدا، ناتوانی فەرامۆشیانبکەیت. تۆ دەتوانی شیعر بنوسی و باکت بەوە نەبێت منداڵێکی هەژار لەسەر شەقامەکان بەشوێن مشتێك پێکەنیندا بگەڕێ؟ تۆ دەتوانی دووربکەویتەوە لە خەمی ئەو ژنە بەستەزمانانەی هەموو گیانیان برینە و کاردەکەن؟ تۆ دەتوانی ئەو ماڵە روخاوانە لەبیربکەیت، کە خاوەنەکانیان ناتوانن دروستیانبکەنەوە؟ من نەمتوانی ئەمانە لەبیربکەم، بۆیە پێمباشبوو نزیکبم لەم خەڵکە، تاکو نزیك بم لە شیعر و رۆمان و کارێکی دیکە، کە کارێك بوو جێی خۆشحاڵیم نەبوو، هەر ئەمەیشە وا دەکات نەچمە ئەو کوخەی خەونی پێوەدەبینم. هەمیشە وا بڵێ:

" لەهەر شوێنێك ماڵە هەژارێکتان بینی، ئێمە منداڵی ئەو ماڵەین." بۆ من ئەمە مەزنترین شیعرە، هەر ئەمەیشە وا دەکات نەبمە شاعیرو ببمە رۆژنامەنوسێك، کە هیچ دڵم پێیخۆشنییە.

به ئومێدی گەورەبوونت...

# نامەی هەشتەم

## کۆیلەکان شارستانییان نییە.

نیگەرانم.. زۆریش! نیگەرانییەکەم پەیوەندیی بە خۆمەوە نییە، پەیوەندیی بەوەوە هەیە ئێمە زۆرشتمان نەبووە. هەندێك جار دڵی خۆم خۆشدەکەم و دەڵێم: لەوانەیە بۆیە شارەستانیی گەورەمان نەبووبێت، چونکە شارستانیی ئێمە خۆڵ بووە و لە ناوچووە! بەڵام، خۆ ئەم قسەیەم دادی ئەو دڵخۆشییە نادات،

تۆ تەماشای میللەتەکان بکە و تەماشای خۆشمان بکە، ئەوەی هەمانە هیی خۆمان نییە. ئاشورییەکان چوونەتە هەرشوێنێك، بەشێکی شارستانیی خۆیان بەجێهیشتووە. رۆمەکان و یۆنانییەکان و بابلییەکان... هەمووان، هەموو ئەمانە لەم مەملەکەتەی ئێمە گوزەریانکردووە، شوێنەواری ئەوان لەسەر خاکەکەی ئێمە جێماوە، ئەوەی جێنەماوە، تەنیا شوێنەواری خۆمانە!

ئێستا هەر شوێنەوارێك بدۆزرێتەوە، جگە لە خۆمان هیی میللەتەکانی ترە، دەبێت ئێمە بۆ وا بووبین؟ هەندێك دەڵێن: پەیوەندیی بە ئاینەکانەوە هەیە، بەڵام ئەم قسەیە جێگەی پێکەنینە، چونکە کاتێك ئاینەکان دروستدەبن کۆتایی شارستانییەکان هاتووە. شارستانیی راستەقینە پێش ئاینەکان دروستبوو، ئاینەکان کە هاتن مرۆڤیان کۆکردەوە، نەك شارستانییەکان. باشە پێش ئاینەکان چیمان هەبووە؟ پیاوێك دەڵێت: هەموو شارستانییەکان کۆیلەکان دروستییانکردوون، یانی کۆیلەکان بەس خۆیان شارستانییان نییە، ئەگینا رەنجی شانی ئەوانە شارستانی بۆ میللەتەکانی دی دروستبکەن.

با وای دابنێین؛ ئێمە یەکەمین میللەتین لەم مەملەکەتەدا، باشە میللەتە یەکەمەکان نابێت شتی مەزن لە دوای خۆیان بەجێبهێڵن؟ بچۆ ناو مۆزەخانەکان بگەڕێ، کەمترین شت هیی ئێمەیە، زۆر باوەڕم بە مێژوونوسەکانی خۆمان نییە، ئەوان مێژوویان کردووەتە حکایەت و ستایشکردن. باوەڕم بەو شارستانییانەیە پاش میللەتەکان بەجێدەمێنن.

بۆ ئەوەی لە ڕەسەنیی میللەتێك بگەیت، سەیری شارستانییەکەی بکە. سۆمەرییەکان مرۆڤیان فێری نوسین کردو خوداکانیان لە ئاسمانەوە هێنایە سەرزەمین. بابلییەکان شاریان دروستکرد، سامییەکان مرۆڤیان کردە خودا و مەعبەدی گەورەیان دروستکرد بۆ پەرستنی ئەو خودایە. یۆنانییەکان ئەفسانەیان داهێنا و عەقڵیان کەشفکرد و دەوڵەتشاریان دامەزراند و میراسێکی گەورەی فیکرییان لەپاش خۆیان بەجێهێشت. ڕۆمەکان ئیمپراتۆریەتیان دروستکرد، فارسەکان فەرهەنگ و مۆسیقا و هونەر و بیناسازییان دۆزییەوە. ئەی پێمندالێیت لە نێوان ئەمانەدا ئێمە چیمان کرد؟!

من دەزانم، ئێمە چەند بێشارستانیین، عەرەبەکانیش وەك ئێمەن، دەزانی بۆچی ڕوومان لە کێوەکان کردو

شارەکانمان دوورخستنەوە لە ئاوەکان؟ بۆ ئەوە بوو دووربکەوینەوە لە سوپا داگیرکەرەکان. هەمیشە شارەکان لە تەنیشت روبارو ئاوەکانەوە دروستدەبن، سوپاکانیش بۆ ئەوەی توشی کێشە نەبن لەتەنیشت روبارەکانەوە گوزەریاندەکرد. بۆ ئەوەی نەکەوینە بەر ئەو شاڵاوانە، شارەکانمان دوور لە ئاوەکان دروستکران و بەشێکیشمان روویان لە کێوەکان کرد. ئەو میللەتانەی لە نزیك کێوەکان دەژین، ئەو میللەتانەن خۆیان پاراستووە لە شەڕەکان، بۆ خۆپاراستن لەو شەڕانە، ئێستا شارەکانمان توشی کێشە بوون، چونکە دوورن لە ئاوەوە، هەر شارێکیش دووربێت لە ئاوەوە، ئەو شارە بەشێك لە شاربوونی خۆی لەدەستدەدات.

من زۆر باوەڕم بە ستایشکردنی میللەتەکەمان نییە، دوو شتی گەورە لەم مەملەکەتەی من و تۆدا هەن؛ ئەوانیش دوو قەڵان لە دووشاردا، هیچیان بە دەستی کورد دروستنەکراون. ئیماراتەکانمان لەبری دروستکردنی شوێنەواری گەورە هیچیان لەدوای خۆیان بەجێنەهێشتووە. کۆمارە بچوکەکانمان و دەوڵەتە بچوکەکانمان لەبری بەجێهێشتنی شتی گەورە، حکایەتو شیعری ستایشئامێزیان بۆ بەجێهێشتووین!

ئێمە کۆنترینین لەم ناوچەیەدا، بەڵام کەمترین شتمان لێبەجێماوە. تۆ نیگەران نابیت بەم حاڵەتە؟

ئازیزم...

کاتێك ئەسکەندەر لەم گوزەرەوە تێدەپەڕێت، مێژووی ئەم گوزەرەش لەگەڵ سوپاکەیدا دەنوسێتەوە، خەیرە ئێمە میللەتێکی نیشتەجێبووبین و مێژووەکەی خۆمان وەك خۆی نەنوسیوەتەوە؟ هەمیشە ئەو میللەتانەی نیشتەجێن و گوزەرناکەن، باشتر بیردەکەنەوە و باشتر شتی مەزن دەکەن، بەس ئێمە بۆ ئەمەمان نەکردووە؟ بیربکەرەوە هێشتا لە سەردەمی مندا شارمان نییە، جا دەبێت دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا چیمان هەبووبێت؟!
دەزانی؟ من باوەڕم وایە ئەوەی دەوڵەت دروستدەکات شارە، رۆما ئیمپراتۆر دروستدەکات، ئەسینا یۆنان دەکاتە شارستانی، تاران ئێران دروستدەکات، هەر بەو جۆرە دەیان شار دروستدەبن و دەیان دەوڵەتی مەزنیش لەدوای خۆیان دروستدەکەن، ئێمە هێشتا شارمان دروستنەکردووە تا بیر لە دەوڵەت بکەینەوە. شاری بچوکمان هەیە، شارەکانمان ئەوەندە بچوکن زۆربەمان یەکتر دەناسین، ئەمە پێیناوترێت شار، بۆیە دەبێت

چاوەڕێبکەیـن تـا شـار دروسـتبکەین، ئینجـا خەونی گەورە ببینین.

لەگەڵ ئەو تێزە کۆکم، شـار دەوڵەت دروسـتدەکات. ئومێددەکەم لە ئایندەیەکی نزیکدا شـارمان هەبێت، بۆ ئـەوەی دەوڵەتیش بەشـوێنیدا هەبێـت، ئاخر دەوڵەت بۆ ئێمە بووە بە برین و هەمـوومان پێیەوە دەتلێینەوە.

ئەوەیـش راسـتە، کە ئێمە گەر کۆچـەری نەبووبین شارنشـین دەبوویـن، ئێمـە گـەر کۆیلـە نەبووبیـن شارسـتانیی مەزنمـان دەبـوو، رابوردوومـان بەروونـی دیـار نییـە، بۆیـە شارستانییشـمان دیـار نییـە. دەبێت بیرتبخەمەوە؛ ئەوانەی لە کێوەکان دەژین ماسـولکەیان بەهێزتـرە لـە عەقڵیـان، رەنگـە رۆژێك بێـت (زۆرێك) لەم قسـانەم نیگەران ببن، بەڵام ئیدی ئەمە بەشـێکی راسـتییەکانە و دەبێـت بیزانین، بـۆ ئەوەی مێژوویەکی نـوێ دروسـتبکەین، دەبێـت ئیـرادەی ئەوەمـان هەبێت مێژووی رابوردوومان باش بناسین، کە چ بۆ شاییەکە، لەو بۆشاییەدا مێژوو دروستبکەینەوە.

بەهیوام سەردەمی تۆ شارستانیی دروستببێت.

# نامەی نۆیەم

**ئەم سەرزمینە موڵکی منە، چونکە تۆی لەسەرە... کچەکەم!**

رێـك وەك پیاوانی پێش خۆمان، دووبارەی دەکەمەوە و بڵێم:

ئەگـەر هەژاری سـێوێك بووایە بـە گاز دەمخوارد، بۆ ئەوەی کەسی تر تامینەکات و هەست بەو ئازارەی نەکات، رەنگە بۆ هەندێك هەژاری لە شتەکانی ژیاندا

بێت، بۆیە دەبێت هەمیشە قسە لەسەر شتەکان بکەین تا لە هەژاری بگەین، بەڵام بۆ من لە بیرکردنەوەدایە، هێشتا نازانم چەند گێلم، بەڵام دەزانم ئەوەندەش گەمژەنیم دڵم بە بەختیارییەکی بچوك لە فڕین بدا. ناکرێت بۆ ئەوە بژیین ژیان ببێتە سێبەرێك و تێیدا بحەوێینەوە، باشترە لەبری ئەوە خۆمان ببین بە سێبەر بۆ ئەوەی ڕێبوارەکان لەژێر ئەو سێبەرەدا بحەوێنەوە، گەورەکان دەڵێن: ژیان بۆ (هەموومان)، گەمژەکانیش دەڵێن: ژیان بەس بۆ (من)، تۆ کامەیان هەڵدەبژێریت؟ سەیربکە، میراسی کەسێکی چاکەکار زۆر باشترە لە میراسی پاشایەك، خەزنەکەی خۆت پڕبکە لە چاکە، بۆ ئەوەی کەمترین خراپە ببینی.

ژیان شتێکە وەك خەنجەرێك، تەنیا ئەوانە بیماردەکات خەمی گەورەیان هەیە، خۆ ئەگەر یادەوەریمان هەڵەمان لەگەڵ نەکات، زۆرشت ڕوودەدات لایەق بەوەیە لەسەری بژیین و لەسەری بمرین. هەژارییەکی بە شەهامەت باشترە لە پاشاییەکی بە ڕۆح کۆیلە. ئەوانەی دەستیان درێژدەکەن بۆ ئەوەی کەمێك ژیانیان بدەیتێ، خراپترن لەوانەی لەسەر ژیانی خەڵکی تر دەژین، هەژاری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە قایلە بەوەی دەیبینێ و قایلە

بەوەی عارەقی نێو چاوانی خۆی ببینێ، نەك دەستی والأبكات بۆ كەسانی دی.

ئازیزم... تا خۆت هەژاریی راستەقینە نەبینی و درك بە بیمارییەكانی نەكەی، تێناگەیت خۆشبەختیی راستەقینە لە هەژاریدایە، نەك لای كەسی تر. ئەگەر ویستت دڵپاكی ببینی، برۆ لە ماڵە هەژارێك بۆی بگەڕێ، گەر ویستیشت ژیان بە فێڵ و پیسییەكانیەوە تامبكەی، ببە بە هاوڕێی سەرمایەدارێكی نوێ. من باسی خانەدانەكان ناكەم، باسی ئەوانە ناكەم خانەدانییان لە رەچەڵەكیانەوە بۆ ماوەتەوە، باسی ئەوانە دەكەم كتوپڕ دەبنە سەرمایەداری گەورە! وای لەو ژیانە چەند بۆگەنە كە سەرمایەدارە نوێكان دروستیبكەن! چێژی راستەقینە لە هەژاریدایە، لە تەنانێك شك ببە و سەرت بەرزبكەرەوە، مەزنتری لەوەی كۆشكێكی بەرزت هەبێت و سەرت نەویبكەیت.

واران گیان...

بیر لەوە نەكەیتەوە من چەپ بم و دژی سەرمایەدارەكان بم، راستییەكەی بۆ من هەرشتێك بووە ئایدۆلۆژیا، ئیدی پێمخۆشە هەزار هەنگاو لێیەوە

دووربم. هەر ڕۆژێك بینییت شـار بۆگەنیکردبوو، ئەوە بزانە یان ماڵی سـەرمایەدارێك پاکدەکەنەوە، یان ماڵی چەپێـك، یان ماڵی نوسـەرێکی ستایشـکەر. هەرچۆن پێویستە شارەوانیی شارەکان پاشماوە پیسەکان فڕێبدەنە دەرەوەی شار، ئاوایش پێویستە ئایدۆلۆژیاکان فڕێبدرێنە دەرەوەی ژیان. کە شـەپۆلی ئایدۆلۆژیا گەیشـتە هەر شـوێنێك، ئەو شـوێنە پێویسـتە بشـۆررێت، بـۆ ئەوەی بۆگەنییەکـەی مرۆڤـەکان نەخۆشـنەخات. ئایـن زۆر جـار عەقـڵ لە مرۆڤ دەسـێنێتەوە، بـەڵام ئایدۆلۆژیا هەمـوو شـت لە مـرۆڤ دەسـەنێتەوە. سـەرمایەداریی نایاسـایی جگـە لەوەی لـە مرۆڤمان دەخـات، ژیانیش پیسـدەکات. خۆشـترە بـۆ مـن، ماڵم لەنـاو دۆزەخێکی پڕ لە ئازاردابێت، بەڵام دراوسـێی سـەرمایەدارێك نەبم لەسەر ژیانی کەسانی دی خۆی دەرخستبێت.

خـۆ ئـەوەش دەزانـم کـە هەمـوو کـەس دەیەوێـت لە دەرگاکانـەوە بچێتـە ژوورەوە، بـەڵام کلیلـی دەرگا ڕاسـتەقینەکان لای ئـەو کەسـانەیە کـە ڕاسـتەقینەیان خۆشـتردەوێت لـە دنیایەکـی تـر. ئەگـەر لێمبپرسـی دۆزەخت دەوێت، یان ژیانێکی شـاهانە لەسـەر بنەمای ژیانی کەسانی تر؟ مەیلی ئەوە دەکەم سەرێك لە دۆزەخ

بدەم. ئەوانەی لەم جیهانەدا ژیانیان لێسەنراوەتەوە لە شوێنێکی تر ژیانیان پێدەبەخشرێت. نامەوێت لەسەر وەهم بژیم، بەڵام نایشمەوێت لەپێناوی ئەوەدا ژیانبکەم شەهامەت لەدەستبچێت.

کچەکەم سادەیی زۆر گرنگە، هەمیشە لە خەیاڵماندا بێت، ئەگەر زانیت کارێك دەکەیت ئەو کارە دەتکاتە مەلیکەی وڵات و سادەییت لێدەسێنێتەوە، باشترە بیر لەوکارە نەکەیتەوە. ڕەنگە بۆ تۆ قورسبێت بتوانی ئەم هەموو شتە بکەیت، بەڵام بیشزانە تامی ژیان لە سادەییەکەیدایە.

تەماشاکردنی گوندێك بە سادەیی، چێژی زیاترە لەوەی کۆشکێکی گەورەت بۆ بنەخشێنرێت، نابێت وابیربکەینەوە هەموو شت بۆ ئێمە دروستکراوە، هەندێك جار باوەڕم وایە هەرچی مرۆڤ دەستی لێبدات ناشیرین دەبێت، واتا دەمەوێت پێتبڵێم: دەست لە سروشت مەدە، با جوانییەکانی نەشێوێن، خۆ گەر هیچت پێنەکرا، بۆ ئەوەی هەمیشە سادە و دڵئارامبیت، سەیری شینایی ئاسمان بکە.

وا بیربکەرەوە لە هەر شوێنێك بیت زەمین هیی تۆیە و ئاسمان هیی تۆیە، وەك شاعیرەکەی گوندی

چناران، گەر قاچت خستە ناو روبارێکەوە بیریش لەوە بکەرەوە لە خوارەوە کەسێکی دی ئاوی لێدەخواتەوە، خۆی وتەنی دەڵێت "با ئاوەکە لیخن نەکەین، نەکا لەوخوارەوە دەروێشێك نانێکی پێتەڕبکات". با وا بین کچەکەم، بە جۆرێك سەیری ژیان بکەین وەك ئەوەی بارینی خۆشیبێت بەسەر هەمواندا، ئەوەی بۆ خۆمان دەمانەوێت بۆ ئەوانی تریش بمانەوێت، وەلێ بە پاکی، نەك بە جۆرێکی تر.

من دڵنیام هەنگاوەکان زۆر قورسن، بەڵام کەسی چاکەکار هەنگاوی سوك ناهاوێت، زۆری دەوێت تا دەبیتە کەسێکی مەزن، بەس بە چرکەیەك دەتوانی ئەو مەزنییەت لەدەستبدەیت.

کچەکەم دەبێت تۆ سادەبیت وەك هەژارێکی دڵپاك، تا بە جوانی بمێنیتەوە.

# نامەی دەیەم

**لێگەڕێ با خۆمان بین و دووربین لەوێنە دروستکراوەکانەوە.**

واران گیان....

هەندێك هەن بوونیان سوکایەتییە بۆ ئەم ژیانە، گەر کەسێك نە توانێت شتێکی باش بۆ ئەم دنیایە بکات، خۆ باشترە شتێکی خراپ نەکات، بەڵام ئەوانە نە خراپەی گەورە دەزانن و نە چاکەی گەورە، بۆیە جیهانیان

بچوککردووەتەوە بۆ مێشکە بچوکەکانی خۆیان.

دەبێت هەمیشە بەوانەی بڵێیت: "سەری تۆ زۆر بچوکە، ناگاتە کڵاوەی ئەژنۆم." ئەگەر لەناو بیرکردنەوەی هەرکەسێکدا بتێك هەبوو، ئەوە ئەو کەسە ناتوانێت ببێتە بتشکێن. خۆت دەزانی بتەکان زۆرن و جۆریان زۆرە، راستە سەردەمەکە سەردەمی سوژدەبردن نییە، بەڵام هێشتا سەردەمی پاڕانەوە و بێئیرادەیی تێنەپەڕییوە، تۆ سەیرکە برێك لە مرۆڤەکان ئەوەندە لاوازن هێشتا باوەڕیان بەوەیە رەعیەتیی کەسانێك بکەن، کە ئەو کەسانە خۆیان لە ناخدا رەعیەتی شوێنێکی ترن!

من باوەڕم وایە مرۆڤ یان نابێت ببێتە جەنگاوەر، یا کە بووە جەنگاوەر دەبێت شمشێرەکەی تیژبێت.

ئازیزم... کەسی وا هەیە جگە لە چەمۆڵە و ددانی تیژ، هیچی تری نییە بەکاریبهێنێ! یانی، دەمەوێت پێتبڵێم: کەسانێك ماون لە شێر دەچن، شێر بەومانایەی نا، کە پادشای دارستانە، بەڵکو بەو مانایەی بەس چەمۆڵە و ددانی بەکاردەهێنێت، بیریشتنەچێت بێعەقڵترین گیانەوەر لەم سەر زەمینە شێرە، چونکە چەمۆڵە و ددانەکانی لێبسەنەوە دەبێتە گاڵتەچیی

سمۆرەکان، هەر کەسێکیش هەموو شانازییەکەی ماسولکە بەهێزەکانی دەستی بوون، ئەو کەسە لە توخمی کۆیلەکانە.

لەوانەیە رۆژێك بێت خەڵکانێك تانەت لێبدەن، کەسانێکیش بەس سوکایەتی بزانن و خەڵکانێکیش ستایشت بکەن، تۆ هیچ لەمانە وات لێنەکات شکستبهێنی یان بفڕیت. هەمیشە ئەوەی لە ناختدایە با ئەوە بیت، نەك ئەوەی کە لە دەرەوە بۆت دەنەخشێنن. گەر ویستت کەسێك بناسی هەوڵبدە خۆت بیناسی، نەك لە زمانی کەسەکانی ترەوە، ئەزمونی ژیان فێرتدەکات بەردەوام زمانی کەسی سێیەم کێشەیە نەك خۆشبەختی، سەربەرزی ئەوەنییە خۆت لە کەسەکانی دی جیابکەیتەوە، سەربەرزی ئەوەیە خۆت چۆنی، بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەیت لەگەڵیان.

من کەسێکی عادەتی نیم، زۆرشت لەم ژیانە عادەت دروستیدەکات، خێزانەکان کۆڵەکەی یەکەمی عادەتن و کۆڵەکەی یەکەمی کۆمەڵگەن، بە چ عادەتێك پەروەردەیانکردی، ئەوە دەبێتە بەشێکی ژیانت، ئەو شتانەی لە منداڵیدا فێرتدەکەن لە گەورەییدا دەبنە دینەمۆیەك بۆ بیرکردنەوەت، هەموو حکایەتێك پاڵەوانی

خۆی هەیە، هەموو کەسێکی مەزنیش منداڵییەك لە ناخیدایە.

هەرگیز وا نەکەیت ببیتە شەرمەزارییەك بۆ ئەم جیهانە، زۆرجار هەوڵی ئەوە دەدەیت خۆت دەربخەیت، گەر زانیت بەشتی گەورە ناتوانی خۆت دەربخەیت، بە شتی بچوك خۆت دەرمەخە، خەڵکە ژیرەکان هەرگیز رازینابن بەشتی بچوکەوە خۆیان دەربخەن. تەماشاکە هەندێك هەن هەمووکارێکی ناشیرین دەکەن و ناوە ناشیرینەکەی خۆشیان دەبیسنەوە، هێندە ئاستیشیان لاوازە بوونەتە تۆپەڵێك لە زمانی پیس، بەڵام چونکە لە ناخیاندا کۆیلەیەك خەوتووە، ئەو هەنگاوانەی خۆیان بە گەورەیی دەبینن! چەند مایەی پێکەنینن ئەوانەی لە بچوکیی خۆیانەوە سەیری خەڵکی دی دەکەن!

نەخۆشەکان زۆرن کچەکەم، بەس ئەوانە نەخۆش نین لەناو نەخۆشخانەکاندا دەیانبینی، نەخۆشە راستەقینەکان ئەوانەن ناچنە ناو نەخۆشخانەوە، گەر ویستت نەخۆشێکی گەورە ببینی لە دەرەوە بۆی بگەڕێ نەك لەناو نەخۆشخانەکاندا، جەستەی هەمووومان ماندوودەبێت و پێویستی بە تیمارکردن هەیە، گشت تیمارکردنێکی جەستە چاکبوونەوەی لە دواوەیە،

بـەڵام گـەر پەروەردەمـان تەندروسـت نەبـوو، بـەردەوام بـە نەخۆشـی دەمێنینـەوە. زۆرن ئەوانـەی پەروەردەیان تەندروسـت نییەو درك بە لاوازیی خۆیان ناکەن، کاتێك کەسـێك دەبینـی هەوڵـی شـکاندنی هەیبەتـت دەدات، دوعابکە نەبیتە قەساب پارچەپارچەی بکەیت، چونکە ئـەو خـۆی پارچەپارچـە بـووە، بۆیـە دەیەوێت لەسـەر میراسی تۆ خۆی دەربخات.

دەزانی؟ دوژمنەکەت کەسـێکی بە شـەهامەت بێت باشـترە لە کەسـێکی بچوك، بەردەوام دوعابکە ئەوەی رقـی لێتـە کەسـێکی گەورەبێـت، بـۆ ئـەوەی شـەڕی گـەورەت لەگـەڵ بـکات. بـەڵام، داخەکـەم زۆر کـەم روودەدات رووبـەرووی دوژمنێکـی پایەبـەرز ببیتـەوە، بۆیـە کـەم روودەدات کاری مەردانەت دەرهەق بکرێت، بۆیە ئەم شـتانەت پێدەڵێم: دەزانم لە نیشـتیمانێك دێیتە دنیـاوە پـڕە لە کەسـی بچوك و تیـری بچوك، هەرگیز رووبەرووت نابنەوە، چونکە کەسی ناو روناکی نین.

کاتێك دێنە بەردەمت تۆ خەوتوویت و ئاگات لە کارە چەپەڵەکانیـان نییـە، مەردایەتییـان تێـدا نابینی، بۆیە نامەردانـە بـەردت تێدەگـرن، بەس خۆشـبەختی ئەوەیە ئـەو کەسـە بچوکانـە هەرچی بکەن تۆ گـەورە دەبیت،

ئەوەندە بێئابڕون تەنانەت دەستدەخەنە ناو ژیانتەوە، جگە لـە تۆمـەت و زمانێکی پیس هیچی تر نین، بۆیە لەو کاتانەدا وەك ئاسکێك بازدەدەی بەسەریاندا و دەچیتە ئەو شوێنەی خەونی پێوە دەبینی. ئەمانە دەبێت هەموویان ئەزمـون بکەیـت، بـۆ ئـەوەی بتوانیت بەردەکـە ببەیتە سـەر کێوەکـە، نابێت هیچ کام لـەو کردەوانەش تەنانەت ڕەوتـی ڕێکردنیشـت بگۆڕن، نەك بیرکردنـەوەت. لەبەر ئەوە من باشدەزانم لەناو هەموو جەنگەڵێکدا باڵندەیەکی دەنگخۆش هەیە، تۆش دەبێت ئەو باڵندەیە بیت.

جارێ ماڵئاوا

# نامەی یازدەیەم

## جەند حەزدەکەم لە چاوەکانتدا گوندەکەمان ببینم!

دەزانی؟ هەندێك جار بۆئەوەی پاکیی خۆمان بناسین، دەبێت سەیری منداڵی بکەین، منداڵی نیشتیمانێکە هەموو کەس هەیەتی، بڕێکمان منداڵیمان بە سادەیی گوزەراندووە، بۆیە دەبێتە شوێنی راستەقینەی داهاتوومان. هەر کاتێك قاچمان خستە ناو منداڵییەوە، هەست بە نیشتیمان

دەکەین، لە هەر شوێنێك منداڵییت تێپەڕاند، ئەو شوێنە نیشتیمانتە، چونکە پاکی و دڵشکاندنەکان هەر لەو شوێنەوە دەستپێدەکەن. جوانترین منداڵییش ئەو منداڵییە نییە لەناو کۆشکەکاندایە، بەڵکو ئەو منداڵییە لە گوندێکەوە دەستپێدەکات، چونکە منداڵی لە سروشتەوە نزیکە، نەك لەو شتانەوەی مرۆڤەکان دروستیدەکەن، هەر بۆ ئەوەی لە سروشتیش بگەین، دەبێت منداڵیی خۆمان بناسین.

کچەکەم..

بیرتنەچێت ئێمە گوندیین، زۆریش گوندیین، بە رۆح و بە گیان گوندیین، چوونمان بۆ شارەکان هیچ لە گوندیبوونمان ناگۆڕێت، بۆ کەسانێك شەرمە ددان بە گوندیبوونی خۆیاندا بنێن، بەس بۆ ئێمە شەهامەتە باسی گوندیبوونی خۆمان بکەین، چونکە باوەڕمان بەوە نییە بە دەمامکەوە سەیری ئەم ژیانە بکەین. زۆر گوندییانە دەموچاومان بە ئاوێك دەشۆین و دەچینە ناو شارەکانەوە. شارەکان جۆریان زۆرە، شاری واهەیە هەرگیز رێگەت پێنادا ببیتە هیی ئەو شارە تا شتێکی گەورەت لێدەردەچێت، کە بوویتە

شتێکی گەورەش، ئیدی دەتکاتە پاڵەوانی خۆی! ئەم جۆرە شارانە مێژوویەکی کەمیان هەیەو هەمیشە بۆ پاڵەوان دەگەڕێن، ئەم شارە تازانە بازدەدەن بەسەر شارە کۆنەکاندا و مێژوویەکی نوێ دروستدەکەن، کە دەبێتە بالاترین مێژوو، بەڵام هەرگیز ئەوەیان بیرناچێت شاری و گوندی لەیەك جیانەکەنەوە! لە کاتێکدا ئەوەی شار دروستدەکات گوندەکانن، نەك شارەکان خۆیان.

قەت بەوە دڵخۆشنەبی ئەم شارانە بتکەن بە هیی خۆیان، چونکە تۆ گوندییت، لە هەر شوێنێك بوویت ئەوەت بیرنەچێت رۆحت لە گوندەکەمان بێت.

شاری مێژووییش هەیە، ئەم شارانە ئازاری غەریبەکان نادەن، چونکە لەسەر مێژووی خۆیان دەژین و هەموو کەسێکی تازە بۆ ئەوان غەریبەیە و خەڵکە رەسەنەکەی لە مێژوودا دەژین، ترس لەم جۆرە شارانە ئەوەیە دەوەستن و هەموو شانازییان دەبێتە ئەوەی، باس لە مێژووەکەیان بکەن، هەر شارێك عەزیەتی غەریبەکانی نەدا، ئەو شارە باکی لە ئایندەی خۆی نییە، غەریبەکان ئەوانەن دێن بۆ ئەوەی دەستکاریی شار بکەن، بەس شاری مێژوویی، چونکە خۆی

لەسەر عادەتەکانی دەژی لەبری ئەوەی بکەوێتە شوێن عادەتی غەریبەکان، غەریبەکان دەهێنێتە سەر عادەتی خۆی، ئێمە هیی ئەم شارانەش نیین، ئێمە هەمیشە گوندییین و بەو رۆحە گوندییەوە شارەکان تەیدەکەین.

شاریش هەیە لەگەڵ خۆی دەتبات، لە نیوی تەمەندا تێدەگەیت تۆ چیت بەسەرهاتووە. وای لەم شارانە چەند مەترسین بۆ ئەو غەریبانەی بە بێهۆشی دەکەونە ناویانەوە، بەڵام ئەگەر بەو رۆحە گوندییەی خۆمانەوە گوزەربکەیت، لەبری ئەوەی شارەکان بتبەن تۆ ئەوان ئەزمون دەکەیت، باشترین موسافیر ئەو موسافیرەیە شارەکان ئەزمون دەکات، نەك شارەکان لەگەڵ خۆیان ببەن، بۆیە ئەم بنەڕەتەی خۆمانت پێدەڵێم: بۆئەوەی هەرگیز بیر لەوە نەکەیتەوە بە گەشتێکی بچوك رۆحە زیندووەکەی خۆت لەبیربکەیت. چەند شانازییە لەگەڵ هاوڕێ شارییەکانت باس لە گوندەکەی خۆمان بکەیت، ئەوەندەش شانازییە بۆ من کە گوندییانە هەڵکەوتووین.

رۆحی زیندوو تەنیا ئەو رۆحە نییە، کە ئەوانی تر دەکاتە سێبەری خۆی. رۆحی زیندوو جار بەجار، ئەو

ڕۆحەیــە لــە هەرشــوێنێکی ئەم دنیایە بێــت، خۆیەتی و خــۆی لــە بیرنــاکات. دەزانی؟ بڕێك هــەن بە چەند ساڵێك ئەسڵی خۆیان لەبیردەکەن! ئەوانە لەو کەسانەن کە ناتوانن لە هیچ شوێنێك خۆیان بن، بۆیە شوێنەکە دەیانکات بە هیی خۆی. بۆ ئێمە شــەرم نییە شــاری نییــن، بــۆ ئێمــە شــەرمە خۆمان بکەین بە شــاری بۆ ئــەوەی لێمانرازیبــن. ئــەوەی بــۆ تــۆ گرنگە ئاســتی بیرکردنەوەتە نەك ئاستی ئەو شوێنەی تێیدا دەژیت و تێیدا گەورە دەبیت.

لەوانەیــە نیگــەران بیــت کــە باســی شــوێنەکان دەکــەم، بــەس مــن بــاوەڕم وایــە ئەســڵ بــوون شــتێکە هەمــوو مرۆڤێــك هەیەتــی و شــوێنی بــاو باپیرانــی لەبیرنــاکات. هــەر جارێکیش شــارییەکت بینی تانەی لــە گوندیبوونــت دا، ئەوە بزانــە هەنگاوێکی گەورەت نــاوەو لە غــروری ئەوت کەمکردووەتــەوە، بۆیە تانەت لێــدەدات. ڕاســتییەکەی گوندییــەکان کــە دێن عادەت لەگەڵ خۆیان دەهێنن، شــاری ڕاســتەقینە لەو عادەتە ناترسێت، بەڵام شاری بێمێژوو هەمیشە لەوە دەترسێت عادەتەکان بیبەن، بۆیە بە تانەوە سەیرتدەکەن.

هەمیشــە شارەکان مرۆڤ پیســدەکەن، چونکە پڕن

لە ڕەنگی جۆراوجۆر. ئەو ڕەنگانە چەندیان بە ڕۆحی تۆ دەشێن؟ بۆ ئەم وەڵامە دەبێت خۆت ڕۆحت ئەزموون بکەیت. ئەوانەشی بۆ ڕۆحی تۆ ناشێن، پێویستە فەرامۆشیان بکەیت، نەك ئەزموونیان بکەیت.

هەرجارێك ماندوو بوویت، بۆ ئەوەی بەردەوام هەوایەکی پاك هەڵبمژی، باشترە بچیتەوە بۆ گوندەکانی بنار کێوەکان. دەزانی؟ بڕوام بەو قسەیە هەیە کە دەڵێت: خودا زۆر نزیکە لە گوندەکانەوە. هەوای پاك، جۆگە ئاوی سادە، سێبەری باخەکان، فڕینی چۆلەکەکان، هەموو ئەم شتانەی لە گوندەکاندا هەن ئەوەندە نزیکت دەکەنەوە لە سروشت گوێت لە دەنگی ڕاستەقینەی ئیمان دەبێت، گوێت لە منداڵی دەبێت، شەوان کە سیسرگێك لە پشت پەرژینی کوخەکەوە گۆرانیدەڵێ، تامی شەو جۆرێکی ترە! بەیانییان کە گوێت لە دەنگی کەڵەشێرێك دەبێت ڕۆحت نەشئەدەکات! نیوەڕوان لەسەر سفرەی بەر هەیوان هەست بە خوانی ماڵە باوان دەکەیت و دەمەوعەسران چایەکی تاڵ شیرینی دەخاتە ناو ژیانتەوە، ئەوەی لە گوندەکان تامیدەکەی هەر ئەوەیە کە بووبیتەوە منداڵێکی ڕاستەقینە، ڕۆحت بە سادەیی دەمێنتەوە

و هیچ جەنجاڵییەکی شارەکان ناتبات لەگەڵ خۆی، کچم بۆیە ئێمە گوندیین، بۆ ئەوەی شارەکانیشمان خۆشبوێن.

بەهیوام هەمیشە باشبی و گوندییانە شارەکانت خۆشبوێن.

# نامەی دوازدەیەم

**ئازیزم واران......**
**مردن جوانترین گاڵتەکردنە بە ژیان.**

سنوورێك هەیە بۆ خۆشبەختی، سنوورێکیش بۆ دڵتەنگی و بۆ ژیانیش، ئەگەر ژیان یەك ڕەنگ بووایە کەس نەیدەویست، ئەگەر خۆشەویستییەك لەناو ژیاندا نەبووایە بەردێك سەنگینتر دەبوو لە مرۆڤێك. ئێمە هەموومان لەتێکمان بووە بە بەرد، لەتێکیشمان

بەشـوێن شـتێکی دیدا وێڵە! کتوپڕ شـتێك ڕوودەدات و زۆر شتی دی دەگۆڕێت. لەوانەیە زۆرێکمان باوەڕمان بـە گۆڕانێـك نەبێـت، بۆیـە هەمیشـە دەچینەوە سـەر یادەوەرییـەکان و ئەوکەسـانە بـەو شـێوەیە دەبینیـن کـە سەرەتا بینیومانن. ئەو مرۆڤانەی گۆڕانێك لە ژیانیان ڕوونـادات و هەمیشـە لەگـەڵ عادەتەکانـدا دەڕۆن، جێگـەی دڵتەنگـی نیـن، ئەگـەر خراپتریـن تیریشـت لێبگرن، ئەوان بێئاگان لە زۆرشت، بۆیە تیر دەهاون.

دەزانی؟ زۆر قورسە کەسێك بە هۆشیارییەوە بریندارت بکات؟ سـەختترین برین ئەو برینەیە کەسێکی هۆشیار دەیخاتە سـەر گیانت، لەوانەیە ڕێگەمان بکەوێتە سـەر لێرەوارێـك و بکەویـن و هەڵنەسـینەوە. ئەوانەی خەونی گەورەیان نییە هەمیشە دەڵێن: تا ئێرە بەسە! ئەوانەیش بۆ شـتی گەورە دەگەڕێن دەڵێن: لێرەوە دەسـتپێدەکەین. ئەم دوو قسەیە زۆر جیاوازن لە یەکەوە و زۆریش قورسە مرۆڤ بتوانێت هەموو کات بەو کاتانە سەیربکات کە سەرەتایە و دەستپێدەکات.

واران گیان

پێمخۆشە خۆت بێیتە ئەم ژیانەوە و ببینیت، دەست لە خۆشەویستی بدەیت و بۆنی برینەکانی خۆت بکەیت کە بەدەستی کەسێکی تر بۆت دروستبوون. ئەم دنیایە خۆشەویستیی لێبکەرەوە هیچی پێوە نامێنێت باسیبکەیت. عارفەکان دەگەنە ئەو ئاستەی ئیدی خۆشەویستیی راستەقینە بۆ خۆیان دەدۆزنەوە، کە پەیوەندییەکیان بەم ژیانەوە نامێنیت، ئەوان بۆئەوە لە دایکبوون خودابناسن، زۆر کەمن ئەوانەی دەبن بە عارف، بۆیە زۆر کەمن ئەوانەی بەراستی خودابناسن.

پیاوانێك و ژنانێکی مەزنیش هەن لەکاتی شەڕەکاندا خۆشەویستی دەدۆزنەوە. من نالێم با ئێمە خۆمان بدەینە دەست شتەکانەوە، دەڵێم: دەشێ هەموو شتەکان وا لێبکەین جوانییەکەیان لە دەستنەدەن. واتا، مردن وەك تازەبوونەوە وایە نەك وەك کۆتایی. ژیانیش باوەشێك خۆشەویستییە، هەر کەس ئەم باوەشەی لە دەستدا، ئیدی زۆر شتی دیش لە دەستدەدات. خۆشەویستی بۆ هەمووشتێك هەیە، لەم دنیایەدا لەهەمووشی گەورەتر خۆشەویستیی ژنەکانە، هەناسەی پاکی ژنێك دەتوانێت رۆحێك بکاتە دێوانە.

بێدەنگیی دڵی پیاوێك ژنێك دەکا بە فریشتە، ئەوانەی خۆشەویستی بۆ ئەوە دەکەن تامی پێکەوەبوون بکەن، ئەوانەن دەست لە خەیاڵ هەڵدەگرن. هەر خۆشەویستییەك خەیاڵی نەتەقاندەوە و نەبووە خەمێك بەسەر دڵەوە، ئەو خۆشەویستییە لەگەڵ گیاکاندا زەرد هەڵدەگەرێت، دەبێت سروشتمان خۆشبوێت، دەبێت هەموو ئەو شتانەمان خۆشبوێن کە لەم سەرزەمینەدان، بۆ ئەوەی خوداشمان بیرنەچێت.

بۆ من لە نێوان خۆشەویستیدا پاکی و پیسی نییە، ئەوە مرۆڤە وادەکات ئەم شتانە بخاتە نێوان دوو خۆشەویستەوە. خۆ ناکرێت ئێمە مارەکانمان خۆشنەوێن لەبەرئەوەی دەمانگەزن، چونکە گەزینی ئێمە بە ئازارترە لەهیی مارەکان. رقم لە پڵنگەکان نییە، لەبەرئەوەی لەناخی هەر یەکێکماندا پڵنگێکی خەوتوو هەیە، چۆلەکەم بۆ ئەوە خۆشناوێت نزیکە لە رۆحی مرۆڤەوە، بۆ ئەوە خۆشمدەوێت ژیان بێ چۆلەکە شتێکی نوقسان دەبوو. ژنەکانم خۆشناوێن لەبەرئەوەی بۆ رۆحی پیاوەکان باشن، ژنەکانم خۆشدەوێن لەبەر ئەوەی گەر ویستمان بەشوێن خۆشەویستیدا بگەڕێین لەم سەر زەمینەدا، دەبێت لەناو دڵی ژنەکاندا ئەو

خۆشەویستییە بدۆزینەوە.

چەند ناخۆشە مرۆڤ ماهیەتی پیس بێت، ئەوانەی کە ماهیەتیان پاکە، هەرچەندە خراپیش بن لەگەڵت، دەبێت ڕێزیان بگریت. شەڕێك لە ئارادانییە لە نێوان ژنەکان و پیاوەکاندا، ئەرك و مافەکان لە ئارادان، ئەو کەسەی ئەرك و مافەکانی خۆی جێبەجێناکات پێویستە داوایشنەکات. بیرشت نەچێت؛ قەسابێك لەتێکت لێبکاتەوە هێندەی ئەوە سەخت نییە خۆشەویستێکت پشتت تێبکات. ئەم ژیانە چەند پێویستی بە بێدەنگییە بۆ ئەوەی بە جوانی بیبینی، ئەو دڵەش ئەوەندە پێویستی بە گۆرانییە بۆ ئەوەی دانەڕوخێ. من پیاوەکان باش ناناسم، چونکە هەرگیز لە ژنەکانم نەپرسیوە. بەس ژنەکان نەبن پیاوەکان ئەم دنیایە وێراندەکەن. هەڵبەتە قسەی من بۆ ئەوانەیە بە مەزنی سەیری شتەکان دەکەن، نەك بۆ ئەوانەی بۆشاییەك لە ڕۆحیاندا هەیە.

زۆرێك هەن دەڵێن: بۆشاییەك لە ڕۆحماندایە دەبێت خۆشەویستییەك بکەین بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە! ئەمانە ئەوەندە بێئاگان لە خۆشەویستی، پێویستە بیر لە ڕێگەی گۆڕستان بکەنەوە. تۆ کاتێك خۆشەویستی بکە ڕۆحت کامڵ بوبێت، تا

میوانەکەت لە باشترین شوێنی ڕۆحتدا دابنێیت. ڕۆح بەوە نەشئەدەکات بیدەیتە دەست باشترین پاسەوانەوە. هەرچۆن زیندانییەك بە ترپەی پێی پاسەوانەکەی رادەچڵەکێت، ڕۆحیش بەو دەنگە رادەچڵەکێت کە مەیلی بۆی هەیە. وای چەند ئەوانەم خۆشدەوێن ڕۆحیان دەدا لە شەقەی باڵ و ترسیان لە کەوتن نییە! چونکە هەڵسانەوەیان لەپێش چاوە.

هەمیشە بەشوێن خۆشەویستییەکی مەزندا بگەڕێ تا ڕۆحت گەنج ببێتەوە.

# نامەی سێزدەیەم

## کچەکەم..... هیچ نامانکوژێت جگە لەکات!

ئـەوەی دەیبینـی سـەرزەمینێکە و بـە دەوری ژیانـدا دەسـوڕێتەوە! ئـەوەی دەڕوات ئێمەیـن، نەك ئەم سـەرزەمینە. هەموو شـتێك لە شـوێنی خۆیەتی جگە لـە مرۆڤـەکان. کۆتایـی من و تۆ کۆتایـی دنیا نییە، بەڵکو سەرەتایەکە بۆ کەسانێکی دی. ئەگەر لەو تۆزە ژیانەی بەر ئێمە دەکەوێت حورمەتی کاتەکان نەگرین،

ئەوە ناتوانین شتێك ببەخشین شایەنی باسکردن بێت. ئاو چۆن دەڕواو ناگەڕێتەوە، تەمەنی ئێمەش ئاوا دەڕوا و نایەتەوە. بەر لەوەی لە مردن نزیکببینەوە با بەردێك بخەینە سەر ئەو دیواری ژیانە.

ئەگەر رۆژێك چەندین جار بالأدەست نەبین بەسەرخۆماندا و چەندین جار خۆمان ئاشتنەکەینەوە، ئەوە چەندین جار دۆڕاوین. کەوتووینەتە سەر هەسارەیەکەوە جەنجاڵترین هەسارەیە. هەر بەشی ئەوە دەکەین کەمێك لەو ژیانە بدزین بۆ خۆمان کە دەمانەوێت.

لات سەیرنە بێت خەوتن بەشێکبێت لە ئاگایی! ئەوانەی باش دەخەون هەر ئەوانەن بەباشی بەئاگان. کاتێك مرۆڤ بیریکردەوە دەبێت دەستکاریی هەموو شتێك بکات، ئیدی تێگەیشت ئەوەی پێیبەخشراوە تێریناکات، بۆیە دەستیدایە شتی زیاتر. هەرگیز بەو شتە رازیمەبە کە لەم ژیانەدا بەرتدەکەوێت، با بەخراپی نەمریت.

رۆژێك من وتم "جولەکەیەکی عاقڵم پێباشترە لە موسڵمانێکی گەمژە." زۆرێك لەوانەی ئەم قسەیەی منیان بیست، ئەوەندە بێئاگابوون وایاندەزانی باسی

ئایـن دەکـەم! لـە کاتێکـدا من باسـی عەقڵم کـرد نەك ئایـن. تـۆ تەماشـا، دووری لـە عەقـڵ، چـۆن بووەتە تارمایی سـەر دنیابینسـی مرۆڤـەکان. هەرگیز کاری مـن دەسـتکاریکردنی ئایـن نەبـووە، کاری مـن ئەوەیە بە شـوێن رۆح و عەقڵی کەسـەکان بکەوم. راستیەکەی ئەوەیە، کێشەیەکم لەگەڵ ئاینەکان نییە، چوون ڕێگای خۆم هەیە بۆ ناساندنی خوا. ئاین بۆ منێك نە کێشەیە نـە بەدبەختـی و نـە خۆشـبەختییش. پرۆژەیەکـە وەك گشـت پرۆژەکانـی تـر. هەرجارێـك تیرێکم وەشـاندبێت مەبەسـتم بـووە عەقڵێـك، یـان رۆحێك بهێنمـەوە هۆش خۆی.

هـەر کەسـێك گەمژەبێـت لـە هەرشـوێنێك بێت، ئەو شـوێنە وێرانـدەکات. ئەوانەیـش کـە عـاقڵـن ئەگـەر دوژمنیشـت بـن، کاری خراپەیـان لێنایـەت. کەسـێك توانیـی ڕێـزی کات نەگرێـت، دڵنیابـە ئـەو کەسـە ڕێـزی هیـچ شـتێکی دییـش ناگرێـت. گـەر مرۆڤ کانزایـەك بێـت، ئـەوە کات ئەڵماسـی نـاو کانزاکەیـە. وەیـل بـۆ ئەوانەی تێناگەن و قسـە دەکەن لەم بارەیەوە. داخ بـۆ ئەوانـەی قسـەیەك دەبیسـتن و نازانـن بۆچی کـراوە و زمانـە خراپەکـەی خۆیـان بەکاردەهێنن بۆ ئەو

قسەیە. ترسناکترین مرۆڤ کەسانێکن، کە تێناگەن و قسە دەکەن. لەناوماندایە شایەنی بەزەییە، ئەوەندە دوورکەوتووەتەوە لە کات و لە عەقڵی، لەگەڵ دڕندەیەکی ناو دارستان بۆت جیاناکرێتەوە. تیاماندایە هێشتا نازانێت بۆ هاتووەتە دنیاوە! ناچارین سەبارەت بەم گەمژانە قسە بۆ عاقڵەکان بکەین، کەسێك عەقڵی بەکارنەهێنێت خۆیشی بەکاری هیچ نایەت.

واران......

کاتێك مرۆڤ ویستی شارستانییەك لەم سەرزەمینە دروستبکات، لەوکاتەدا بیری لەکات کردەوە. خۆ ئێمە دەزانین شارستانی بەرەنجی کۆیلەکان دروستکراوە، بەڵام لە پشت رەنجی ئەوانەوە بیرکردنەوەیەك هەبووە. چەند شوێنێك هەن مرۆڤی ئەم چاخانە زۆر شانازییان پێوە دەکات، ئەویش (میسرییە کۆنەکان و یۆنانییەکان و سۆمەرییەکان و بابلییەکان و رۆمەکانن و فارسەکانن)، هەرکاتێك سەیری شارستانیی ئەم شوێنانەت کرد، بیرتنەچێت سەیری ئازاری ئەو مرۆڤانەش بکە لەژێر زەبری ئەو شارستانییانەدا کێشاویانە.

من سەرسامم بە بیرکردنەوەی مرۆڤە کۆنەکانی

یۆنان، یانی سەرسامم بەو عەقڵەی لەوێ نیشتەجێبوو، چونکە ئەوێ یەکەم شوێنی دەرکەوتەی عەقڵی مرۆڤە، پاشان ئەم عەقڵە لەوێوە گوازرایەوە بۆ شوێنەکانی دی. ئەوان دەیانزانی دەمرن، بۆیە کاتەکانیان خۆشدەویستن، بە هەدەردانی کات بە هەدەردانی ژیانە.

کچم... راستەقینەترین دوژمن، کاتە! ئەوەی لە ئێمە دەبات و ئەوەی دوورماندەخاتەوە لەم ژیانە، کاتە! چەند ئەوانەم خۆشدەوێن کە بەرەو پیری دەچن و سەرقاڵی شتی گەورەن، چونکە ئەوانە تا گەورەبن عەقڵیشان گەورە دەبێت. کەسە مەزنەکان هەر ئەوانەن رۆژانە چەندین شت فێردەبن و چەندین راستی ئاشکرادەکەن.

بۆ ئەوەی کاتێك خەوتن، ئیدی سەرقاڵی بە ئاگایی بن، نەك سەرقاڵی گەڕان بەشوێن راستەقینەیەکی تردا. هەمووشتێك کۆتاییدێت جگە لە کات. لەهەر دنیایەکدا بژیت کاتێك هەیە بۆ ئەو دنیایە! کات لە هەموو شوێنێکە! شوێنێك نییە بەبێ کات، کەواتە بەشوێن ئەو کاتەدا بگەرێ تا راستەقینەیەك بدرکێنیت.

لەوە گەڕێ راستەقینەکەت چەند بە ئازارە، گرنگ ئەوەیە تۆ کارێکت کردووە کەسێکی دی نەیکردووە. خۆ من دەزانم ئەم هەموو قسەکردنەی ئێمە جگە

لەوەی فەزای ئەم دنیایە قەرەباڵغ دەکات، شتێکی دی نییە، مەبەستم ئەوەنییە پێتبڵێم: هەمیشە قسە بکە. باشترین قسە بێدەنگییە. بەس ئێمە فێربووین دووربین لە بێدەنگییەوە، بۆیە بەشێکی زۆری مێشکمان غەریزەکان ئاراستەیدەکەن. نیگەران مەبە ئەگەر بڵێم: لە نیشتمانی ئێمەدا ئەوەی مرۆڤ ئاراستەدەکات غەریزە و خەیاڵە نەك شتێکی دی. تۆ هەوڵبدە لە ئێمە نەچیت، بۆ ئەوەی وەك سێوێکی گەنیو هەڵنەوەرێیت. ئەوەی بۆخۆم بەدەستمنەهێناوە پێمخۆشە تۆ بە دەستیبهێنیت. خۆت دابەشبکە بەسەر کاتەکاندا، تا دەستتبگاتە بەرزترین لوتکەی بیرکردنەوە، هەر ئەمەیە دەتوانێت جیاتبکاتەوە لەوانەی دی. کاتێك قسە بکە راستەقینەیەکت دۆزیبێتەوە. قسە لە بۆشاییدا مەکەو قسە بۆ قسە مەکە، قسە بۆ دەرخستنی راستەقینەیەك بکە.

ڕێزێم بۆت هەیە، ئەی ئەوەی هێشتا نەبوویت و نازانم دەبیت یان نا!

# نامەی چواردەیەم

**کچم...**
**غەریبی یانی هەڵکردنی روناکییەك لە ناختدا.**

رۆژێـك دێـت تێدەگەیت مردن هـەر هێندەی غـەریبی سـەختە، ئـەوەی خۆشـتدەوێت و لێتدووربێـت، وەك ئـەوە وایە خۆت لە خاچبدەیت. ئەوانەی لە خاچدران بۆ ئەوە بـوو ئازاربکێشـن، بۆ ئـەوە بوو رۆحیـان دەربچێت، بەڵام غەریبەکان بە نەرمی رۆحیان دەردەچێت و بە نەرمی لە

خاچدەدرێن.

نیشتیمانێك لە دڵی هەمووmانە، هەندێکمان منداڵیمان نیشتیمانمانە و هەندێکی دییشمان ئەو شوێنە نیشتیمانمانە دڵمانی کە تێدا شکاوە. برینداران دەڵێن: لە هەر شوێنێك دڵت شکا ئەوێ دەبێتە نیشتیمانی راستەقینەت. من بۆ خۆم ئولفەتم گرتووە بەو ئازارانەوە کە رۆژنە دەیانبینم.

خۆشەویستترین وڵات ئەو وڵاتەیە ئازاری زۆر درابێت. تۆ سەیربکە ئێمە لایەکمان روخاوە و لاکەی تریشمان بە دەست ئازارەوە دەناڵێنیت، بەس خوابکات هەرگیز نەبینە ئەو بەردەی شوشەیەك بشکێنین. مرۆڤ بەم رەقییەی خۆیەوە بەردەکانی شەرمەزارکردوە. تووڕەبوونێکی بچوك بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە پڵنگ. هەمیشە باوەڕم وابووە بۆ ئەوەی بەردەوام دوورنەکەوینەوە لە مرۆڤ، دەبێت نزیکبین لە باخەکانەوە.

سەیری باخەوانەکان بکە؛ کە گوڵێك سیسدەبێت بە روخساریانەوە دیارە. بەقەوی شاعیرەکەی چناران رەنگە هەموو پاسەوانێك ببێت بە شاعیر، بەڵام هەموو شاعیرێك نابێتە باخەوان. هەرگیز نابینی شاعیرێك بە دیار سیسبوونی گوڵێکەوە بگری. بەڵام هەمیشە دەبینیت سەری باخەوانێك سپی دەبێت ئەگەر باخەکەی

وشـك هەڵبگەڕێت. شـاعیربوون، یانی باخەوانبوون نەك شیعرنوسین.

یانـی دەمەوێت پێتبڵێم: گەر نەتوانین ببینە باخەوان، باشـترە هەوڵنەدەین ببینە شـەڕکەر. شـەرکردن ئەوپەڕی بێحورمەتیکردنە بە مرۆڤ. ئەوانەی ئەم دنیایە دەشێوێنن ئەوانـەن لەنـاو رۆحیانـدا دەستوەشـێنێکی خەوتوو هەیە. مـن جەنـگاوەری گـەورە ناڵێـم، ئەوانە ناڵێـم لە رێگەی عەقڵیانەوە دەستکاریی دنیا دەکەن. مەبەستم شەهامەتی جەنگاوەری نییە، ئەوانە دەڵێم: ئاسـتی بیرکردنەوەیان تا سێبەری لولەی تفەنگەکانیان و شمشێرەکانیان دەروات.

تفەنگەکان و شمشێرەکان بدە دەست ئەوانەی گەورەیی مـرۆڤ نابینیـن، خۆیشـت ببـە بـە هاوڕێـی ئەوانـەی باخێکیان بۆ گرنگترە لەشەڕێکی سەرکەوتوو. پێمسەیرە هەندێك هەن هێشـتا عەقڵ و زمانیان ئیشـیاننەکردووە و مشتەکۆڵەیان بەکاردەهێنن! ئەمانە دەبێت دووریانبخەینەوە بۆ ئەوەی لە غەریبیدا لە خاچبدرێن. ئەگەر ویستت هەر کەسێك بگۆڕیت، باشترین کار ئەوەیە رێگەی غەریبیی پیشانبدەیت.

لە غەریبیدا تەنیایی هەیە، تەنیاییش مرۆڤ دەخاتەوە نـاو خـۆی. لەبری ئـەوەی بە کوچەی کەسـەکانی تردا

بگەڕێیت، بە کوچەکانی ڕۆحی خۆتدا دەگەڕێیت. تاهەست بە ئازاری کەسەکانی تر بکەیت، دەبێت خۆت ئەو ئازارانە ببینیت. لە تەنیایی و غەریبیدا هەموو ئەو ئازارانە دەرکدەکەیت، کە کەسەکانی دی دەیانبینن. غەریبی جۆرێکە لە خۆ پاککردنەوە، جۆرێکە لە خۆناسین.

هەڵبەتە من باسی ئەوانە ناکەم هەرگیز کوچەکانی ڕۆحی خۆیان نابینن، باسی ئەوانە دەکەم بۆ ئەوە دووردەکەونەوە تا لە خۆیان نزیکببنەوە. هەموو دوورکەوتنەوەیەك ناسینی شتێکی نوێیە. سەختترین دوورکەوتنەوەیش دوورکەوتنەوەی ئازیزە لێت. وای بۆ ئەوانەی یەکترییان خۆشدەوێت و دوورن لە یەکەوە، ئەو جۆرە خۆشەویستییە ئەوەندە گەورە دەبێت ژیان بەشیناکات.

ئەگەر ویستت کەسێك بچێتە ناختەوە، هەوڵبدە هەمیشە هەنگاوێك لێیەوە دووربیت. دووری واتا دەرکەوتنی ڕۆح، مەبەستم نییە بڵێم: دەستی لێبەردە، مەبەستمە بڵێم: لە دووریدا ڕۆح باڵادەست دەبێت بەسەر هەموو شتەکاندا. بۆ ئەوەی بەردەوام ڕۆحت گەشە بکات، با غەریبییەك لە ناختدابێت. لە نزیکەوە سەیری خۆشەویستەکەت مەکە تاکو بیناسیت، لە دوورەوە سەیریبکە، جا دەزانیت

کوچەکانــی ژیانــی چەند جۆرن. دەزانی خۆشەویســتی و هــاوڕێ و جــەلاد ســێ شــتن، تــا کەمێــك لــە دوورەوە سەیریاننەکەیت نایاننناسیت. تۆ کە کەوتیتە ناو بازنەکەوە، تەنیا ئەو شــوێنانە دەبینی لەناو بازنەکەدان، بەڵام خۆت خستە دەرەوەی بازنەکەوە، هەمــوو ئەو شوێنانەش دەبینی کە لە دەرەوەی بازنەکەدان.

حیکمەتی دووری لێردایە، ئەها تۆ ســەیربکە، کاتێك لــە دۆڵێکــدا دەڕۆیــت، دۆڵەکــە باش ناناســیت، بەس کە لەلوتکــەی شــاخێکەوە ســەیری دۆڵەکــەت کــرد، دەزانی چەند کەلێن و لێڕەوار و بەردی تێدایە.

خۆشەویســتییش ئاوایــە، دەبێــت لــە بەرزاییــەوە ســەیریبکەیت. مرۆڤیــش ئاوایــە، دەبێــت لــە دوورەوە ســەیریبکەیت. ئــەوەی لــەم شــتانە جیــاوازە غەریبییــە، غەریبــی لــە دوورەوە ســەیریبکەیت هەرگیز نایناســیت، دەبێــت خــۆت بچیتــە دۆخەکەوە، ئەوســا دەزانیت مانای غەریبــی چییــە. لە هەمــووی گرنگتر ئەوەیــە؛ ئەگەر غەریبــی هیچــت پێنەناســێنیت، خۆتــت پێدەناســێنیتو دەزانیت لەم دنیا گەورەیەدا تۆ خاڵێکی زۆر بچوکی.

پێبنــێ بە شــارە مێرووڵەیەکــدا، دەیان مێرولــە دەمرن، مــن و تــۆش لەم هەســارەیەدا لە چاو ئەســتێرەکانی دیدا

خاڵێكی بچوكین وەك مێرولەكان، چی دەكەیت بۆ ئەوەی ئـەو خاڵە گـەورە بێت؟ هەرگیز چوویتە بەردەم كێوێك و سەیری بچوكیی خۆت بكەیت؟ دە مادام بچۆرە دۆخی غەریبی و سەیری هەڵەكانی خۆیشت بكە.

ئێمـە هەڵـەی زۆر گـەورە دەكەین، بـەڵام خراپییەكە ئەوەیە باسی باشییە بچوكەكانی خۆمان دەكەین و هەڵە گەورەكانیـش دەشـارینەوە!! چەند دڵخۆشـن ئەوانەی لە غەریبیدا بە باشی خۆیان دەدۆزنەوە، بۆ ئەوەی بە باشی ژیانیان خۆشبوێتو بە باشی بمرن. هەر كاتێك دیوارێكی تەمەنـت روخـا، بیر لە دروسـتكرنی قەڵایەك بكەرەوە لە ناختـدا. مرۆڤـی گەورە ئەوانە نین لەسـەر كورسـییەكان دانیشتوون و ئازاری ئەوانی دی دەدەن، مرۆڤە گەورەكان ئەوانەن لە هەر شـوێنێك بن هەسـت بە غـەریبی دەكەن، بۆ ئەوەی ئازاری ئەوانی دی ببین و نەبنە جەنگاوەری شمشێر بەدەست.

كچەكەم... تا مشـتێك خۆشەویسـتی مابێت، بیر لە رقلێبوونەوە مەكەرەوە.

# نامەی پازدەیەم

## ئەگەر لە من دەپرسی، تا خودا حەزبکا دڵتەنگم... کچەکەم

بۆچی جارێك باسی خۆمان نەکەین، بزانین ئێمە چی دەکەین و دەمانەوێت لەم دنیایەدا چی ببەخشین؟ کاتی خۆی کە گوندەکەمانم بەجێهێشت، لایەك لە عومرم روخا، من کوڕی گوندێکم راکشاوە بە سێبەر، پڕە لە باخەوانو هەوای پاك، گوندەکەمانم بەجێنەهێشت

بۆ ئەوەی بچمە شارەکان، بەڵکو ڕۆحی خۆم بەجێهێشت و بەقوڵنگێکەوە ڕوم لە شارەکان کرد، دەزانی؟ سەردەمانێك ژیان شتێك بوو لە گوندەکان باریکردبوو، لەهەر شوێنێکەوە دەڕۆیشتی دڵتەنگی دەیگەیاندیتە کەناری گریان.

ڕوبارەکان، باخەکان، دڵپاکیی جوتیارەکان، هەتاوی بەیانییان، هەموو ئەمانە منداڵیی ئێمەبوون، کە لە منداڵی دوورکەوتینەوە نزیکدەبینەوە لە پیسبوونی ژیان، گەر بمانەوێت بەشوێن، پاکیدا بگەڕێین، تەنیا کۆڵانەکانی منداڵیمان بە دەستەوەن، ئێمە هاتین بۆ شارەکان بۆ ئەوەی بەشوێن کەلێنێکی تری ژیاندا بگەڕێین، بەڵام هەمیشە ڕۆحمان لای گوندەکەمانە. ئەو کاتەی زۆر هەست بە تەنیایی دەکەین، دەچینەوە بۆ زادگەی جارانمان، هەموو خۆشبەختیی شارەکان هێندەی تامی بۆڵەترێیەکی ڕەش نییە کە لە کانیاوێکدا دەیشۆیتەوە، بەس چی بکەین؟ زۆرجار دەبێت لە شوێنێك بین کە هیی خۆمان نییە.

هاتینە شارەکان، شارەکان پڕن لەبت، ئەگەر گوندییەك دێتە شار قوڵنگێکی بە دەستەوەنەبێت بۆ شکاندنی بتەکان، باشترە بگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، شار

لێـرەواری نییـە تـا بزانی لەو لێرەوارە چـۆن تێدەپەڕی، شار گۆماوێکە هەموو ئەوانەی تێدەکەوێت نازانن چۆن توولەرێکان بدۆزنەوە، بیرتنەچێت، من هەرگیز شانازی بەسەردەمەکەی خۆمەوە ناکەم، لەسەردەمی مندا ژیان تەنرابـوو بـە خراپـەکاری، کۆمەڵێـك لـە شـاخەکانەوە هاتبوونەوە، ئەوەندە لە عەقڵەوە دووربوون و لە غەریزەوە نزیك بوون، سەرتاپای گۆماوەکانیان کرد بە شەهوەت.

چەند خۆشبەختە ئەو کەسەی لەم سەردەمەدا ناژی! ئازیـزم ئەوانـەی خۆیـان بە دۆسـتی شـاخەکان دەزانن دوژمنـی عەقڵـن، شـاخەکان مـرۆڤ بەهێزدەکەن نەك عاقڵیبکـەن، چەنـد جێگەی بەزەییـن ئەوانەی هەموو شـانازییان ئەوەیە لە رێگەی هێزەوە خۆیان پیشاندەدەن، ئـەم نیشـتیمانەی مـن و تـۆ وەك ئاگـر وایـە، تازیاتر لێیـەوە نزیـك بیـت زیاتر دەتسـوتێنێت، ئەگـەر زۆریش لێـی دووربکەویتەوە سـەرمای غەریبی دەتکوژێت، بۆ ئەوەی پێویسـتت بە هیچ سەرزەمینێك نەبێت هەمیشە نیشتیمانێك لەناو دڵتدا دروستبکە، نیشتیمانێك تەنرابێت بە موقەدەس پێویسـتی بە پێغەمبەرێکە رزگاریبکات، بەدبەختیـی ئـەم خەڵکـەش ئەوەیـە ئەوانـەی شـایەنی ئـەوەن دادگاییبکرێن دەیانکەنە موقەدەس و سـوژدەیان

بۆ دەبەن، چەند جێگەی شەرمە مرۆڤ جگە لە خودا ستایشی شتێکی دی بکات، ئەوانەی بۆ میللەتەکانیان ماندووەبن شـایەنی ستایشـکردن نین، بەڵکو شـایەنی ڕێزلێگرتنـن، بـەڵام لێـرە هەرگیز ڕێـز نابینی، چونکە ڕۆحی ستایش و ڕۆحی کۆیلە باڵادەستن.

دەزانـی زۆر جێگـەی پێکەنینـە لێرە سـەربەخۆیی بەسـراوە بە ژیانەوە نەك بەع ەقڵەوە، هێشـتا کەسـەکان نازانـن پێویسـتە عەقڵـی مرۆڤەکان سـەربەخۆبێت نەك ژیانیـان، دەزانـی ژیان ئەوەنـدە بچوککراوەتەوە، ئەگەر کەسـێك لەتـە نانێکـت بداتـێ هەمـوو شـتەکانی ترت لێدەسێنێتەوە، زۆر بەداخم، ئەو لێشاوە خەڵکە دەبینم بۆ ژیانێکی خۆش گشت بەهاکانی خۆیان لەدەستداوە، خۆ وای لێهاتووە تفەنگێك بگرە بە دەستەوە دەبیتە پاڵەوان، کەسـێك بکوژە دەبیتە ئەسـتێرەو کۆمەڵێك کەس بکوژە دەبیتـە سـەرکردە، ئیـدی وایـە، کە مـرۆڤ ماهیەتی خۆی لەبیرچوو باکی بە هیچ نابێت، ئەم شـاخاوییانە چونکـە خۆیـان نەزانن، پێیانخۆشـە گەمژانە سـەیری دنیا بکرێت، لێرە خۆشەویستترین شوان ئەو شوانە نییە مەڕەکانی بۆ مێرگێکی سـەوز ببات، خۆشەویسـتترین شـوان ئـەو شـوانەیە مەڕەکانـی دەترسـێنێت و فێـری

گوێڕایەڵییـان دەكات، ڕەنگـە لێمبپرسـی ئـەم هەمـوو تاریكییە چییە باسیدەكەیت؟! ناچارم پێتبڵێم هەمیشە پێمخۆشە لە تاریكییەوە سەیری ڕوناكی بكەم.

مـرۆڤ ئەگـەر لـە تاریكییەوە چووە نـاو ڕوناكی، باشتر درك بە شتەكان دەكات، بەڵام گەر لە ڕووناكییەوە چـووە نـاو تاریكـی، چاوەكانـی بـاش نابینـن، خەمی ئێمەش هەر ئەمەیە، شـوانەكان مەڕەكانیان ترسـاندووە، خۆیشـیان لەسـەر كەلاكی مەڕەكان بوونەتە موقەدەس، وای لێهاتـووە چەنـد ڕۆژێـك بچۆ بۆ شـاخ و ناویبنێ بەرگری، دەتوانی دەستبخەیتە ناو ژیانی خەڵكی ترەوە، وای لەو ڕۆژەی ئیتر مەڕەكان بێ شوان دەمێننەوە، دەبێت چەنـد پەڵەگەنمـی خەڵكی تر بخۆن؟ هەقی ئەوە نییە قوڵنگێكت بە دەستەوە بێت بۆ ئەوەی ئەو موقەدەس و بتانە بشكێنی كە لە شارەكاندا دروستبوون؟ دڵتەنگیی ئێمە ئەوەیە تانەیەیتە ناو گۆماوەكە تامی ئەو خراپەیە ناكەیـت دروسـتبووە، من ئومێـدەوارم، ئومێدەواریی من بەوانـە نییە نیوەی ژیانیان بـە ڕێكردووە، ئومێدەواریی مـن بـەو منداڵانەیـە هێشـتا زمانیـان نییـە قسـەیەك بكـەن، بـۆ ئـەم ژیانە، تـازە ئێمـە خەسـاربووین، بەڵام گرنـگ ئەوەیـە ڕازینەبیـن نەوەكانی پـاش ئێمەش بەم

ڕێگـە خراپەدا تێبپەڕن، سـەردەمەکەی من سـەردەمی بێحورمەتیکردن بوو بە ئینسان، بە هیوام سەردەمی تۆ سـەردەمی حورمەتراگرتنی ئینسـان بێت، من هەرگیز بەم ژیانە رازینەبووم، بۆیە هەمیشە لە لێرەواردا ژیاوم. تـا ئـەم بتانە نەشـکێن سـوژدەکەران دەسـتهەڵناگرن لە کارەکەی خۆیان، بۆ ئەوەی رزگارمان بێت لەم هەموو سـوژدەیە، باشـترین کار ئەوەیـە قوڵنگەکانمـان بخەینە گەڕ بۆ شکانی بتەکان. کە بتێك لە ئارادا نەما، ئیدی مرۆڤەکانیش دەست لە لاوازیی خۆیان هەڵدەگرن.

بیر لە سەردەمێك مەکەرەوە لەبری مرۆڤ دڕندەکان باڵادەست بن.

# نامەی شازدەیەم

**ئازیزم، ئەوانەی لەسەر مێژوو دەژین شتێکیان نییە بۆ ئایندە.**

شانازیکردن بە مێژووەوە شانازیکردنە بە شارستانییەکەوە بنیاتتنرابێت، نەك شانازیکردن بێت بە وێرانەیەکەوە جێتهێشتبێت، زۆرێك ناتوانن ئایندە ببینن، چونکە هەمیشە سەیری دواوە دەکەن، ئەوانە ئەو کەسانەن لە رابوردوودا بەجێماون و شتێکی نوێیان نییە

بیڵێن بۆ ئێستا، بۆیە هەمیشە باس لە رابوردوو دەکەن.
ئەگەر مرۆڤ ویستی شتێکی گەورە دروستبکات، دەبێت پشت لە رابوردوو بکات بۆ ئەوەی ئایندەیەکی دی بخولقێنێت، مێژوو کتێبێکە پڕە لە شکست و هەڵسانەوە، ئەگەر ئەم کتێبە نەبووە وانەیەك بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، باشترە ئەو کتێبە لە تاقێکدا هەڵبگریت و نەیخوێنیتەوە، هەرگیز شانازیمەکە بە شتێکەوە ئایندەی روناك نەکردبێت.

داخم بۆ ئەوانەی کە پێیانوایە مرۆڤ دەبێت هەمیشە یەکڕەنگ بێت و قابیلی گۆڕان نییە، ئەوانە ئەو عەقڵە سڕبووانەن قاچەکانیان ئەوەندە کورتن، کە توانای بڕینی گردێکیشیان نییە نەك کێوێك، کچم دەزانی؟ گەر مێژوو بووە کوتەکێك بۆ سەر ئاینده، دۆزەخ دروستدەکات نەك روناکی، دەمەوێت پێتبڵێم؛ هەتا قاچەکانت درێژو بەهێز نەبن، بیر لە چوونە سەر کێوەکان مەکەرەوە، هەرگیز لە شوێنێکدا مەوەستە، هەتا رێگەیەکی دوور نەبڕیت سەیری دواوە مەکە، لەسەر هەموو رێگەیەك بایی ئەوە دڕك هەن قاچەکانت ئازاربدەن، بەڵام بەهێز ئەو کەسەیە دڕکەکان نایوەسێنن.

ئێمە لە دایکنەبووین بۆ ئەوەی خراپەیەکی گەورە

بکەین، لە دایکبووین تا شتێك بکەین کە پێش خۆمان نەیانکردووە، ئەمەش بەو کەسانە دەکرێت کە دەتوانن پشت لە مێژوویەك بکەن بۆ ئەوەی مێژوویەکی دی دروستبکرێت، ئایی چەند ئەو گەنجەم خۆشدەوێت کە رازینییە لەم مێژووە و خۆی شتێکی باڵاتر دەنەخشێنێت، هەرگیز ئەوانە لە خۆت نزیکمەکەرەوە کە پێیانوایە دەبێت هەمیشە لەسەر یەك رێگە بچیتەوە بۆ ماڵەوە، رێگەی زۆر هەیە بۆ چوونەماڵەوە، باشترین رێگەیش ئەو رێگەیەیە کە زۆر سەختە، ئەگەر سەیری دواوەت کرد، بۆ ئەوە سەیریبکە بڵێیت ئەو هەمووو هەڵەیە چییە لە رابوردوودا روویانداوە، بۆ ئەوە سەیریمەکە سەرسامببی بە رابوردوو، ئەوانەی سەرسامن بە رابوردوو، ئەوانەن بە مردوویی لەم دنیایەدا دەگەڕێن و شوێنێکیان گرتووە، ئەگەر بوویتە هاوڕێی مرۆڤێك لەسەر ئایدۆلۆژیایەك دەژیا، ئەوە بزانە بوویت بە هاوڕێی مەترسییەك و دەبێت لە خۆتی دووربخەیتەوە.

دەزانی؟ من بەزەییم بەوانەدا دێتەوە کە پێیانوایە دەبێت وەکو دوێنێ بیت و نازانن ئەمڕۆ ئەمڕۆیەکی ترە، لە هەموو شتێك گرنگتر ئەوەیە خۆت فێربکەیت ستایشی ئەوانە نەکەیت کە لە مێژوودا دەژین و ئێستایش

وێراندەکەن، هەر کەسێك بە باشی رابوردوو بخوێنێتەوە، هەرگیز ناخوازێت تێیدا بژی، ئەوە بزانە یادەوەری شتێکە و مێژوویش شتێکی دی، یانی دەمەوێت پێتبڵێم؛ ئەم نامەیەی من تا ئەو کاتە تازەیە کە دەیخوێنیتەوە، دوای ئەوە دەبێتە مێژوو، دەبێت خۆت شتێك بخەیتە سەر نامەکە، کە لەوەی پێش خوێندنەوەی گرنگتر بێت.

با لێت نە شارمەوە؛ من درکی زۆر چوون بە قاچەکانمدا، بەڵام هەرگیز گوێم نەداونەتێ، چونکە دەمزانی بۆ کوێ دەچم، ئازاری خۆشترین درك ئەو درکەیە کە دەسەڵات ناشتوویەتی، ئەوانەی لە دەوری دەسەڵاتدان بۆ ستایشکردنی کەسانێکن، تیرەکانیان سینەی ئەو ژەنەراڵانە نابڕن کە کۆتایی جەنگەکە دەبینن، هەمیشە کەسێك کە شایەنی بەزەیی بێت ئەو کەسەیە لە سەنگەری دەسەڵاتدا دژی خواستەکانی خەڵك قسە دەکات، جگە لەوەی شایەنی بەزەیین، شایەنی ئەوەیشن رێگەیان بدەی تا چی تیری خۆیان هەیە بیوەشێنن، دوای ئەوان تۆ چەپۆکێك بکێشە بەسەری گەورەکەیاندا، ئەمان لە خوارەوە کاسدەبن، هەرگیز نەگەیتە ئەو ئاستەی لەگەڵ ئەوانەدا بکەویتە شەڕەوە.

هەر چەپۆکێك دەیکێشی بەسەری گەورەکاندا بەسە بۆ ئەوەی ستایشکەرەکانیان خەویان بزڕێت، بۆیە کە ویستت مێژوویێك بەجێبهێڵیت و دنیایەکی تر بخولقێنی، دەبێت دڵت بەوە خۆشبێت ئەو دڕکانە بێنە سەر ڕێگاکەت، با بیرتنەچێت، ئەو وەختەی دەبیتە ناوکێکی گەورە و ئەستێرەیەکی درەوشاوە، زۆرێك دێن بۆ ئەوەی لە گەورەییت کەمبکەنەوە، چی خراپە هەیە دەیخەنە پاڵت، بەڵام هەموو وتنی خراپەیەکی ئەوان ناوەکەی تۆ گەورەتر دەکات، ئەها سەیربکە، من هەموو روناکییەکە دەبینم، دەزانم مانگ کەی هەڵدێت و کەی کاتی خەوە، دەیشزانم لەبەردەم هەموو روناکییەکدا کۆمەڵێك پەڵە هەور هەن، دەمەوێت تۆ ئەو هەموو دۆخانە ببینیت و هەموویشیان تێبپەڕێنیت، بۆ ئەوەی بتوانیت جیهانێکی دی دروستبکەیت، جیهانێکی راستەقینە وەك خۆی دەربکەوێت، هەرگیز نەکەویتە شوێنی زۆرینە، چونکە زۆرینە بۆ خۆی رەشەبایەکە زوو دەنیشێتەوە، با هەمیشە لە نێوان خۆت و کەسانی دەسەڵاتداردا دۆڵێك بۆشایی هەبێت، بۆ ئەوەی بەردەوام بە جوانی بمێنیتەوە.

من دەبێت بڕۆم، کارێکم هەیە لەوەی ئێستا ناچێت.

# نامەی حەڤدەیەم

**ئازیزم واران:**

**ژیـان وەك كاروان سـەرایەكە، هەموومـان دەبینـە میوانی.**

مـن نازانـم چـۆن بە جۆرێکی ترو بـە چاوێکی تر سـەیری شـتەکان بکەین، بەڵام دەزانم زۆربەمان چێژ لە ئازار دەبینین، سەیرم پێدێت میللەتێك لەناو ئازاردا ژیابێت، کەچی خۆی پێیخۆشبێت ئازاری کەسانی دی

بدات، رەنگە بۆ تۆ ئەنفالو هەڵەبجە تەنیا حیکایەتێك بن لەناو کتێب و نوسینەکاندا بیانبینی، بەس بۆ ئێمە برینێك بوون سەراپای عەقڵ و هەستەکانیان گۆڕیین، بیربکەرەوە ئەگەر منداڵێك بیت لەباوەشی دایکێك و بتبەن بۆ ئەو دەشتی عەرعەرە و ئیدی نەگەڕێیتەوە؟ بیربکەرەوە ئێوارەیەك لە مەکتەب دەگەڕێیتەوە کەست نەماوە، هەمووی بووە بەژێر لمەوە؟

بیربکەرەوە بتەوێت لەو دەشتی شارەزوورە بتەوێت هەناسە بدەیت و بەهەناسەدان بمریت؟ ئای چەند سەختە بۆ ئەو خەڵکە، ئێستایش لە ئازاردا ژیان، ئازیزم هەرگیز لەوە حاڵی نەبووم میللەتی بە ئازار بۆچی کەیفی بە ئازاردان دێت؟ ئەگەر ئەمە بەشێك بێت لە کلتوری ئێمە، ئومێدەوارم تۆ کەسێکی کلتوری نەبیت، ئەگەر پەیوەندیی بە سایکۆلۆژیای خەڵکەوە هەیە، تا پێتدەکرێت لەوانەوە دووربە کە شەڕێك لە ناخیاندایە و هەمیشە دەریدەخەن، هەندێك جار خەم دەخۆم کە هێشتا خۆمان ناناسین و باسی دەرەوەی خۆمان دەکەین، با شتێکی تاڵیشت پێبڵێم؛ میللەتە ئازاو بەهێزەکان ئەوانەنین لە شاخەکان دەژین، ئەوانەن لە دەشتاییەکاندا دەژین، هەر کەسێك پەنایبردە بەرشاخ،

ئەو کەسە ترسی هەیەو دەیەوێت خۆی بپارێزێت.

بەوە نەخەڵەتێی کە شاخ شوێنی بەرگریکردنە، بەڵکو شوێنی خۆشاردنەوەیە، ئەو کاتەی ژنە رەشپۆشەکان و منداڵە هەژارەکان لەو دەشتی گەرمیانە دەخرانە ژێر لمەوە، تەنیا لەبەرئەوەی کوردبوون، ئەو کەسانەی خۆیان بەسەرکردایەتیی ئەو میللەتە دەزانی و باسی خەباتیان دەکرد، لە ئەشکەوتێکی شاخەکان خۆیان شاردبووەوە، هەمیشە بە تۆ دەڵێم؛ بەر لەوەی باسی دوژمنەکانت بکەیت، دەشێ باسی خۆت بکەیت.

زۆر شت هەیە نایبینین، ئەم لاوازیی بینینەی ئێمەیە وای کردووە نەتوانین بازبدەین بەسەر چاڵەکاندا، رەنگە بۆ شاعیرێك گرنگ نەبێت چاوی هەبێ یان نا، چونکە شاعیرەکان هەمیشە ئەو شوێنە دەبینن کە کەسەکانی دی نایبینن، دەزانی؟ بۆ میللەتی زیندوویش گرنگە شاعیرانە سەیری دنیا بکات، بەو مانایە نا تەنیا بە دیدە جوانەکەیەوە، بەڵکو بەو مانایەی ئەو شتانە ببینێت کە کەسی تر هەستیانپێناکات، میللەتی زیندوو ئەوەیە دەڵێت با لە پێشدا سەیری خۆمان بکەین ئینجا دەوروبەرمان، میللەتی گەمژەیش دەڵێت ئێمە باشترینین و ئەوانی

دی خراپترینن، ئەگەر لەم دیدەوە سەیربکەیت، دەشێ بڵێین:

کوردبوون ئەوەنییە جەهەننەمێك بۆ خۆت دروستبکەیت، کوردبوون ئەوەیە برینەکانی خۆت ببینی تا برین بۆ کەسی دی دروستنەکەیت، ئێمە هێشتا ئەنفال ناناسین، کەچی باسی دوژمنەکانمان دەکەین، دەزانی، ئەنفال یەکەم چرکەساتی کۆکردنەوەی پارچەکانی رۆحی کوردە، نەك سڕینەوەی کورد، ئەو کاتەی ئەنفال روودەدات کورد جارێکی دی رۆحی کۆدەبێتەوە و بیر لە هەڵسانەوەیەکی دی دەکاتەوە، ئەو هەڵسانەوەیەیش لە شاخەکانەوە روونادات لە شارەکان و دەشتەکانەوە رودەدات، بۆ من هەڵەبجە تەنیا چرکەساتێك نییە کە هاوڕێکانم تێیدا دەمرن.

هەڵەبجە برینێکە بە دەستی کورد تیمارناکرێت، کورد حەکیم نییە بۆ برینەکان، ئازیزم کورد شمشێربەدەستە! هەر کام لە ئێمە کە تووڕەبووین ژیان دەتۆرێنین و بۆمان ئاساییە مرۆڤێك بخەینە ناو ئازارەوە، ئاخر ئەمە ئیشی ئەو دڕندانەیە بەس چەمۆڵە دەوەشێنن، نەك ئیشی ئەو مرۆڤانەی خۆیان لەژێر ئازاردا هاتوونەتە دەرەوە، ناتوانین جیاوازییەکان قبوڵبکەین،

بۆیــە هەمیشــە بیر لە هێــز دەکەینەوە بۆ ســەرکەوتن، کلتوری ئێمە موسیبەتە، جیاوازییەکانمان دەخنکێنین، رێگەنادەیــن کــەس خــۆی بێــت، بۆیــە رێگەنادەیــن بچینــە ناودنیایەکــی دییەوە، هەمووومــان کار بۆ ئەوە دەکەیــن ئەوانــی تــر بخەینــە ژێــر ســێبەری خۆمــان، بۆیە هەمیشــە لەبــری روناککردنەوەی شــارێگەیەك، ماڵێك تاریکدەکەین، بۆ ئەوەی دەربازببیت لەم هەموو خراپەکارییانــە، باشــترە مرۆڤێکــی راســتەقینەبیت، ئەوەندەی شەڕ لەگەڵ دەرەوەی خۆت دەکەیت، باشترە شەڕ لەگەڵ ناخی خۆتدا بکەیت، تۆ دەبیتە نەوەیەك، زۆر شت هەیە نەتبینیوە.

بەڵام بچۆرە دۆخێکەوە کە خۆت لەو ســەردەمەدا ژیابیت، بزانە چی دەکەیت، دەبێت لەسەرووی هەموو ئــەو شــتانەوە ئــەوە بزانیــن کــە تاقــە شــتێك شــایەنی ئەوەبێت سەری بۆ نەویبکەیت، خودایە! تەنیا لەبەردەم ئاســماندا ســەرت نەویبکــە، نەخەڵەتێــی بــە قســەی گەورەکان و دەسەڵاتدارەکان، ئەوانە شتێك نین جگە لە کاروانچییەك کە بارەکەیان پڕ لە زێڕەو دێن و دەچن، باشــترین زێریــش ئەوەیــە خــۆت بیدۆزیتــەوە، نــەك بە دیاری بۆت بێت، دڵت بۆ خۆشــبەختییە بەخشراوەکان

لێنەدا با نەبیتە کۆیلە، ئەوەش بزانە؛ مرۆڤ شایەنی ئـازاردان نییـە ئەگـەر خراپەکارێکـی گەورەیش بێت، بـۆ ئـەوەی باش بژییت و هەمیشـە خۆشـبەخت بیت، نینۆکەکانت لێبکەوە با چەمۆڵە لەکەس نەگریت.

ژیان هەر هێندەی مەرکانەیەك جوانە.

# نامەی هەژدەیەم

## واران گیان: نوسەران، بکوژی خوێنەرەکانن.

دەزانــی؟ لای مــن خوێنەری ئازیز مردوە، خوێنەری ئازیــز ئــەو خوێنەرەیــە ناتوانێــت دیــوە راســتەقینەکەی نوســەر ئاشــکرابکات، خوێنــەر نابــێ ئازیز بێــت، دەبێت رژد بێت، ئەو خوێنەرە ئازیزە لە ســاڵانی حەفتاکانەوە مردووە و ئیدی نابێت بۆی بگەڕێین، پێمسەیرە برێك لە نوسەرانی تەنبەڵ هێشتا باسی ئازیزیی خوێنەر دەکەن!

ئای چەند بێزارم لەو خوێنەرەی کە بە تەمایە ببێتە ئازیزم! چەند دڵخۆشم بەو خوێنەرەی بە شوێن مانایەکی تری نوسیندا دەگەڕێت و بە نیازی ئەوەیە هەر شتێکت کردووە هەڵیبوەشێنێتەوە! سەردەمانێك فەیلەسوفێك هات باسی مەرگی نوسەری کرد بە دەست خوێنەرەوە، رەنگە فەیلەسوفێکیش بێت باس لە جەلادیی نوسەر بکات، لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت خوێنەران لەوە تێبگەن و نەهێڵن نوسەرەکان لە ریگەی وشەکانیانەوە داگیریانبکەن، ستەمکارێك دەتوانێت وڵاتێك داگیربکات، بەڵام رەنگە نە توانێت عەقڵی خەڵکی ئەو وڵاتە داگیربکات، نوسەر نەخشەی جوگرافیاکان داگیرناکات، بەڵکو عەقڵیان داگیردەکات، سەیربکە، گەر بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ نوسەران نەکەین، چەند مەترسیدارن! باشترین خوێنەر ئەو خوێنەرەیە کە بۆ ئەوە دەخوێنێتەوە بیرکردنەوەی نوسەرەکە تێك و مەکان بدات، نەك بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر هەیمەنەی ئەو بیرکردنەوەیە، باشترین نوسەریش ئەو نوسەرەیە کە بە نیازە فەزای بیرکردنەوەی خوێنەر فراوانبکات، نەك داگیریبکات.

ناخۆشترین کاتی نوسەر ئەو کاتەیە خوێنەرەکانی پێیسەرسام بن، چەند مایەی خۆشییە رووبەرووی

خوێنەرانێك ببیتەوە بتوانن ئاستی بیركردنەوەت بگۆڕن، خۆ رەنگە بۆ زۆرێك لە نوسەران مایەی خۆشحاڵی بێت خوێنەرەكانیان هەمیشە ستایشیان بكەن، بەڵام هەرگیز بۆ نوسەری راستەقینە مایەی خۆشحاڵی نییە خوێنەرەكانی بێدەنگ بن و سەرسامیی خۆیان بەیانبكەن، بەبێ ئەوەی شتێكی زیادە بخەنە سەر نوسینەكە.

بەدبەختیی خوێنەری كورد ئەوەیە؛ یان سەرسامە، یان بە زمانێكی زۆر ناخۆش قسە دەكات و لە بێئاگایی خۆیەوە قسە لەسەر ئاگایی نوسەر دەكات، تۆ ئەگەر بوویتە خوێنەر، كارت بەدەقەوە بێت نەك ژیانی تایبەتیی نوسەر، هەموو مرۆڤێك ژیانێكی تایبەتیی هەیە، كە هیچ پەیوەندیی بەوانی دییەوە نییە، هەر چۆن نوسەرەكان كاریان بە ژیانی تایبەتیی خوێنەرەكانەوە نییە، دەبێت خوێنەرەكانیش وابن، بەڵام خۆ لێرە خوێنەرە تەنبەڵ و حیزبییەكان كە بەرگەی نوسینێكیان نەگرت، ئیدی پەلاماری ژیانی نوسەرەكە دەدەن، ئەوەندە لە ئاستێكی بچوكدا قسە دەكەن، مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت بچەمێتەوە بۆ ئەو ئاستە، نوسەرەكانیش زۆرترینیان ئەوانەن كە شارەزان لە درۆكردندا، كەمترینیان ئەوانەن

کە دەیانەوێت راستییەك بڵێن کە:
بۆ هەمووان بیماری بێت، ئەگەر خوێنەرێك لە ئاستێکی لاوازدا بەرانبەرت قسەیکرد، بۆی مەچەمێرەوە، تا رۆژێك دێت دەگاتە ئاستێك بتوانی بە پێوە قسەی لەگەڵ بکەیت، هەر نوسەرێك چەمییەوە بۆ ئەو ئاستە لاوازە، نایشتوانێت هەڵبسێتەوە سەرپێ.

کچەکەم....
پیاوێك دەڵێ "من ئەو نوسەرەم خۆشدەوێت کە بە خوێنی خۆی دەنوسێت." دەزانی؟ هەر نوسەرێك نەیتوانی بە ئیمانو باوەڕی خۆیەوە بنوسێت، هەرگیز نابێتە نوسەرێکی راستەقینە، هەر نوسەرێك نە یتوانی بە ئازادیی عەقڵی خۆی بنوسێت، ئەوە زوو خوێنەر لە خۆی دەتۆرێنێت، تۆ نە لەبابی ئەو نوسەرانە خۆشببە کە فێڵێك لە وشەکانیاندا هەیە، نە هەرگیز لەوانە نزیکبکەوەرەوە کە لەبری ئازادکردنی عەقڵی خوێنەر رێگەی گێلێتییان پیشاندەدەن، هەندێك جار شارەکان بۆگەندەکەن، ئەو رۆژەی شار زۆر بۆگەنی کرد، ئەوە بزانە ماڵی ئەو نوسەرە پاکدەکەنەوە کە حەقیقەتەکانی شێواندوون، ستەمکارەکان بەبێ نوسەرەکان هیچ نین

جگە لەچەکبەدەستێکی گەمژە، بەردەوام ئەوە نوسەرە ستایشکەرەکانن کە ستەمکارەکان دەکەنە پیاوی تێگەیشتوو، دەزانی بۆ دەڵێم پیاو؟ چونکە کەم روودەدات ژنێك ببێتە ستەمکارێکی گەورە.

ئەو پڵنگە ترسناکەی لە ناخی پیاودایە لە ناخی ژنەکاندا نییە، خوێنەرە جدییەکانیش لەمە تێدەگەن، هەندێك هەن پێیانوایە ئەگەر قسەیەکی خراپ رووبەرووی نوسەرێکی ناودار بکەن ئیدی شتێکی مەزنیان کردووە، نازانن هیچ کێوێك بەوە ناروخێت بەردێکی لێدەربهێنی، خوێنەر تا فێرنەبێت قسەی خۆی هەبێت لەسەر دەق، هەرگیز فێرنابێت دەق بناسێت، کچەکەم من بۆ خۆم خوێنەرم، دەزانم برێك کتێب هەن، لەهەرماڵێکدا ببن ئەو ماڵە بیست ساڵ دەخەوێنن، برێك کتێبیش هەن لەهەر ماڵێکدا ببن ئەو ماڵە روناکدەکەنەوە، هەرگیز بۆ ئەوە ناخوێنمەوە سەرسام ببم، بۆ ئەوە دەخوێنمەوە دڵگران ببم کە بۆچی هێشتا هیچ نازانم؟! دەزانی خوێنەری رژد هەمیشە درك بەوە دەکات کە هیچ نازانێت، خوێنەری گێلیش ئیدی دوو کتێبی خوێندەوە، پێیوایە دەبێت قسە لەسەر هەموو شتێك بکات، تەنانەت خۆیشی هەڵدەواسێت بە ناوە گەورەکانەوە، ئەوانەی کە شتی مەزن دەنوسن،

ئەگەر رۆژێك بوویتە نوسەرێکی باش، لێگەڕێ کێ ویستی بە تۆوە خۆی هەڵبواسێت با ئازادبێت، چونکە زوو دەکەوێتە خوارەوە، من ئامۆژگاریت ناکەم، بەڵام زۆر دڵگران دەبم ئەگەر خوێنەری ئازیز بیت.

تۆخوێنەری ئازیز مەبە، با بەگەمژەیی نەمریت.

# نامەی نۆزدەیەم

**سڵاو کچەکەم..**
**من مرۆڤێکی غەریبم!**

زۆرجـار دڵم تەنگـە، ئێواران بۆ من یانی دڵتەنگی، یانـی گەڕانـەوە بـۆ مەیلـی گریان، یانی جێهێشـتنی ڕۆژێك بەبێ ئەوەی شـتێکی زیادە بخەینە سـەر ژیان، یانـی هەسـتکردن بە غـەریبـی لە نیشـتیماندا، دەزانی مـن منداڵێکـی سـەر سـنوورەکان بـووم، هـەر کاتێـك

بمتەکێنی پڕم لە تەپوتۆزی شەڕ، پڕم لە برین، پڕم لە ئاوازی دڵتەنگی و غەریبی و کەوتن، کوچەبەکوچەی برینەکانی ئەم نیشتیمانە شارەزام، کۆڵان بە کۆڵانی مەرگی ئەم وڵاتەم چەشتووە.

ئەوەندە بیماربووم.. لە هەڵەبجە دەچم، هێندە دڵمشکاوە.. دەڵێی گەرمیانم، ئەوەندە خۆمم خواردووەتەوە.. لەو منداڵە دەچم کە چاوەڕێی باوکیەتی بگەڕێتەوە و هەرگیز ناگەڕێتەوە، سەیربکە؛ ئەم وڵاتە پڕبووە لە گۆدۆ، ئۆردوگایەکی ئاوارەیی نەماوە جێپێی منداڵیی منی تێدا نەبێت، هێندەی شارەزای سنوورەکانم بۆ ڕاکردن، ئەوەندە شارەزای منداڵیم نیم، تەماشابکە؛ منداڵیی ئێمە هاتوچۆکردن بوو لە سنوورەکانەوە بۆ غەریبی، ئەوەندە گوێم لە زرمەی تۆپ بووە، ئەوەندە گوێم لە دەنگی دایکم نەبووە، دەنگی دایکم بۆ من یانی منداڵی.. یانی خۆشتر لە دەنگی یار.. خۆشتر لە خەوی بەیانی.

چەند سەختە بەهەشتی تۆ ئەو شوێنەبێ کە دڵت تێیدا دەشکێت، منداڵێك بووم، کۆشکەکانی خەیاڵی من ئەو ئۆردوگایانە بوون کە ژیان تێیاندا جەهەننەمێکی بچکۆلانە بوو، کچەکەم.. شەڕ ئەوپەڕی پێکەنین بوو

بە منداڵیی ئێمە.. شەڕ ئێمەی وێرانکرد.

کە گەورە بووین وەك منارەی مزگەوتی گوندەکەی خۆمان روخابووین، کاتێك گوندەکەی خۆمانم بینی، دەتوت وێرانەیە، تۆ نازانی شەڕ چیی بە ئێمە کرد! ئەوەی هەمانبوو شەڕ لێیسەندین، وەختێکیش گوندەکەی خۆمانم بەجێهێشت، هێشتا دایکم سەری سپینەبووبوو، باوکم لە دیوارێکی روخاو دەچوو بە دەست ئەم ژیانەوە.

دایکیشم وای... گوڵی سەرکراسەکەی ئەو بۆنخۆشتربوون لە گوڵی ناو فنجانەکان، باوکم لە سێبەرێك دەچوو هەموومان لە ژێریدا بحەوێنێتەوە، براکانم تازە لە منداڵی دووردەکەوتنەوە، هێشتا بە شاریان دەوت غەریبی، خوایە براکانی من چەند شەرمنن! خوشکەکانم رێك لە گۆزەیەك دەچوون کە دڵی تەڕبێت لە گەنجێتی، کە دەچووین بۆ باخ، تا هەواڵی پاییز نەهاتایە نە دەگەڕاینەوە، کە سەیری باخەکان دەکەی، دەزانی کەی پاییزە، دەزانی ژیان هەر هێندەی گەڵایەك جوانە، بیرمدێ کاتێك گوندەکەمانم بەجێهێشت، ئەوەندە سادەبووم.. لە دوکانی میوەفرۆشێکدا سەودای وەرزەکانم دەکرد.

ئێستا لە شارەکانم، ژوورێکم هەیە بۆنی کتێبی

لێدێت، بۆنی پیاوێکی دڵشـکاوی لێدێ، لەژێر سەری هەر پیاوێکدا شتێك هەیە، لەژێر سەری منیشدا کتێبێك و گریانێك، هەتا خوا حەزبکات ئارەزووی شیعر دەکەم، دێڕە شـیعرێکم پێجوانترە لە هەموو کتێبە سیاسییەکان، بۆ من سیاسەت گوێزێکی پوچە، لەگەڵ سوهرابدا ئەو قیتارەم بینی کە سیاسـەتی تێدابوو.. چەند بە بەتاڵی دەڕۆیشـت! ئـەو قیتارەشـم بینـی گوڵـی نەیلەوفـەری تێدابوو.. چەند بە قورسی دەڕۆیشت!

ئەگەر بمرم، باوەشێك کتێب و چەند هاوڕێیەکی سادە و دوو وشـەی تووڕە بە جێدێڵم، چەند خۆشـە شاعیرانە بژییت و شـاعیرانە بمریت! چەند سـەختە شتێك بکەی لەناو رۆحتدا جێگەی نەبێتەوە، هەمیشـە تەنیاییەك لە ناخمـدا بانگمـدەکا، ئارەزوومـە درەنگانی شـەو بەسـەر شـەقامەکاندا پیاسـە بکەم، تا هەست بە خەوی قووڵی ئێوە بکەم، تا هەست بە گوندیبوونی خۆم بکەم لە شاردا، ئەو کاتانەی کورد دەخەوێت، من مەیلی بە ئاگابوونمە، بۆ من باوەشی کتێبێك میهرەبانترە لە باوەشی ژنێك.

هەرچەنـدە هەمیشـە ژنێـك لـە دڵمدایـە، بـۆ ئەوەی منداڵیـی خۆیشـمان لـە بیرنەکەیـن، یـان دەبێـت بچین بۆ پارکەکان، یان دەبێت دیوانە شـعیرێك بە دەسـتمانەوە

بگریـن، من دەزانم سیاسـەت چەنـد تیری لە من داون، بـەڵام دەیشـزانم خەونێـك لـە مندایە هەرگیز سیاسـەت نایشێوێنیێ، لەناو شارەکاندا تەنیاییەکی گەورە لە ناختدا نەبێت رەشەبای شار دەتبا، چەند گوناحن ئەوانەی شار دەیانبا و هەرچی سادەیی هەیە لێیاندەسێنێتەوە!

ئا بیرمکەوتەوە.. دەبێت پێتبڵێم؛ لە ژێر سەرینی هەموو ژنێکدا پیاوێکی عاشـق هەیە، جگە لە شـاعیرەکانیش لەژێـر سـەرینی هەمـوو پیاوێکـدا تیروکەوانێـك هەیە، هەمـوو ئەو شـتانەی بـە تۆیان دەڵێم ئەزمونـم کردوون، دڵی پیاو شـاعیرانە نەبێ جەنگاوەرانەیە، داخ بۆ ئەو ژنەی لە باوەشی جەنگاوەرێکدا دەخەوێ.

کچم، بیرتنەچێت من شـاعیر نیم، وەلێ خەمێك لە دڵمدایـە لە خۆم دەچێت، یانی دەمەوێت وەك باخەوانێك سـەیری ژیـان بکەم، نەك وەك جەنگاوەرێك، پێمخۆشـە قـاچ بخەمە نـاو جۆگەیەك ئاوەوە، نەك دەسـت بخەمە نـاو سیاسـەتەوە، ئەگـەر ئـەم دنیایـە مەودا بـدات وەك گوڵەبەرۆژەیـەك روو لـە هەتـاوی دڵـی ژنێـك بکەی، باشترە تا روو لە دەسەڵات بکە! هەندێك جار برینەکانی ئەوانی تر وات لێدەکەن چەکوشـێك بگریت بە دەسـتەوە تابتەکان بشکێنی، بۆ ئەوەی سوژدەبەرەکان کەمبنەوە،

هەر ئەو برینانەیشن وا دەکەن کە هەندێك جار خۆت نەبیت، هەندێك جار ببیتە بتشکێن کە ئیشی جەنگاوەرانە، دەمەوێت پێتبڵێم؛ باشترە خۆت خەریکبکەی بە سادەییەوە، بۆ ئەوەی پارچەپارچە نەبیت و میهرەبانیی دڵی خۆت لە دەستنەدەی.

کچەکەم، جۆلانەیەك لە نێوان دوو گوڵی باخچەیەکدا سازبکە.

# نامەی بیستەم

## واران.... هێشتا ماوین!

ئەگەر هەواڵی من دەپرسی، ئێستا زۆرخراپ نیم، هەندێك جار مەیلی ئەوەمە جانتاكەم هەڵبگرم و وەك موسا فیرێك ئەم دنیایە تەیبكەم، ئەوەندەش بەم نیشتیمانەوە بەسراوم دەڵێی داربەڕووم، لە هەموو حاڵەتێكدا نازانم چی بكەم، دەمێك دەڵێم ژن بهێنم و دەمێكیش دەڵێم با درزێك نەكەوێتە ناو تەنیاییمەوە،

ئەوەندەش جگەرە دەکێشم موعتادبووم بە دڵتەنگییەوە، ژنێك و شیعرێك لە دڵمدان، هەمیشە دەمخەنە سەر کەڵکەڵەی ژیانەوە.

بۆ من نائومێدی سەرەتایە بۆ دەستپێکردن، نەك کۆتاییەك بێت بۆ ئەم دنیایە، شتێك زۆر دڵم خۆشدەکات ئەوەیە؛ مرۆڤم لاگرنگترە لە خاك، جارجارە دەڵێم؛ چ لەوخاکە بکەم کە مرۆڤی لەسەر ئازاردەدرێت؟ گەڕیدەیەك بیت بە ئازادی بژییت، باشترە لە خاکپەرستێکی دەستەمۆ. جاران دەمانوت هەموو شتێك لە پێناوی خاك، دەشێ ئێستا بڵێین هەموو شتێك لە پێناو مرۆڤەکاندا، تۆ خاکت بۆچییە گەر بۆ مرۆڤەکان نەبێت؟ هەمیشە بیمارم بەوەی بیر لە شتێك بکەینەوە کە تەنیا بۆ ئەم سەردەمە بێت و سەردەمەکانی دی لەبیربکەین.

ڕەنگە ئەم قسەیەم نەتەوەپەرستەکانی ناو ئەشکەوتەکان تووڕەبکات، بەڵام بۆم گرنگ نییە کێ نیگەران دەبێت یان نا، بۆم گرنگە دەبێت بچینە قۆناغێکەوە ڕێزی مرۆڤەکان بەرزبکەینەوە، تا مانایەك بە خاك بدەین، مێژووی نوێی ئێمە مێژووی بێحورمەتیکردنە بە مرۆڤ بە ناوی خاکەوە، دەبێت لەپشت ئەو مێژووەوە بڵێین

نەعلـەت لەوخاکـەی مرۆڤی لەسـەر بێحورمەتدەکرێت، مێژوویەکم خۆشـدەوێت مرۆڤی خۆشـبوێت، مێژوویەکم ناوێـت لەسـەر خاکەکـەی مرۆڤـی پاچەپارچەکردبێت، دەزانـی؟ نەتەوەیـش ئەوەنییـە ئـەم خەڵکـەی لەسـەر گۆشـکراوە، نەتـەوە پەیمانـی کۆمەڵایەتییـە، کـە ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە هەڵوەشـایەوە، ئیدی شـتێك نییە ناوی نەتەوەبێت.

نـە زمـان و نـە خـاك نەتـەوە دروسـتناکەن، ئـەوەی نەتەوە دروستدەکات ئەو پەیمانەیە، تۆ سەیربکە، دەتوانی بچیتە وڵاتی ئینگلیزەکان، زمانەکەش فێرببیت، لەسەر خاکەکەشـیان بژییت و رەگەزنامەیـش وەربگریت، بەڵام نابیتە ئینگلیز، تا ئەو کاتەی پەیمانە کۆمەڵایەتییەکەی ئەویێ جێبەجێبکەیت، بۆ ئێرەیش هەر وایە، دەیشـتوانی لە هەر شوێنێك بیت کوردبیت، بەبێ ئەوەی بە زمانی کوردی قسەبکەیت و لەسەر خاکەکەیشت بژییت، بەڵام پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و رۆحی کوردبوونت دەتبەسێتەوە بەو نەتەوەیەوە کە ناوی کوردە، ئاخ کچەکەم، تۆ نازانی لەسـەردەمی ئێمـەدا شـتەکان چۆن بە خراپی تەفسـیر دەکرێـن و نـەوەکان چەند بـە پێچەوانەوە گۆشـدەکرێن؟ جـاری وا هەیـە ئەوەندە تووڕە دەبیت لەم خراپەکارییانە،

پێتخۆشدەبێت بچیتەوە ماڵەکەت و دەرگاکە لەسەر خۆت دابخەیت و نەیێیتە دەرەوە، یان جانتایەك بکەیتە شانت و بڕۆیت و هەرگیز نەیێیتەوە، چەند مەترسیدارە نەوەیەك لەسەر پەروەردەیەکی ناتەندروست گەورەبکرێت و حەقیقەتەکانی لێ ئاوەژووبکرێن! تا نەفرەت لەو بنەما کۆنانە نەکەین، ناتوانین شتێکی تازە بخەینە ناو ژیانەوە.

دەبێت دەستکاریی هەموو شتێك بکەین بەبێ ترس، تەفسیرەکان هەڵبوەشێنینەوە، ژیان بە جۆرێکی باشتر ڕەنگبکەین، ئەو زەخیرەیەی خراوەتە ناو مێشکمانەوە فڕێبدەینە دەرەوە، حیکایەتی نوێ، مێژووی نوێ، دنیابینییەکی دی، وامان لێدەکەن خۆمان جیهانەکە دروستبکەین، نەك بچینە سەر میراسە کۆنەکە. کەسی تەنبەڵ هەمیشە دەیەوێت لەسەر میراس بژی، کەسی عاقڵیش پشت لە میراس دەکات و خۆی میراس دروستدەکات، بۆ ئەوەی لەوانەی بەر لەخۆی نەکات.

واتا دەمەوێت پێتبڵێم با هەمیشە دیدی خۆت بۆ شتەکان هەبێت، دیدێکی لەوانی دی جیاوازتربێت، گەر ئەمەیشت پێنەکرا، ژیان قەرەباڵغ مەکە، بۆ خۆت لە سوچێکی ئەم جیهانەدا خەریکی باخچەکان ببە، کاتێك قسە بکە ئەوانی تر بێدەنگبوون، لەگەڵ شاعیرە

گەورەکـەدا، لـە تەنیشـت هـەر سیاسـییەکەوە درەختێك بچێنە، بۆ ئەوەی ژیان بۆگەن نەکات.

خۆ پیاوەکان دڵی ژنێك خۆشبکەن باشترە لەوەی ببنە سـەرکردە، دڵی ژنێك بۆ پیاوی راسـتەقینە گەورەترە لە پاشایەتی، ئێ لەوانەشە وا نەبێت، لە هەمـوو حاڵەتێکدا مرۆڤ دەبێت هەمیشـە بیر لە شـتی مەزن بکاتەوە بۆ ئـەوەی شـەهامەتی خۆی لە دەسـتنەدات، فەزیلەتیش ئـەو کاتـە دەسـتپێدەکات کە بنەماکانی مرۆڤ لەسـەر بیرکردنەوەی رەسـەن بنیاتنرابن، نەك لەسـەر دروشـمی سـەردەمییانە، ئەوەی دەیکەیت ئەوەندە بە باوەڕەوە بیکە لێی پەشـیماننەبیتەوە، لەوانەیە لەسـەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیـدا هەڵـە بکەیـت، ئەمانـە هەڵەنیـن، چونکە بیرکردنـەوەت کامڵ نەبووە، پـاش ئەوە ئیدی هەڵەکردن بەخراپـە دەکەوێتـەوە لەسـەرت، گرنـگ ئەوەیـە کاتێك کامڵبوویت هەڵەنەکەیت، کە کردیشت بزانە هەڵەیە، من بانگهێشتت ناکەم بۆ خراپە، بەردەوام پێمخۆشە دەست بۆ شتێك ببەیت لای ئەوانی دی پیرۆزبێت، خۆت دەیبینی ئەم جیهانە پڕبووە لە شتی پیرۆز، کە پیرۆزنین، هەمیشە لەپشـت هەمـوو بـە پیرۆزکردنێکەوە کۆمەڵێـك گەمژە وەسـتاون، هەر ئەو گەمژانەن شـتەکان پیرۆزدەکەن، بۆ

ئەوەی مانایەك بە بوونی خۆیان بدەن، هەرکاتێك ویستت لەو گەمژانە بدەی، باسی پیرۆزییەکانیان بکە، ئیدی ئەوان ئازاریان پێدەگات، یانی لە خوارەوە گەڕێ، کاری تۆ لەگەڵ سەرە گەورەکانە نەك بچوکەکان.

دواجار پێتدەڵێم؛ ئەوان دەتوانن بتکوژن، بتگرن، بیمارتبکەن، ئەوە وانەی ئەوانە بۆ تۆ، با وانەی تۆیش بۆ ئەوان ئەوە بێت؛ بە دەنگی بەرز بڵێ: چۆکدانادەم.

هەمیشە باشبیت، من رەنگە ئیدی شتێکم نەبێت لەمە زیاتر بۆ تۆ، ئومێدمە رۆژێك بتبینم.

# نامەی بیست ویەکەم

**دوانامەم لەبارەی پیرییەوەیە.. کچەکەم.**

**"من ئەمرم و هەموو گیانم بە گوڵ بشارەوە.... تۆ ئەمریت و هەموو گیانت بە دڵ ئەشارمەوە."**

(بەختیار عەلی)

بێزارنەبیت لە پیریم، پیری زەنگێکە هەموومان گوێمان لێیدەبێت، ساڵانێك دێت سەرم داویەتی

لەسپیەتی، روخسارم بە لۆچ داپۆشراوە.

نەکەی بیر لەوە بکەیتەوە ئەو روخسارە تەماوییەم بێزارتبکا، هەموو رۆژێك مرۆڤ وەك خۆی نییە، ئەو روخسارە گەنجانەیەم دەڕوات و یەکێکی دی دێتە شوێنی، بیر لەوە نەکەیتەوە بڵێی ئەم روخسارە ناشیرینە کەی وندەبێت؟ تۆش ئەم دەردە دێتە رێگەت کچەکەم. ویستت بە شوێن جوانیدا بگەڕێیت بەناو کوچەکانی رۆحمدا بگەڕێ، نەك بەسەر لۆچەکانی سەر روخسارم.

باوانم..

سەردەمێك دێت دەستەکانم دەلەرزن و ناتوانم هیچ بە دەستمەوە بگرم، ئەگەر وام لێهات دەموچاوت نەدەی بەیەکدا، ئیدی کاتی تۆیە جارێکی دی لە پیریدا من فێربکەیتەوە، پیری پڕە لە منداڵی، ئەوانەی پیردەبن جارێکی دی منداڵ دەبنەوە، ئەوەندە دڵیان ناسك دەبێت رێك لەو سەردەمە دەچێت کە تازە فێری قسەکردن بووبووی، هیچ باوکێك ماندوونابێت لەوەی منداڵەکەی فێری قسە دەکات، بەڵام هەر ئەو منداڵە گەورە دەبێت و جارێکی دی دەبێ باوکە پیرەکەی فێربکاتەوە قسە بکات، تۆ دەتوانی کە من پیربووم و قسەم لە بیرچووەوە،

لە پێش چاوی هاوڕێکانت قسەیەکی خراپمکرد روشکێنم نەکەیت؟

ئەی ئەگەر روشکێنت کردم بیرتدەچێتەوە کاتێك تۆ قسەت نە دەزانی من یارمەتیمدەدایت؟ لە پیریدا دەزانم تۆ مندالٚی منی، دەبێ تۆش بزانی ئەو کاتە دەبیتە باوکێك بۆ من و فێری هەموو ئەو شتانەم دەکەیت کە لە مندالٚیدا تۆم فێرکردو ئێستا خۆم بیرم چوونەتەوە، جاران کە دەهاتمەوە بۆ مالٚەوە هەمیشە خەیالٚم لای ئەوەبوو باوەشت پیابکەم و تێتبگەیێنم کە بیرتدەکەم، ئەی ئەگەر من پیربووم و لە مالٚەوە کەوتم، کاتی هاتنەوەت بۆ مالٚ تۆش ئەوە دەکەیت تا بزانم بیری باوکە پیرەکەت دەکەیت؟

تۆ دەبیتە ئەو حیکایەتخوێنەی نەهێلٚی هەست بە تەنیایی خۆم بکەم لەو پێخەفەدا؟ سەر وەختێك کە مندالٚی، باوکت شانازییت پێوە دەکا، ئەی ئەگەر باوکت کەنەفت بووو هیچ هێزێکی تێدانەما، تۆ شانازیی پێوەدەکەیت؟ ئەو کاتەی کەوتووم و ناتوانم هەستمەوە، جگە لە تۆ کێ هەیە دەستمبگرێت و هەلٚمبسێنێتەوە؟ ئازیزم.. دوعادەکەم هەرگیز وام لێنەیێ بێزارتبکەم، هەرگیز نەگەمە ئەو رۆژەی ماندووتبکەم، وەلێ ئیدی

پیرییە، کە هات دەبێ بەرگەیبگریت، ئەو ساتانەی دڵم ناسك دەبێتەوە و هەست بە بەرەو مردن چوون دەکەم، تاقە هیوای ئەو باوکە ئەوەیە منداڵەکەی ببێتە چەترێك بۆی، تۆ دەتوانی ئەو چەترەبیت تا بە دڵشکانەوە نەمرم؟ دەیبینی من کەوتووم و هەموو گیانم دەلەرزێت، نە دەتوانم پێبکەنم، نە دەتوانم بجوڵێم، شەوان دامنەپۆشن سەرما دەمبات و دەستدەکەم بە کۆکەکۆك، شەوان ئێشکگری نەکەی بەسەرمەوە رەق هەڵدەگەڕێم، هەر چۆن کە منداڵ بوویت شەوان ئێشکگری تۆ بووم تا داتپۆشمو سەرمات نەبێت، هەمان ئێشکگری دێتەوەرێت، تۆ دەتوانی دامبپۆشیو لێمبێزارنەبیت؟

که باوکت بە پیری نەخۆشکەوت تۆ دەبیتە حەکیمی دەردەکانی؟ کە منداڵ بوویت خەمم دەخواردی، ئەی ئەگەر باوکە پیرەکەت پێویستی بە تۆ بوو خەمی دەخۆیت؟ میهرەبان بە لەگەڵ پیریمدا، با هەستبکەم باوکێکی خۆشبەختم لەم ژیانە، ئەمانەی کە پێتدەڵێم وێزگەیەکن لە ژیانی هەموومان، هیچ بۆ من هێندەی ئەوە خۆشترنییە ماچی پیرێك بکەم و پێبکەنێت بەو سۆزەی من، لێمتووڕەنەبی کاتێك داوای شتێك دەکەم.

هیچم نەماوە پێتبڵێم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم؛ هاتیتە

دنیـاوە ئـەو خەمانەت لەبیرنەچن کـە دێنەرێت، خەونی مـن ئەوەیـە منداڵێکی باش بیـت، بەرگەی هەموو ئەو تیرانە بگریت رووبەرووت دێن.

پێش مردنیش لەسـەر جێگام، ئاگات لێمبێت با بە تەنیاییەوە نەمرم.

ماڵئاوا کچەکەم.. بمبورە گەر پیریم ماندووتبکات. خۆشمدەوێیت.

## بەشی دووەم:

# نامەکانی یەسنا

**یەسنای ئازیز....**
**زۆر غەریبییت دەکەم.**

هەرگیز نامەوێت لەسەر رابوردوو بژیم، ئەوەی بینیم جەنگێك بوو بەرگەی جوانییەکەیم نەگرت، کەس نەبوو بمخاتە ئەو باوەڕەی کە کەسێك هەر وا بەو ئاسانییە دێتە ناو ژیانم، بێئەوەی لە دەرگاکانم بدات لەگەڵ خۆی دەمبات تا نزیکی ونبوون.

جادووگەرێکی سەیربوویت خانمی گەورە! شتێك زۆر دەیشڵەژاندم هاوڕێیەتیی ژنەکان بوو، بەس تێنەگەیشتم چۆن توانیت جەسارەتی ئەوەم بدەیتێ ئەم بیرکردنەوەیەم بدەم بەدەم ئاوەوە و لەبیریبکەم؟!

هێشتا حاڵینەبووم چۆن هاتی!

ئەو کاتەی لەژێر سێبەری تۆدا خۆم بینی، هەموو دەرگاکانی ژنبوونم لەسەر خۆم داخستبوون، تەنانەت پەنجەرەکانیش، بەس بیرمچوو لەسەر شەقامێك کەسێکم بینیبوو لە دڵم دەچوو، پێموابێ ئەوە تۆ بووی، بەدبەختیی من هەر ئەو ئێوارەیەبوو بە چاوەکانت سەلامێکی کزی منت وەڵامدایەوە.

دەبێ ئەو ئێوارەیە لە ژیانی تۆدا بوونی هەبێت؟! سەیرە گەر تۆش وەك من بیت! باوەڕناکەم هێندە گێل بیت ئەو بەرائەتەت لە بیرمابێت؟! ئەم خەیاڵە تاڵانە بەجێبهێڵە بۆ من، تۆحەیفی کاتی خۆت بەم دەردانەوە مەکوژە.

دەزانی رابوردوو دەردە؟!

رەنگیشە ئینسانی کورد گەر یادەوەرییەکی تەندروستی هەبووایە دەیزانی ماهیەتی خۆی کەوتووەتە کوێی دنیاوە، بۆیە هەرگیز باوەڕ بە خۆشەویستیی

منی بێ یادەوەری مەکە، کە ئینسانێکی کوردم، ئێمە هەمووومان وەك یەك دوورڕووین.

باشتر وایە بۆ خۆت عەشقبکەی، بۆ ئەوەی لە ژیاندا نەمریت و شتێك هەبێت فەخری پێوەبکەیت، زاهیدانە بژی! داوای هیچ شتێك لە بەرانبەرەکەت مەکە، جگە لە حورمەتگرتنی ژیان.

هەوڵیشبدە ئینسانت خۆشبوێت نەك شتەکانی ئینسان، شتەکان هیی تاقە کەسێك نین، دیاردەیەکن هێندە دەستەکانیان بینیوە، پڕن لە جێ پەنجەی تاریك، با ناسکیی پەنجەکانی تۆ نەچێتە سەر تارمایی پەنجەیەك، دڵت بە خەمگینی دابگرێت، بیرتنەچێت من ئامۆژگاریی کەس ناکەم.

هێشتا نەبوومەتە ئەو باوکە مشتەکۆڵە بەهێزەی حەزم لە ئامۆژگاری بێت، وەلێ کەسێکم خۆشبوێت ئارەزوودەکەم هەرچیم هەیە بیدەمی، گەر باوەڕیشم پێبکەی ئەو کەسە تۆی.

زۆر مندالآنە قسەت بۆ دەکەم، پیاوە راستەقینەکانیش ئەوانەن دەتوانن منداڵی خۆیان بۆ ژنەکان دەربخەن نەك بیشارنەوە، بەڵام حەزمدەکرد ئەوەت پێبڵێم: هەرگیز شعورم نەکردووە تۆ ژن بیت، ئەوەندە دەزانم هاوڕێیەکی

سوکەراتییانەم بوویت، کەچی نەتهێشت، زۆر زوو شتەکانت تێکدا، زۆر زوو منت ونکرد، سەخت بوو بۆ من بەو ئاسانییە لە ژیانی خۆت دەرتکردم، ئەوەی چاوەڕێمنەدەکرد روویدا.

تۆ لەوەگەڕێ چەند عەزیەتتداوم.... ئێستا حاڵت چۆنە؟

ئایا تەنیایت؟ یان کەسێك لەناو گیانتدا هەیە لە من ناچێت؟! هەست بە بۆنی تەنیاییت دەکەم، وەك من مەبە، خۆ تۆ نە دۆڕاویت، تۆ بەرگەتنەگرت نەك دۆڕابی، ئازایەتیی تۆ ئەوەبوو دەتتوانی هەموو کاتێك بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەیت.

ئەوەندە بەهێزبوویت دەتتوانی هەسارەکانیش بگۆڕیت، سەیرملێدەهات بەو ئاسانییە قەراری تێکەڵبوون بدەیت و پاشان قەراری دوورییش هەڵبژێری!!

پێدەچێت ژیان تەنیا ئەو ساتەبێت کە دەیبینین، هەستناکەیت بوومەتە بەرگریکارێکی باشی هەڵەکانی تۆ؟

ئازیزم... دوای تۆ ناچاربووم هەموو ژیانم سەرلەنوێ بگۆڕم، ئەمە لە ئازایەتیی منەوە نەبوو، بڕیارێکیش نەبوو ئیرادەی من دابێتی، بەڵکو جێهێشتنێك بوو

کاریگەریی کردە سەر تەمەنم، تەنانەت بیرکردنەوەیشم.
ئیدی بینینی من بۆ ژنەکان بە جۆرێك گۆڕا، تا ئەم حاڵەتەش نەمتوانیوە وەك جارانی لێبکەمەوە، ئەمەش گوناهی تۆ نییە، گوناهی ژیانە کە ناچارمان دەکات دۆستایەتیی کەسانێك بکەین کە هەقی دۆستایەتییان نییە، ئای چەند زەحمەتم کێشاوە لەگەڵ دۆستەکانمدا! بەردەوام قوربانیی پەیوەندییەکانی خۆم بووم، ئەوەندە کەسە نزیکەکانم بوونەتە هۆی ئازاردانم، هەرگیز نەیارەکانم ئەو کارەیان نەکردووە، بۆیە زۆرجار پێمخۆشبووە بە تەنیابم، بۆ ئەوەی ئازاری کەمتر ببینم لە تەمەنمدا.
زۆرجار تێکەڵبوون دەبێتە هۆی قەرەباڵغکردنی ژیان (بەبێ سودیش)، ئێمە ناتوانین لەناو ئەو هەموو دەنگەدا دەنگی خۆمان بدۆزینەوە، گەر تامی گۆشەگیریمان نەچەشتبێت.
دەمەوێ سوپاسگوزارت بم کە توانیت دوورمبخەیتەوە لە خەڵکی و بمخەیتە ناو ئەو شوێنەی کە خۆمی تێدا دەبینم، ئەمەیش کردەوەیەکی حەکیمانەیە، کە بێئاگا تۆ لەگەڵ منت کرد، راستییەکەی ویستت دەرمبکەی لە ژیان، بەڵام من لە لێرەوارەکانەوە هاتمەوە و بوومە

دۆستێکی نزیکی خۆم، تا پەی بەم دنیایە ببەم کە هیچی لێ حاڵینابم.

لە هەموو حاڵەتێکدا بیرتدەکەم، گەرچی لێرەنییت، وەلێ ماهیەتت وننابێت لەلام، تۆ سەنگینی دۆستی ئازیز.

٢٠٠٥ \٦\١٥

## ئازیزم....... یەسنا

ماوەیەکە زۆر سـەرقاڵم، سەرقاڵییەکەم پەیوەندیی بە خۆمـەوە نییە، خـۆت باش دەزانی لەو کوڕانەم هەرگیز بیـرم لەخـۆم نەکردووەتـەوە تابزانـم چۆن دەژیـم، ئەوەی گرنگە بەلامەوە گرتنی کاتەکانە، تا شـتێك ببەخشـم، نەك بەدەستیبهێنم.

ئەوانەی بۆ بەدەستهێنان هاتوونەتە ژیانەوە، پێویستە

لێیانەوە دووربین تا ئیحساسمان پیس نەبووە، ئەوانەش بۆ بەخشین پێویستیان بە ژیان هەیە، هەقی دەستماچکردنیان هەیە لەلایەن ئێمەوە، چونکە دوای پێغەمبەرەکان دایکەکانمان باشترین بەخشێنەرن، کەواتە گەر حەزمان لە بەخشین کرد، دەبێت یەکێك لەم دووانەبین.

من دەزانم ناتوانین ببین بە دایك، وەلێ خۆ پێماندەکرێت دوو مرۆڤی بەخشێنەر بین، تا دەورو بەرەکانمان سودێکمان لێوەربگرن، ئێستا خەریکی تەواوکردنی پارچە شیعرێکم باس لە ژیانی من و تۆ دەکا، ئەم شیعرەم هێندە عەزیەتیداوم وا هەستدەکەم لە تۆدەچێت، شەوان تا دەنگی بڵندگۆکانی رۆژهەڵات دێت بە دیاریەوە دەژیم، نزیکەی سێ مانگە بووەتە ئازیزترین هاوڕێم، بەڵام کاتێك دەیخوێنمەوە بۆ هاوڕێکانم تەسەورناکەن ئەوەی نوسیومە بەشێکە لە ژیانی رابوردووم.

ئەوان تەنیا وەك شیعرێکی دۆستانە تەماشایدەکەن، خۆ گوناهیشیان نییە، چووزانن ئەوە بەشێکی قسەکانی منن بۆ تۆ لە رێگەی زمانی شیعرەوە.

شیعرنوسین بۆ کەسێك کە شاعیر نەبێت کارێکی گەمژانە و گرانە، من هەم گەمژەبووم و هەمیش ئازارم کێشا تا بتوانم شتێك بنوسم لە شیعر بچێت، تێناگەم بۆ

دەستمپێکرد سەبارەت بە تۆ حیکایەتێك بنوسم؟!!

حەزمدەکرد من دەستم لە خولقاندنی تۆدا هەبووایە، تـا ئـەو مافەم هەبێت کاری چاکت بۆ مەیسـەربکەم و ژیانێکی لەبارو خۆشگوزەرانیشـت بۆ دەستنیشـانبکەم، هەرچەندە دیدی من زۆر خراپە لە سەر تۆ.

کەچی ناشـمەوێت بێ ویژدانییـەك بکەم کە توانای ئـەوەم هەبێـت قبوڵبکـەم تـۆ خەمباربیـت، هەڵبەتـە ئازایەتیـی تـۆ لەوێـدا دەبینم دوای مـن پێکەنینەکانت زۆرتربـن، زۆر دڵخـۆرش دەبـم گەر هەسـت بە تەنیایی نەکەیت، دڵنیایشم ئەو جەسارەتەت هەیە وابکەیت.

وا بیر لە ئێسـتات بکەرەوە کە من شـتێك نیم بتوانم ژیانـت تێکبـدەم، پێمدەکرێـت دەموچاوم بـدەم بەیەکدا و لەهاوڕێکانم بتۆرێم و ئیدی لە درەنگانی شەواندا نەچمە سـەر شـەقامەکان و سەیری ئاسمان بکەم، بەڵام ناتوانم تـۆ لەبیربکـەم و بەشـێك لە تەنیایی خۆمـت بۆ نەنێرم وەك دیارییەکی رەزاگران، تکایە حورمەتی تەنیاییەکانم بگرە.

گەر تۆ ژیانت خۆشبێت و دڵگران نەبیت، من ئاسودە دەبم.

خۆشـمدەوێیت.... گەر ئەم قسـەیەم سـەرمنەخوات،

دواجار تۆ منت فەرامۆشکرد، بەڵام من هەرگیز ناتوانم هەنگاوێك دوور لە سێبەرتەوە دونیا ببینم، ئەمەش کوفرێکە تێیکەوتووم و دەرچوون لێی کەمێك مەحاڵە.

٢٠ \ ٨ \ ٢٠٠٥

## گیانی من... یەسنا

### دەردی من لەم ئێوارەیەدایە

زۆر قەلەقم، هەمیشە بە نارِازیبوونەوە دەست بۆ شتێك دەبەم کە خۆم دەمەوێت دەستی بۆ ببەم لەوانەیە لەم ریگا گێژو ویژەیەدا قەلەقی دالْدەیەکی باش بێت بۆ خۆ دوورخستنەوە لە راستییەکان، نامەوێت وەك

مامۆستایانی مەرگ خۆم گومڕابکەم لەو تەمەنەی پێمبەخشراوە، دەزانی؟ زۆر سەیرکردنی مەرگ واتا سووککردنی ژیان، فێربوونی ژیان و بەکارهێنانی دوو شتی زۆرجیاوازن، هەرگیز یەکناگرنەوە.

راستییەکەی ئەوەیە؛ تەمەنی ئێمە بە چەند گۆرانییەکی شیرین و لایلایەیەکی ئێواران بەسەرناچێت، ئەوە نییە کە چاومان دەکەینەوە روناکی هەڵهاتووە، کەواتە تەواونابێت، ئەوە ئێمەین تەواودەبین و پێمانوایە کۆتاییەك هەیە.

خۆ بەدەستەوەدانیش هەڵەیەکە زۆر کەس تێیدەکەون، من هیچ چێژێك لەوە نابینم قەناعەت بەوە بکەم کە هەیە، دەبێت لە خۆمان بڕوانین تا بتوانین نرخێك بۆ ئەوانیش دەستنیشانبکەین.

هەندێك جار دەڵێم دەچمە شوێنێك فێری خوێندنم بکەن، هەندێك جاریش ئارەزوومە سەفەربکەم و دەیشمەوێت ئەو شارە بەجێنەهێڵم کە ئازیزەکانمی تێدایە.

بەڵام ئەمانە هەموو خۆکوشتنن، دەردی من بەم وەهمە سادانە تیمارناکرێت، کاتێك من نەتوانم بۆ چرکەیەك ئاسودەیی تامبکەم، ئیدی بۆ من چ کەڵکی هەیە لە باوەشی ژیاندا رابکشێم؟

ئـەم ئێوارەیە قەدەر وای خواست چـاوم پێتبکەوێت، دەزانـی زۆر جـوان بوویت؟؟ وەکو جـاران نەرماییەك لە ژیانتـدا بەدیدەکـرا، عەزابی من لە نـاو دیدەی تۆدایە، نامەوێت ئیتر ئاوا بەو ئاسانییە بتبینم، لەوانەیە بەرگەی تەماشاکردنێکی تر نەگرم.

دیارە وام لێهاتووە بە چرپەی گۆرانییەك دڵم پڕدەبێت لە گریان.
بەهەر حاڵ......................
حەزدەکەم بمرم.

٢٠٠٥ \ ١٠\١٧

## ئازیزم........ یەسنا

ئێستا لە هەموو کات هیلاکترم بۆت، لەناو شارێکدام بەراستی هەست بە غەریبی دەکەم، ئەوانیش وەك من قسە دەکەن، وەلێ لێمتێناگەن، ئەمەیش لە نەزانیی ئەوانەوە نییە، بەڵکو لە گوناهی منەوەیە کە ناتوانم خۆم بکەمەوە.

عادەتێکی سەیرە!! ئەم دڵە پڕە لە نهێنی، خۆ لەوانەشە

گەر شەوانێك لەسەر شەقامەکان بریني خۆم وەربگێڕمە سەر زماني هاوڕێیەکم، کۆڵێك پێکەنین بیگرێت.

جا حەقي خۆیەتي، چ باکي بەو ئێشەیە کە لەمندا هەیە و بریسکەیەکي ناگاتە لای ئەو، من لەو کوڕانەم کە هیچ ئارەزوویەکم نییە جگە لە بێدەنگي.

ئـەوەی دەیشـیلێم قسـەگەلێکە دەبووایـە خەڵکي تر بیلێ، کەچي ئەوان ئەوەندە قانیعن بەم ئیسرافەی ژیان، ناچار.. دەبێت لەبری ئەوان قسـەبکەین و بیربکەینەوە، پێمخۆشە ئەوەی خۆشمدەوێت تۆسقاڵێك بیری لێبکەمەوە لەپێنا و ئەوەی خۆم ونبەبم.

یەسـنای ئازیز... تۆ کارێکي زۆر باش دەکەی، نە نامەم بۆ دەنێری و نە ئەحواڵم دەپرسـي و نە باکیشـت بەبینینـم هەیـە، هەولبـدە زۆر زیاتـر لێمدووربکەویتەوە، با ناچارنەبم سـوکایەتیت پێبکەم، ئەم تایبەتمەندییەشـم پشـکي زۆری بـەر تـۆ کەوتـووە، تۆ هەرچـي بیت بۆ دەردی من حەکیمیت و بۆ ژیانیشم سوکایەتیت.

دوای تۆ خۆشـبەختانە زۆر دەخوێنمەوە، گەر بزانین چـۆن هەڵسـوکەوت لەگـەڵ کتێبەکان بکەین باشـترین هاوڕێمانن، دەتوانن پڕمانبکەن لە فێڵ، لە گەمەکردن، هەندێـك جاریش عاقڵماندەکەن، بەس هێندەی شـێتەکان

نا.

پیاوێـك هەیـە لـەو رۆژئاوایە رۆمانێکی نوسـیوە بە ناوی کیمیاگەر، بەر لە نوسینی ئەم نامەیە خەریکبوو لەگەڵی دەژیام، لێشم مەگرە، گەر قورساییەکی زۆری تەنیایـی کەوتبێتـە سەرشـانم، دڵنیابـە دوای تـۆ هیچ ئومێدێکم بە دۆستایەتی نەماوە، ئیدی ئەم رۆمانە زۆر سەرنجڕاکێشە.

بـە چەنـد وێنەیەکـی کـەم کۆدیتایەك لـە خەیاڵتدا دروستدەکات، هەرکاتێك ویستت شتێك لە بارەی رۆح و سەفەری بیابانەوە بزانی، خراپ نییە لای کتێبفرۆشێك ئەم رۆمانە بخەیتە ناو جانتاکەتەوە و بیخوێنیتەوە.

ئازیزم..... پێدەچێت هیچ شتێك تۆ نەجوڵێنێت، وەك منداڵـە مرقنـەکان مرقت گرتووە و ناتەوێت تەکانێك بە ژیانـت بـدەی، ئەمە جێگەی مەترسـییە، تووشـی ئەو پەتایە بوویت کە ناتەوێ نە وەڵامبدەیتەوە و نە قسەیەك بکەی بۆ دۆستەکانت باش بێت.

بـەو لاموبالاتییەیشـەوە بتبینـم هـەر دەتبەخشـم، هەرچەنـدە بەم نەزانییەی خۆیشـمەوە نەگەیشـتوومەتە بەخشـین، بەڵام دەتوانم بە سـوژدەیەکی پیرۆز زۆر شت لەبیر تۆ ببەمەوە، خوات لەگەڵ یەسنای ئازیز، هیوادارم

چیی تر نەتانبینمەوە، با زۆر عەزیەت نەکێشم.

دەمەوێت لەناو خۆمدا بۆت بگەڕێم، نەك لەناو کۆڵان و شەقامەکانی شاردا، ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە تەنیا لە گیانمدایە کە تۆی.

١\١٢\٢٠٠٥

## خانمی ژیانی من...

سەلام...

رەنگە ئیدی پاش دوورکەوتنەوەیەکی زۆرو لەبیرکردنی ماهیەتی من لە ژیانتدا، ئێستا خۆشبەخت بیت، بەڵام دەبێت ئەوە چاك بزانی من تا ئێستایش باشترین داوەری سلوکەکانی تۆم، تۆش لەو کچانەی دەتوانی ئازاری باش بگەیێنیتە من.

شـیعری یەکەمم کە بە ناوی (یەسنا)ـەوە نوسـی، هەڵبـەت بـۆ تـۆ بـوو، بەس لـە ناچاری لەبـری ناوی تۆ ئەو ناوەم بەشایەنتر زانی بەکاریبهێنم، ناکرێت لەناو کۆمەڵگەیەکدا بژییت لەبەر وشەیەك ئینسان بکوژرێت، جورئەتی ئەوە بکەیت ئەوەی دەینوسـیت بۆ کەسـێك وا بەو شەفافییە بێت کە دڵت دەیەوێت.

هەندێك جار لەپێناوی مانەوەی خۆمان لەم دنیایەدا دەبێت بیر لەوەبکەینەوە درۆیەکی جوان رێکبخەین.

جارێکـی تـر خەریکـی پارچـە شـیعرێکی تـرم بەناونیشـانی (کچێك لـە قووڵایی دەریاکانـدا مرواری ئەچنێـت)، ئەمەیـش بەشـێکی تـری ئەو ئیحساسـەیە کـە بـۆ هاودەمەکانم هەیە، پێمخۆشـبوو رۆژێك لەبری ئیحسـاس بیرکردنـەوە بەکاربهێنـم بـۆ ژنـەکان، بـەس پێدەچێت لە فەرهەنگی ئێوەدا بیرکردنەوە هێندە جێگەی سەرسوڕمان نەبێت، بۆیە دەبێ تەنیا کار لە ئیحساسدا بکەین، تا پەی بەناوەوەتان ببەین.

دەزانـم ئـەم شـتانەی مـن و ئـەم هەمـوو شـێتییەی مـن لای تـۆ هیـچ مەعنـای نییە، بـەڵام حەقیقەتێك هەیە کە من نەمتوانی بەشێك لە گەنجێتیم لەبیربکەم، بۆیە هەسـتام بە نوسـینەوەی تا نەتوانم لە سێبەری تۆ

دووربکەومەوە.

ئێستا گرنگیش نییە بەلامەوە تۆ چۆن سەیری من دەکەی، بەراستی پێمخۆشبوو رێگەتنەدام بێمە دانیشگا، چونکە گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی ئەوەی بیەوێت عەقڵی لە دەستبدات با بچێتە بەردەم مامۆستاکان.

کێشەی مامۆستایان خۆشگوزەرانییە نەك نائومێدی لە بوون، بە نائومێدییەوە مەچۆ بۆ لایان، با دەستنەکەن بە گریان، ئێوارەیەك وەك هەژارێك نانبخۆن، بەیانی هێرشی ئارەزوویان دەیانکات بە جادووباز.

ئەوەندە رازین لە ژیان، بەردەمی خۆیان نابینن، باخەڵی ژنەکان بۆ مامۆستایان ئەوپەڕی قووڵییە، کاتێك لەگەڵیان دادەنیشی باسی بێشەڵان مەکە، ئەوانە پیاوی بێشەڵان نین، بیرتنەچێت لە نێوان قوتابییان و مامۆستایاندا مەودایەك هەیە، ئەویش بەدحاڵیبوونە.

یەسنای ئازیز........ بۆ ئەوەی نەبیتە مامۆستا، سەیری گەورەیی ژەنەڕاڵەکان بکە، هیچ جەنگاوەرێك پێویستی بە مامۆستا نییە، تەنیا ئەوانەیان نەبێت لە مردن دەترسن، گەر دەتەوێت بژییت، دوای کۆیلەیەتی لەب ارترین ئیش مامۆستایەتییە، هەرچۆن لە مردن دەترسن، ئاواش لەناوی فەیلەسوفەکان دەترسن.

دەزانی؟ بێدەنگی پەتایەکە مامۆستاکان بنەماکەین، (نەخێر)ی پیرۆز لای ئەوان شوورەییەکە نابێت بەکاریبهێنیت، هەموو هەوڵیان ئەوەیە قوتابییەکانیان وەك خۆیان لێبکەن، خۆیشیان کەنەفت بوون لە نەفامیدا، شتێك کە فێرتدەکەن ئەوەیە هیچ نەزانیت، تا دار حەیزەرانەکانیان بە دەستەوە نەبێت بۆ ئازاردانی منداڵان، نازانن بوونەتە پەروەردەکار، ناتوانن وشەیەکت پێبناسێنن گەر وەك زیندانییەك ئازارتنەدەن، بەڵام دەبێت ڕێزیان لێبگریت، چونکە پەروەردەکارن.

بەهەرحاڵ.. من حاڵی حازر قوتابیی ماڵەکەی خۆمم، کۆرسی یەکەمم لەسەر ناساندنی تۆیە بە گیانم، بۆیە ئەم نامانەش بەردەوام دەنوسم، پێمباشە دوای ونبوونم بەشێك لە ژیانم نوێببێتەوە، ئەویش ئەو بەشەیە کە پڕە لە ئازار.

من دڵخۆشم بەهۆی نوسینەوە ئازارەکانم کەمبکەمەوە، بەڵام تۆ هەرچییەك بیت، ئەگەر سەرتاپای ئەم هەسارەیەیشیان کردبێتە موڵکت، مادام نەتتوانی ئەڤینێکی ڕاستەقینە بکەیت، فێڵت لە ژیانی خۆت کرد، خودا یارمەتیت بدا تا دڵخۆشبیت.

ئا، بیرمکەوتەوە، یەسنای بەڕێز... دوای ئەم هەموو

کەسـەرییەی ژیانم، کووپی قاوەکەت، ئەوەی بە دیاری بـۆت هێنام و لەسـەری نوسـرابوو خۆشـمدەوێیت، تاکو ئێستا وەك توحفەیەکی ژیانی راستەقینەم بۆم ماوەتەوە.

هەموو رۆژێك تەماشـایدەکەم وەك ئەوەی تەماشـای دیـدەی تـۆ بکەم، ئای چەند ئـارەزووی بینینت دەکەم، من نازانم، بڵێیت لەم هەسارەیە مابیت؟!

یەسـنای ئازیـز، هیـوای ژیانێکـی ئـارام و دوور لە دڵتەنگیت بۆ دەخوازم.

لەبیرینەکـەی، کوڕێـك ل ەتەنیایـی خۆیـدا هەسـت بەبوونی تۆ دەکات.

٢٠٠٦\١\٢٢

## بەڕێز پایەدار..

بەرلەوەی بیر لە ژیان بکەیتەوە، بیر لە مردن بکەرەوە.

لەوانەیە پێمخۆشبێت ببمە پاسەوانێکی شەوانی کۆڵانەکانی شار، بۆ ئەوەی هەست بە داخستنی چاوەکانی تۆ بکەم، ئەریٚ بەڕاست؟ بەنیاز نیت وەك شێتێك بمەخەیتە سەر شەقامەکان؟!

لام پەسەندە بکرێمە باخەوانی گوڵی حەوشەکەتان، بۆ ئەوەی ببمە خودا، تۆ دەبینی دەبێت ئینسان لێبوردەبێت تا عەزیەتی ژیان نەدات، باشترێکە هەمیشە بەر لەوەی بیر لە بوونی خۆت بکەیتەوە، بیر لە خودا بکەرەوە.

نەکەیت خۆت بخەڵەتێنی و بکەویتە ژێر کاریگەریی مەلاکان و کەشیشەکانەوە، ئەوانە بازرگانانی حەشیشەن، زمانیان لێبستێنەوە دەبنە خادمی میرێك، هەڕەشەیان لێبکە ئاینەکەیان بەجێدەهێڵن و دەبنە بازرگان، گوێیان بۆ بگرە فریوتدەدەن.

ماڵی خانمێکی قەشەنگیان پیشانبدە دوعای سەرفرازیت بۆ دەکەن، لەهەر ماڵێك خوانێکی باش هەبێت حەزیان لە میوانداریی ئەو ماڵەیە، خۆشترین چێژ لای ئەمانە ئەو کاتەیە بڕە پارەیەك دەخەیتە ناو دەستیان، کۆبوونەوەکانیان بۆ دوورخستنەوەی خەڵکە لە ئیمانی راستەقینە، هەرگیز واعیزێکی زۆربلێ ناتوانێ ماڵەکەی خۆی بە باشی بناسێ، ئیدی چۆن تۆ دەچیتە ژێر عاباکەی و چاوەڕێدەکەیت خودات پێبناسێنێ؟!

ئازیز یەسنا گیان.... خودا ماڵی ناوێت، خودا

ڕۆحـی دەوێـت، سـەر زەمیـن تنۆکێکە لـە حیکمەتی خـودا، واعیـزەکان مزگەوتەکانیـان کردووەتـە شـوێنی ژیانی خۆیان، ئەمەیە کارەساتی نەمانی ئیمان، ئیمان جەوهەرێکـە لەنـاو مرۆڤـدا، خـۆ ئەگـەر جەسـتەیش فەرامۆشـبکەین، مادام گیان هەیـە، بیرکردنەوە هەیە بـۆ دۆزینـەوەی جەوهـەرەکان، کەواتـە بوونـی ئیمـان داکۆکیی لێناکرێت.

شـتێکیش بـووە جەوهەر نکۆڵی لـە بوونی ناکرێت، کاتێك هەستەکانمان پێماندەڵێن بینین شتێکە لە بوونی ئێمە، ڕۆحیش پێماندەڵێت ئیمان بەشێکە لە بوونی ئێمە، بۆیە نکۆڵیلێکردنی نکۆڵیکردنە لە بوونی خۆمان، ئەم زانینەیـش بۆ بوونی خـودا کامڵکردنی جەوهەرەکەیە، دەبێت ئێمەیش هێندە سەرسـەخت نەبین کە بوونێك ڕەد بکەینەوە کە بەشـێکی خزاوەتە نـاو گیانی خۆمانەوە، ئەو گیانەی کە شتەکانمان پێدەناسێنێت.

کاری ئێمـە بـە پیرۆزکردنـی ئـەو گیانەیـە نـەك شـوێنەکانی دەرەوەی ڕۆح، بـا خۆمـان خۆشـبوێت، دنیامـان خۆشـبوێت، تـا بزانیـن لـە چ ئاسـودەییەکدا دەژیین، دەزانی؟ پیرۆزیی ئینسان ئەوەیە سەرزەمینی خۆشـبوێت، نـەك شـوێنێك بـۆ خـۆی پیرۆزیکردبێت،

كاتێك رۆح نەما ناچار ئینسانە گێلەكان بۆ پاكبوونەوە روودەكەنە شوێنە پیرۆزەكانیان.

مـن گەمەم بەو مەخلوقانەدێت بە دەوری ماڵێكدا دەسـوڕێنەوە تـا پەیمـان لەگـەڵ خوداكـەی خۆیـان نوێبكەنـەوە، باشـترە ئـەو رێگـە دوورە نەبڕن و كەمێك بگەڕێنەوە ناو خۆیان، پەیمان نوێكردنەوە لەگەڵ خودا لەناو خۆیاندایە، نەك لەناو ماڵێكی دوورەدەستدا.

ئەوەی پیرۆز بێت لای خودا بیرلێكردنەوەیەتی نەك سـوژدە بۆبردنی، سـوژدە بردن كاری كۆیلەكانە، خودا ئینسانی جوامێری دەوێت كە سەربەرزە لە بڕیارەكانیدا نەك رەعیەت، ئاینی ئیسـلام گەر بەواتا ئەسڵییەكەی قبوڵیبكەیـت، ئاینـی جەنگاوەرانە نەك سـوژدە بەران، سەیری بێرۆحەكان بكە كاتێك دەچن بۆ مزگەوتەكان، دەچـن بـۆ ئەوەی ئەركێك لەكۆڵ خۆیان بكەنەوە، نەك بـۆ نزیكبوونەوە لە خودا، هەر كۆمەڵگەیەك مزگەوت و شوێنی پیرۆزی زۆربێت، كۆمەڵگەیەكی بێئەركە.

ئەوانـە ناچـن تـا خـودا لـە خۆیـان نزیكبكەنـەوە، دەچن بپاڕێنەوە خودا لە عەیبەكانیان خۆشببێت، وەكو كۆیلـەكان چـۆن لـە خاوەنەكانـی خۆیـان دەپاڕێنـەوە، گەر لە رێگای شـوێنە پیرۆزەكانیان لێیانبپرسی خودا

لـە کوێیـە؟ بێئاگایانە سـەر بەرزدەکەنەوە بۆ ئاسـمان، چونکـە رۆحـی خۆیان دەناسـن، دەزانن چەنـد خاڵییە لە گەورەیی.

پێیانوایـە قیبلەیان هەڵەکردبێت خـودا دڵگراندەبێت، نازانـن دڵگرانیـی خـودا لەوێدایـە کـە ناڕاسـتییەکان دەبینێـت لەکاتـی سـوژدە بۆبردنیـدا، هـەر رۆژێـك لە مزگەوتەکانـدا کۆبوونـەوە بزانـە ئـەو رۆژە زۆرتریـن حیلەیان لەگەڵ منداڵەکانی خۆیاندا کردووە.

ئای چەندە ئەو ئینسـانانەم خۆشـدەوێن بە بێدەنگی بێئـەوەی رێگـەی مزگەوتـەکان بزانـن لـە ماڵەکانـی خۆیاندا ستایشی خودا دەکەن!

ئازیـزم یەسـنا... هەندێك لـەو واعیزانە هێندە پیس و پۆخڵن لەکاتی سوژدەبردندا بیانبینە لەرز دەتگرێت، ژنێکـی جوانی جادووباز سـەد سـوژدەبەر فریودەدات، ئەمەیە بەدەبەختی کە نابێت تۆ لەوانە بچیت، لێگەڕێ با بیرکردنەوەت لەبوونی پەروەردگار نزیکتبکاتەوە نەك زمانە فریودەرەکەی واعیزەکانی مزگەوت.

دەزانـم بوومەتـە عەزیەت بۆت، بـەڵام هەمووی لە خۆشەویستیمەوەیە، ئێستایش لە جاران زیاتر ئارەزووت دەکـەم، تـۆ بزانـە چەنـد شـێتم بـەو هەمـوو رەقییەی

خۆتەوە خۆشمدەوێیت، دەزانی کەسێکی سەرگەردانم؟!
وەلێ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە راستگۆم لەگەڵ
خۆمدا.

هەرچەند تۆ خەمی منت نییە، بەڵام من خەمی
تۆمە.

با کەس نەزانێت.. زۆرم خۆشدەوێیت.

٢٩ \ ١ \ ٢٠٠٦

## ئازیزی یەسنای

ئێستا دەمەوێت گۆرانیبڵێم، گۆرانیوتن هەستکردنە بە تەنیایی.

پێمباشە لەتەنیشت حەزرەتی مەسیحەوە هەڵمبواسن، تـا بزانم ئازاری هەڵواسـین سـەختە؟ یـان دووریی ئەو کەسەی ئومێدی ژیانم بوو؟ بەردەوام هەست بە ئازارێك

دەکەم لە گیانمەوە دێت، ڕەنگە جێ قسەیەکی تۆبێ، بۆ من زۆر قورسە ئەو هەموو تەنیاییە کەوتووەتە سەرشانم، کەلێنێك لە ژیانمدایە بە هیچ شتێك پڕنابێتەوە، ئەو شتانەیش کە بۆ تۆیان دەنوسم و تۆ نایانبینی، یاخود گەر بیشیانبینی جێگەی سەرنجت نین، هێندەی تر عەزیەتمدەدەن.

پێمخۆشە لێرەدا بۆ یەکەم جار وەك ژنێك قسەت بۆ بکەم، هەڵبەتە دەبێت ئەو حەقەیشم بدەیتێ کە لە ڕووی فسیۆلۆژییەوە تۆ لە جنسی ژنی و منیش لە پیاوان، دیارە نامەوێت وەك پیاوێك قسە بکەم، وەلێ پێمباشە مادام کەسێکم لەم سەرزەمینەوە بوونم هەیە، هەندێك دیاردە دەبینم، دەمەوێت تۆش لەوبارەیەوە شتێك بزانی.

دڵی من... نەکەیت هەرگیز لەو ژنانە نزیکببیتەوە باسی فیمینیزم دەکەن، ئەمە درۆیەکی گەورەیە و بێحورمەتیکردنە بە ئەسڵی ئێوە، دڵنیابە فیمینیستەکان ئەوانەن تەنیا غەریزە لەگەڵ پیاواندا کۆیاندەکاتەوە.

ئەوانە ئازاراویترین مەخلوقی ئەم سەرزەمینەن، پێویستە وەك مەیمون بیانخەیتە ناو قەفەزەوە تا نەبنە فیمینیست، هەرچەند خۆیان بە ئازاد و گەورە

پیشاندەدەن، کە تاریکداهات دەبنەوە بە ژن، ژیان لای ئەوان تاریکی و روناکییە.

تا داوای میهرەبانیان لێنەکەی نایبەخشن وەك کۆیلەکان تا ئازاریان نەدەی دەنگیان بەرز ناکەنەوە، زۆر قایلن بە سەر سنگی خۆیان، لەگەڵ عادەتی سەردەما رێدەکەن و خۆیان ونکردوە هەمیشە لە دوای سێبەری پیاوەوە هەنگاو دەنێن.

چونکە خۆیان سێبەریان نییە، بۆیە دەبنە فیمینیست، هەرچەند بتەوێت گەورەیان بکەی کەچی ئەوان عوقدەی پیاویان تووش بوە، نەچی بۆلایان تۆ مەزنیت با ئەوان بێن بۆلای تۆ تابزانن تامی رەسەنییەتی چییە، ئەوەندە کاڵن بەرگەی ئازارێك ناگرن، بۆیە گلەیی لە پیاوەکان دەکەن کە مافیان نادەنێ.

پێویستە تۆ میهرەبان بیت، پیاو ژنی میهرەبانی دەوێت، چەند خۆت بکەی بە قوربانی ژنێکی دەمڕووت، ئەوەندە هەڵەتکردووە لە ژیاندا.

ئا، بیرتنەچێت.. ستایشی ئەو هاوجنسانەت بکە کە گلەییان لە ژیان هەیە، چونکە پێویستیان بە ستایشە.

لـە نێـوان پیاوەکان و ژنەکانـدا لەزەتێك هەیە، دەبێت پیاوەکان بیدەن بە ژنەکان بۆ ئەوەی هەسـت بە بوونی خۆیان بکەن.

چـاك بزانـە لە نێـوان فیمینیزم و سـۆزانییەتدا یەك تاڵـە مـوو مـاوە، هیـوادارم ئـەو تاڵـە مـووە پیـاوەکان نەیپچڕێنـن، لێگەڕێـن بـا ژنـەکان خۆیـان بیپچڕێنن، خۆشبەختیی ژنی بێڕۆح ئەوەیە لە باوەشی پیاودابێت، خۆشبەختیی پیاوی جوامێریش ئەوەیە کە لەناو رۆحی ژندا بێت.

وەیل بۆ ئەو ماڵەی ژنێکی فیمینیست بەڕێوەیدەبا، دەبێـت پیاوەکـەی چەند لەباربێت بۆ کۆیلایەتی، تەنیا ئەوانەیـان منیان خۆشـدەوێت میهرەبانییەکی گەورەیان تێدایە، واتا تۆو دایکەکان، تۆش یەکێکی لەو دایکانەی بە میهرەبانیی گەنجێەوە ژیانت رەنگکردووە.

نابێت پیاو لەژن توورەبێت، پیاو دەبێت لە لەشکرێك تورەبێـت نەك لە ژنێك، ئەگەر هەوڵتدا لە میهرەبانیی خـۆت کەمبکەیتـەوە و ببیتـە ژنێکـی دەمرووتی ئەم چەرخە، هەوڵبدە پیاوێکت خۆشبوێت بێدەنگبێت، پیاو سـەگێکی هـار لە تەویلەکەیـدا بێت لە ژنێکی فزولی ناو ماڵەکەی باشترە.

ئەوان غروریان لەسەر سنگیاندایە نەك لەعەقڵیان، پیاوی بەهێز لەگەڵ رۆحی بەهێزو میهرەباندا دەژی نەك رۆحی لاواز، ئەو دیاردەگەرایەی ژنان تێیکەوتوون جگە لەسەرگەردانی بۆ خۆیان، بەرهەمێکی تری تێدانییە.

من نامەوێت تۆش لەوان بچیت، تۆ دەبێت لە خۆت بچیت، نەك زمانی درێژیی ژنەکانی سەر رووپەڕی رۆژنامەکان، کە ئەوەی دەیڵێن نە بۆخۆیان قبوڵیانەوە نە بۆ کچەکانیان.

دامەنیشە بەدیار حیکایەتەکانەوە، تۆ خۆت حیکایەتی یەسنا، خۆ کوشتن بۆ تۆ حەکیمانەتر لەگوێ گرتن لە ژنێکی فیمینیست.

هەر ژنێك بە رەچەڵەك نەچووەوە سەر میهرەبانی و جوامێریی پیاو، لە تایفەی قەلەمونەکانە، هەر خەریکی دەنگە دەنگە.

تۆ دەبێت بەشوێن ئەرکی خۆتدا بگەڕێیت نەك ماف، پیاو چییە داوای مافی لێدەکەی، ئەرکی خۆت وەك ئینسانێك بەجێبهێنە، ئیدی پێویستت بە ماف نییە تا بە مسقاڵ بتدەنێ.

دەبێت هێندەی کچبوونی خۆت ناسك بیت، لەو

شـوێنەی ناسـکبوونێکت لـە خۆتدا شـکبرد، بزانە کە خۆشـبەختانە سـەربەرزییەکت لـە ژیانـی گـەورە بـە دەستهێناوە.

سـەیرە، قەسـکانم زۆر تونـدن بەرانبـەر بـە ژنەکان، وەلـێ تـۆ بـۆ مـن دۆسـتێکی ئەفلاتونییانـەی، نەك ژنێکی شەوانی بێئۆقرەیی.

هـەر ئەمەیشـە گەورەیـی تـۆ خانمـی پایەبـەرز، دڵنیابە بێ تۆ هەست بە تەنیایی دەکەم، هەندێك جار دەگەمە ئەو ئاستەی لە خودا بچم، هەمیشە چاوەڕێم بەیانییەك بێیت وەکو جاران دەرگات لێبکەمەوە.

بەڵام دەزانم تۆ هەرگیز نایەیت!!

ئـەم شـارە نەعلەتییـەش ئەوەنـدە گەورەیـە هەرگیز ڕێکناکـەوێ لـە دوورەوە بتبینـم، بـۆ ئـەوەی کەمێـك ئاسـودەبم، ئێسـتا وەك عادەتـی هەمیشـەییم پـڕم لـە بێدەنگـی، لـە یەکێك لە ئەپارتمانەکانی شـارماڵێکی بچکۆلەی دوور لە تۆم بۆ خۆم ڕێکخستووە، خۆم چا لێدەنێم و هەر خۆیشـم کارەکانی تری ناو ماڵم دەکەم، برینێکیـش لەسـەر دڵمـە ئازارمدەدات، هـەر خەریکی ڕەشکردنەوەی کاغەزەکانم بۆ تۆ!!

دەتوانم بپرسم؛ کە ئایا تۆ ئاسودەی؟!!

گوێمەدەرێ ژیان هەر بەم چەشنەیە، دەبێ هەندێکمان بدۆڕێین بۆ ئەوەی ئەوانی ترمان خۆشبژیین، ئێستا خۆزگە دەخوازم بۆ ئەو کاتانەی کەس نەیدەناسیم، بەڵام چی بکەم هەڵەیەکم کرد خۆم دەرخست، چارەسەریشی نییە، چونکە تێپەڕی.

ئێستا بۆ ئەوەی تێبگەی من چەندە بێزیانم دەمەوێت وەك گوڵ بتپارێزم، خەریکە بیرم چووەتەوە روخسارت چۆنە.

بەڵام تارماییەك لە پێش چاومە زۆر جوان دەنوێنێت، قسەکانی کۆتاجارت وەك گولە بارانکردنم وا بوون، کەچی ئێستا ئەوەندە قسە لە دڵمدایە.. بەشی تەمەنی حەزرەتی نوحیش.

بچۆرە بەردەم ئاوێنەکەت، کەمێك پرچت شانە بکە، هەموو ژیانی من هێندەی تاڵێك لە پرچت حیکمەتی تێدانییە، من تەماشای ئاوێنە ناکەم، دەزانم پیری بە ڕوخسارمەوە نیشتووە، دڵیشم ئەوەندە تەنگە بۆت، تەنیا جورئەتی وەستانی نییە.

خوات لەگەڵ یەسنای ئازیز.

٢\ ٢\ ٢٠٠٦

## یەسنای ئازیز
## من لێرەم... لە دۆزەخدا

بمبووره لەم ماوەیەدا لە حاڵێکی زۆر خرابدا دەژیام، چونکە زۆربەی کاتەکانم ئومێدەواربوون، راستییەکەی ژیانم سیخناخ بوو بوو لە ڕازیبوون، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی گێلانەیە لەناو برینی ئەم هەموو خەڵکەدا ئومێدەواربیت، کەسێك هەستبکات

ڕۆحێـك لەنـاو بوونی خۆیدا شـکدەبا، باوەڕناکەم پەی بە ئومێدەواری ببات.

وەك (نیچـە) دەڵێـت :»ئومێـدەواری خرابترینـی خراپەکانـە.» لەوانەیـە ئومێـدەواری بـۆ غەریزەچییان کارێکـی خـراب نەبێـت، ئەوانـەش کـە ڕۆحیـان نییـە بـەردەوام باسـی ئەندامـی نێرینـەی خۆیـان دەکـەن، شەرمەزارانە خۆیشیان بە بیرکەرەوە دەزانن.

ئەمانەی دەیانڵێم بۆت ڕۆحی خۆمن، شتگەلێکن لە بیرکردنەوەمدان و دەمەوێت بیانگوازمەوە بۆ داهاتووی تـۆ، دیارە گیانی پیرۆزیش لە داهاتوودا دەردەکەوێت، پێمباشـە لـە ئێسـتادا قسـە بکـەم، تاکو لـە داهاتوودا ئازاری ئازارەکان کەمبکەمەوە.

نامەوێـت دوای خـۆم نەوەیـەك بـە جێبهێڵـم بەبـێ ئەوەی نەگەیشـتبمە ئەو ئاسـتەی ئافراندنێکم کردبێت لەنـاو خۆمـداو لەناو زمانـی نەزانەکانەوە ناوی خۆمم بیسـتبێت، دەبـێ تۆیش ئاوابیت، تا خـودا نەدۆزیتەوە ڕێگە بە خۆت نەدەیت نەوەیەك بخەیتە ناو قەرەباڵغیی ژیانەوە.

سەر وەختێك نەمدەزانی پارچەکانی خۆم کۆبکەمەوە، گوێڕایەڵیم هەڵبژارد، ئێسـتا بوومەتـە گوێڕایەڵێکی

باش، تا جارێکی تر پارچەکانی خۆم فڕێبدەمەوە، بوونی من.. لەم سەرزەمینە دەبێت خۆم بیدۆزمەوە.

گوێڕایەڵی لە دۆزینەوەی بوونی خۆم ڕێگاکانم لێوندەکات، ئێمە دەتوانین هەموو کاتێك گوێڕایەڵ بین.

بەڵام ناتوانین بە گوێڕایەڵی قووڵیی بوونی خۆمان دەستنیشانبکەین.

مرۆڤ بۆ ئەوەی خودابناسێ دەبێت ئەوەندە دانایی تێدابێت خۆی بناسێنێ، لە دەرەوەی بوونی ئێمە خودایەك نییە.

ئەوە ئێمەین بوونی ئەو دەخەینە ڕوو، هەرئەمەشە سەرەتای خرۆشانی بوونی خودا کە پەیوەستە بە بوونی خۆمانەوە، کاتێك دەتوانین گوێ لە ئاوازێك بگرین هەست بە تەنیایی بکەین، بەبێ هەست کردنی تەنیایی وتنی گۆرانیش وەك بەربونەوەی بەردێکە لە لێرەوارێك بۆ ناو گۆماوێکی لێڵی نادیار.

ئەو گۆرانیانەی ئازاریان هەڵنە گرتبێت بۆ مەیمونەکان وتراوە نەك مرۆڤەکان، گۆرانی خۆی ئازارە.

ئازیزم یەسنا.... من خۆم دەناسم و دەزانم گومڕام،

هەر ئەمەیشـە وا دەکات من زیاتر ئاشـنایەتیم لەگەڵ خۆم و خودای خۆمدا هەبێت، کە ئەویش خۆشەویستیمە بۆی و بەشێکیشـم لەو وەرگرتووەتەوە و بەخشـیومە بە تـۆ وەك مەخلوقێکـی ئـەو، کەچی تۆ من ناناسـیت، هەرچۆن ناتەوێت خۆت بناسی.

کاری مرۆڤانـە ئەوەیـە مرۆڤەکان بناسـین، کاری ئیماندارانیـش ئەوەیـە خۆیان بناسـن، ناکرێت تۆ خۆت نەناسـیت و بتەوێـت خـودا بـە منداڵەکانت بناسـێنی، ناکرێـت تـۆ دۆسـتەکەت نـە ناسـی و بتەوێـت باسـی ماهیەتـی ژیـان بکەیـت بـۆ هاوڕێکانـت، ئەمـەی دەیڵێـم بـۆ تۆیـە، لای من ئـەم شـتانە رونبوونەتەوە و کۆتاییانپێهاتووە.

هیـوادارم بـە شـوێن خۆتـدا بگەڕێیـت و سـەرقاڵ نەبیت بە ناسـینی کەسـی ترەوە، با ئەوەی پێویسـتی بە تۆ هەیە بەهەردوو دەسـتی لە دەرگاکەت بدات، تا تۆیش لێیبکەیتەوە.

کەمێك بە دڵتەنگییەوە بیرتدەکەم..

دۆستی خۆت........

٢٠٠٦\٣\٦

**یەسنا خان.**

**سەلامی پیاوە گەورەکانت لێبێت.**

وا تێگەیشتبووی بەو ئاسانییە تەمەن لای من کۆتاییدێت، بەڕێزم.. نەمویست وەك تۆ بکەم، پێمسەیربوو دایکێك بە هەموو میهرەبانیی خۆیەوە بووە سەبەبی نێوان دوو بەدبەخت، ئایا وابوو؟ یان گەمەیەك بوو خۆت رۆڵی پاڵەوانەکەت دەبینی؟؟

دەزانــی؟ گــەر هەمــوو دایکــەکان میهرەبــان بــن، دایکــی تــۆ لــە دەرەوەی ئــەم میهرەبانییــە نییــە، ئــەو نەیدەزانــی منداڵەکــەی دەبێتــە چ ئەفســانەیەکی نــاو کتێبــەکان، نــە یدەزانــی حیکایەتی کچە شــیرینەکەی دەبێتــە حیکایەتــی گەنجەکانــی نیشــتیمان، دەبوایــە زووتــر راســتییەکانم پێبڵێیــت، تــا منیــش زووتــر خــۆم ئامادە بکەم بۆ ئەو حەقیقەتە تاڵە.

وا بزانــم هێندەیــش بەدبەخت نەبووم کە تۆ دەتبینی، راســتییەکەی.. کەســی بەدبەخت ئەوەیە عەقڵی لاواز بێت، بەس پێدەچێت لای تۆ وا نەبێت، دەبێت ئەوە بزانی کــە هەرگیــز لاوازنەبووم، ئەمەش سوپاســگوزارییە بۆ خودا، وەلێ تەنیا لاوازییەك لە خۆمدا شکببەم ئەوەیە؛ گیرۆدەی تۆ بووم.

ئازیــزم.. دەزانــم لێــرەدا زۆر بەتونــدی قســە دەکەم، بــەس چی بکــەم؟ باســکردنی تەمەنێك لــە بێعەهدی و وەفــا کەمێــك گرانــە، هەرگیــز نەبــووە لــە خۆمــەوە هەستم لەم جۆرە نامانە بۆ کەسێك بنوسم، بەڵام دیارە کاریگەریی تۆ لە ژیانی مندا ئەوەندە قورسە، توانای بێدەنگیم نییە.

تــۆ بڵێیــت وەکو جــاران بێدەنگ و لەســەر خۆبیت؟

یـان گۆڕاویـت؟! دەترسـم حەوشـەی دانیشـگا ئـەو هەمـوو جوانییـەی لێسـەندبیتەوە و وەکـو هەندێـك لە هاوتەمەنەکانـت بیـر لە شـتی بـازاڕی بکەیتـەوە، تۆ ئێسـتا چەند فەرامۆشتکردووم بەلامەوە گرنگ نییە، بڕیارمداوە زاهیدانە خۆشمبوێیت.

وەك مەحـوی دەڵـێ (پێ بزانی یـا نەزانی، من بە دڵ یادێك دەکەم.)

لەوانەیـە ئـەم جـۆرە کارانەی مـن لای تۆ جێگەی گاڵتەکـردن بـن، یـان حەزبکـەی بێحورمەتـی بـەو تێگەیشـتنەی منەوە بکەیت، یان وا تەماشابکەیت کە کەسـێکی سـەرگەردان بم، بەڵام بۆمن یەك شـت زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە؛ زۆر بەڕاسـتی خۆشـمدەوێیت، ئەمەیش ددانپێدانانێکی جوانە.

٢٠٠٦\ ٣\١٣

## تۆ.. یەسنای بەڕێز

**((زەمانێك منت ناسی، ئیتر بۆت كێشە نەبوو كە بمدۆزیتەوە، هاوكات لە دەستدانی من كێشەیە بۆت.))**

**- نیچە -**

تا ئەم حاڵەتەش كووپەكەت هەر ماوە، تەمەنناد‌ەكەم پاش مردنم شتێكی لێنەیێ، ڕەنگە هیچ شتێكی من

لای تۆ نەبێت، چونکە تۆ نەتدەویست ڕێزی شتەکان بگریت، ئاشنا بووم بە زۆربەی کۆڵانەکانی شار، کە دەیانبینم سەرمسوڕدەمێنێ بۆچی سەرەتا هێندە بوێربوویت لەگەڵم و پاشان بەو شێوەیە پشتت لە ژیان کرد.

ئایا من ئەوەندە قێزەون بووم؟ کوڕێك بووم لە جنسی پیاوە زۆڵەکان؟ هەقی ئەوەم هەبوو ئەو هەموو بێمروەتییە بەرانبەرم بکرێت؟!

ئێستا بێزارنیت لەو هەموو ڕەقییەی بەرانبەرم نوادندت؟!

بێباکیت؟!

بەس بزانە بەرانبەر بە چ ئینسانێك بێباکیت نواند؟! دیارە شایەنی ئەوەبووم کە کردت؟

بەهەر حاڵ....... زۆر بێتاقەتیت دەکەم.

٢٠٠٦ \ ٣ \ ١٨

## یەسنا....
## خوومگرتووە بە سێبەری خۆمەوە

سەلام.....

ئـەم نامـە کورتانەی کە بۆت دەنوسـم، هەرگیز بۆ ئـەوە نییـە رۆژێك بە حەزەوە بیانخوێنیتەوەو سـەرنجی خـۆم بـۆ تـۆ رابکێشـم، راسـتییەکەی تەنیـا بـۆ ئەوە دەیاننوسـم لـە تەمەنـی بەسـەرچوومدا، ئـەو کاتـەی

ڕەنگە منو تۆ هەرگیز نەتوانین پێکەوە دابنیشین و یەکتر ببینین، بیانکەمە حیکایەتێکی بە جێماوی تۆ.

ئەمڕۆ ڕۆژی نەورۆزە، پێموایە یادێکی کوردانی ئەم سەرزەمینەیە، شار چۆڵ بوو، کەس لێرە نەمابوو، وەك حەزرەتی ئیبراهیم بە تەنیا مابوومەوە، نەك بۆ ئەوەی بتەکان بشکێنم، بەڵکو بۆ ئەوەی پەی بە سێبەری ئەو بتە بەرم کە ئارەزووم دەیخوازێت.. کە تۆی.

وا ڕاهاتووم هەم لە شەڕەکاندا هەم، لە خۆشییەکاندا ئەم شارە بەجێنەهێڵم، بە کورتییەکەی خوومگرتووە بە سێبەری خۆمەوە، کە چۆن بەسەر شەقامەکاندا تێدەپەڕێت، ئەمڕۆ چوومە نزیك سێبەری دار مێوەکەی ماڵی خۆتان، زۆر نزیککەوتمەوە لە هەناسەی تۆ، تۆ لەوێ نەبوویت، بەڵام هەستم بە تارمایی بوونی تۆ دەکرد، لەوانەیە ئەمە تەنیا وێنەیەك بێت (هیی زوو) لە زاکیرەمدا مابێتەوە، فنجانی گوڵەکانی بەر هەیوان زۆر لە تۆ دەچن.

لقەکانیان لە نازکیی پەنجەیەکت دەچن، تۆ بەردەوام دەبێت ئەوە بزانی حیکایەتێکت لای من ماوە لە هیی پێغەمبەرێك دەچێت زۆر جوانە، کاتێك لە سێبەری

حەوشـەکەتان دورکەوتمـەوە، بـاری دەرونیـم زۆر گران بوو، گوڵەکانیش سیس بووبوون.

کێشـەیە ئینسـان ئەوەنـدە بـە تونـدی بـاوەش بـە خۆشەویسـتیدا بکات، بەردەوام لە شـەوەکاندا مەسـتم، مانایەك نەماوەتەوە بۆخەوی شەوان، تەمەننا دەکەم تۆ وەك من نەبیت.

پێمخۆشە خۆشبەخت بیت....

٢٠٠٦\٣\٢١

**یەسنا خان**
**دەتوانی وەك گوڵی ناو فنجانەکانی**
**حەوشەکەتان بیت؟**

ئەوەی راستی بێت هەرگیز شتە جوانەکان و شتە ئازاراوییەکان لە بیرناچن، دەمەوێت پێتبڵێم هەر قەرزێکت لام هەیە پێمخۆشە بیدەمەوە، گەر توانایشم نەبوو قەرزەکانت بدەمەوە، لێبوردنم لێ قبوڵبکە.

دەتوانــی وەك گوڵی ناو فنجانەکانی حەوشــەکەتان بیــت؟؟ هــەر کاتێك داوای گەڵایەکــی خۆتم لێکردی تــۆ بڵێیــت هــا ئــەوە لقێکم بۆ تۆ، ئەگــەر واش نییت، رێگەمبــدە بــا لەژێــر ســێبەرتدا بحەوێمــەوە، ئایــا تــۆ سێبەرت هەیە؟!

من بەردەوام ئارەزووی ســێبەرێك دەکەم خاوەنەکەی حەکیــم بێــت نــەك قەســاب، ئێســتا تــۆ کامیانــی؟! بیرتنەچێت.. هاوڕێیەتیی کوڕە شێتەکان هەروا کارێکی ئاسان نییە، تەنیا ئەو کچانە بەرگەی ئازاری کوڕە بە ئەمەکەکان دەگرن کە مەزنن، وا مەکە.. وەك لاولاوێك تەنیا خۆت لەو شتانە بئاڵێنی کە لێتەوە نزیکن، دەست بۆ دەریاکان ببە دەستت دەگاتە قووڵاییی، تۆ مەزنی، ئازیزم تۆ گەورەیت.

هەوڵبــدە خەونەکانــت گەورەبــن، بــۆ ئــەوەی ببیتــە کەســێکی دانســقە، ئەگــەر تەنیا بیر لــە کۆڵانەکەتان بکەیتــەوە، ئــەوە کۆڵانەکەتــان گۆڕســتانێکی خــراپ نییە، دەســت بۆ ئەو شــتانە ببە کە لە ســەریان نوسراوە (نەخێر)، بۆ ئەوەی وننەبیت.

بگەڕێــوە ســەر ئەســڵی خــۆت کــە میهرەبانییــە، تووڕەبــوون لــە تــۆ نایــێ، تووڕەبــوون واتــا دۆڕاندنــی

بەهاکانــی ژیــان، لــە دەرگاکانــی ئەویــن بــدە، ژیــان تەماشـاکردنی تۆیە بە چاوێکی حەزینەوە، ئەوەی بۆ خۆت دەتەوێت، گەر بۆ هاودەمەکەیشت نەتەوێت کینە و تاریکی ژیانت بە خەساردەبەن.

ئازیزم...

غـرور هونـەر نییـە، نەعلەتێکـی سـەیرە هاتووەتـە ناو ئینسـانەوە، دەبێت ئێمە هەمیشـە بە شـوێن ئەوەدا بگەڕێیـن کە چۆن ببینە ئینسـانێکی لێبوردە، ئەگەر لـە ژیانتـدا چوارجـار دەرگات لـە غرور کـردەوە، ئەوە بزانە چوارجار خۆت لە دەستداوە.

ئێمە منداڵی خێزانگەلێکین کە سادەین، خۆ ناکرێ بـەم نەفامییـەی خۆمانـەوە غرورمـان تاقیبکەینـەوە، شـتێکی تـۆ کـە زۆر خۆشمدەویسـت بێدەنگیـت بـوو، ئیحساسـم دەکـرد ناتەوێـت ژیان بشـێوێنی، تـۆ جاران وابووی، بۆیە پێموایە تەنیا جاران هەستم بە قورسایی ژیان دەکرد.

شاعیرانە بژی تا هەست بە هەموو شتەکان بکەیت، ئەگـەر توانیـت رۆحێکی شـاعیرانەت هەبێت دەتوانی خودا بدۆزیتەوە، لەو شوێنەی کە هەستت بە ناسکیی خۆت کرد و ئیحساست بای باڵی خۆیدا، ئەوە منداڵێك

لە ناختدایە و دەیەوێت پێتبڵێ تۆ جوانی، کەواتە دەبێ میهرەبان بیت.

تۆ بۆ من هێندەی فروغ گەورەی.

روخساریشت زۆر لەو دەچێ، بەڵام پڵنگێك لە ناختدایە دەبێ هەوڵبدەی بیکوژی، ئەگینا ڕێڕەوی ژیانت تێکدەدات، خۆ شەرت نییە ئەو پڵنگە لە پێناوی مندا بکوژی، لەوانەیە ئەم قسانە لای تۆ جێگەی سەرنج نەبن، تۆ ب ەگاڵتەوە وتت ماڵئاوا، من ئازارمکێشا، پێمخۆشە هێندە ئاسودەبی لەم سەرزەمینە، گەڵاکان بەخیلیت پێببەن.

دوای رۆیشتنی تۆ نامەوێت تەنانەت عەزیەتی حەنانەتی گەڵایەکیش بدەم، چونکە لە مانای شکان گەیشتم، ئەو کاتە هەست بە حەوانەوە دەکەم دڵنیابم تۆ ئارامی، هەر کاتێکیش هەستت بە دڵتەنگی کرد، گوێ لە مۆسیقا بگرە هێمندەبیتەوە.

ئەوانەی زۆر لەگەڵ مۆسیقادا دەژین یان شێتن بە جوانییەکەی، یان پێغەمبەرن بە گەورەییەکەی، دەزانی؟ حەزدەکەم کچێکم هەبێت گوێ لە مۆسیقا بگرێت، تا لە مردن تێبگات،

گوێگرتن لە مۆسیقا ئەوەندە پاکتدەکاتەوە، شعوردەکەی لە (ئاو)دەچی، گەر ڕێگەمبدەی بڵێم دوای مۆسیقا جوانترین شت لەلام بێدەنگیی تۆ بوو، ئای کە سەرسام بووم بەو بێدەنگییەت، ماڵخراپ شتەکانت زوو تێکدا!

نەمدەزانی گەورەیی یانی چی؟ جوانی یانی چی؟ زۆر نەفامانە، یان بڵێم زۆر منداڵانە سەیرمدەکردی، روخسارم ئێستایش پڕە لە بەرائەت بۆت، هێشتا بڕیاریشتنەداوە بگەڕێیتەوە، بەڵام من هەمیشە چاوەڕێم.

ڕەنگە کاتێك منت بێتەوە خەیاڵ کە مردبم، ئیدی ئاوایە دوای تۆ تووشی یەئس بووم، یەئس.

٢٠٠٦\ ٣\ ٢٥

**ئازیز...... یەسنا**
**لەهەر شوێنێك بیت من لەوێم، تا**
**حیكایەتەكانت بگێڕمەوە.**

بۆ ئەوەی نەمرین، بەردەوام دەبێت كەسێكمان خۆشبوێت، مەنتیقی من دەڵێ ئەگەر دەتەوێت دنیا بگۆڕی خۆشەویستی بكە، ئەمانەی كە دەیانخوێنیتەوە هەمووی حیكایەتی تۆن، تۆیش ئازیزی لەلام، لە

پشت هەموو نوسینێکی منەوە پاڵەوانێك وەستاوە، ئەو پاڵەوانەیش تۆی.

ئـەو کاتانـەی دەنوسـم، چ بـۆ رۆژنامـەکان.. چ بـۆ گۆڤـارەکان.. چ بـۆ کتێبێـك کە بمـەوێ بیخەمە بـەر دەسـت خوێنەران، تـۆ وەك تارماییەك لە خەیاڵمدا دەردەکەوی، ئەوەی راسـتیبێت بوویتە هۆمیرۆسێك بۆ حیکایەتی نوسینەکانم.

بەدبەختییەکـە لەوەدایـە دووری ناهێڵێـت بزانـی لە چ ئازارێکـدا بـۆت دەژیم، زۆر شـت هەیە لەم وڵاتەدا جێگـەی ئـازارە، بـەڵام هیـچ شـتێك بارتەقـای تـۆ عەزیەتینـەدام، هەنگاوەکانتـم لەبیـرن، زۆر نـەرم بوون لـە هەنـگاوی فەیلەسـوفێك دەچوون، ئاخر قسەیشـتم لەبیـرە چەنـد رەق بـوو، لەهـی جەنگاوەرێکـی دۆڕاو دەچـوو، هیـچ هەڵەیەکم نەکردووە لـە ژیانمدا هێندەی ئاخر قسەی تۆ عـەزابیدابم.

گەورەیـی هۆمیـرۆس ئەوەبـوو جارێکی تـر دنیای نوسـییەوە، حیکمەتـی تۆیـش ئەوەیـە ناچارمدەکـەی بەردەوام بنوسم، شتێك دوای تۆ کەمێك ئاسودەم بکات شـەرابە، خۆیشـت باش دەزانی شەراب رۆحی سروشتە و خواردنی پێغەمبەرەکانە.

کاتێك دەستدەبەم بۆ لێوی قاژێك شەراب، دڵتەڕی و بەرائەتی سەرەتای ناسینی تۆم بەیاد دێتەوە، وەختێکیش دەینۆشم مەگەر قسەکانی کۆتاییت هێندەی ئەو شەرابە تاڵ بن.

بەشێکی زۆری نامەکان بە مەستی دەنوسم، هەندێك لە شەوەکانیش بە کووپەکەی خۆت شەراب دەخۆمەوە، بۆ ئەوەی دە هێندەی تر عەزیەتمبدات، ئەم هەموو تەنیاییە خۆکوشتنە.

بەرگە ئێرانییەکانت ماون؟! چەند لە کچە تارانییەکان دەچیت بەو جلانەوە؟!

غەریبیی چاوەکانت دەکەم، بەردەوام لە یادمدای.

٢٠٠٦\ ٣\ ٣٠

**یەسنای بەڕێز....**
**هێندەی قودس گەورەبیت.**

پاڵەوانی فیلمێك دەڵێت: من چی بکەم لە پیرۆزیی قودس کە خودا لەوێ نەبێت تا قسەی لەگەڵ بکەم؟!
پیرۆزییەکان لای ئینسانن، وەلێ کاتێ ئێمە ئەوەیشمان دۆڕاند، ئیتر هیچ مانایەك بۆ وجود نامێنێتەوە.
پیـرۆزی ئەوەیـە ئیشـی بـاش بکەیـن، یەکتریمـان

خۆشبویێت، حورمەتی قسە سەنگینەکانی یەکتری بگرین، چونکە هیچ کاممان ناتوانین کۆتایی خۆمان دیاریبکەین.

لەگەڵ ئەم هەموو عەزیەتییەی دەیچێژم بۆت، ناکاتە ئەوەی هەرگیز تۆ داوای تۆڵەم لێبکەیت، چۆن لەم دنیایە تیادەچیت، کاتێك لەناو دڵمدای، رۆژێك دێت هیوا دەخوازی تۆزێك خراپەت بکردایە بۆ ئەوەی چاکەیەکی مەزنتر بکەیت.

پاڵەوانی فیلمێك دەڵێت: لە رۆژهەڵات ئەوەی تەنیا دوو کەس لەیەکجیادەکاتەوە شوعلەی روناکییە، وەرە با لەتاریکیدا بتبینم، من حاڵیبووم بەردەوام دوابڕیار بۆ دنیا بووە، بەڵام خۆت باش دەزانی رۆحی هەموو کەسێك تەنیا لەخۆی بەرپرسیارە.

مەسیح لە خاچدرا ئینجا خۆشەویست بوو لای خەڵك، خۆ ناکرێ تۆیش من لەخاچبدەی ئەوسا بیرم لێبکەیتەوە، گەورەییە بۆ ئینسان لەسەر قەناعەتێك هەڵیبواسن، من ئامادەییم تێدایە ئەو ئازارە ببینم، تەنیا بۆ ئەوەی بزانم حەقیقەت چەند تاڵە.

لێم تێدەگەی؟!

پیاوێك دەڵێ (باشترینی نیوەی ژیان بۆ ئەو پیاوەیە

کە بەگەرمی خۆشەویستی دەکات.)

دەشێ ئەم قسەیە هێندەی دۆزەخ ئازاراوی بێت، بەڵام ئەمە خوی پیاوە مەزنەکانە، من نامەوێت بچم بۆ قودس بۆ ئەوەی هەست بە ئازارەکانی مەسیح بکەم.

بەس پێمخۆشە لە ماڵەکەمدا وێنەیەکی مەسیح هەڵبواسم، چونکە پێدەچێت کتومت لەو بچم، ئازاری هەڵواسین هێندەی بێباکییەك قورس نییە.

مەسیح یەکجار ئازاری بینی تا مردن بناسێت، ئەی دەبێت گوناهی ئەوانە چی بێت بەدەست برینێکەوە هەمیشە تلدەخۆن.

ئەو برینە دەبینی بەسەر گیانمەوە، ئەوە هیی تۆیە! ئەی ئەوەی ویستت مەسیح بکوژی و بە خوێنەوە لەم سەرزەمینە فڕێتدا، باشترە لە هەموو ژیانتدا تەنیا بۆ جارێك بیر لە چاکبوونەوەی زامێك بکەیتەوە بەتیری خۆت پێکراوە، با ئەوەندە ویژدان تۆش بیمارنەکات.

بەهەرحاڵ................

پێنج جار خۆشمدەوێیت

٢٠٠٦\٤\٢

## دڵی من یەسنا
## ماچ....... چاوەکانت ماچدەکەم.

ڕێگەمبـدە بـا وەك دوو گەنـج کەمێك قسـە بکەین لەسـەر بوونی خۆمان، واتا گەنجێتی، پێمخۆشـە زۆر بە ڕاستگۆییانە بۆچوونی خۆمت پێبڵێم لەسەر ژیان.. واتا گەنجێتی، چونکە ڕاستییەکەی گەنجبوون ژیانە نەك شـتێکی تر، ئەم نامەیەیشـم بۆ هەموومانە، واتا

گەنجەکان.

ئەمـە بـۆ ئەوانەیە لـە هۆمیرۆس دەچـن، واتا تۆو گەنجـەکان، ئازیـزم... گومان لە هەموو شـتێك بکە، تەنانەت لە بوونی خۆیشت، لەبەرانبەر دەسەڵاتدارەکاندا سەرت هێندە بەرزبکەرەوە توانای بینینی ئەژنۆکانیانت نەبێت، بە جۆرێك هاواربکە هەموو سـەرزەمین گوێی لێتبێت. گەورەترین هاوار لە یاخیبووندا بێدەنگیە.

هێنـدەش بێدەنـگ بـە وا هەسـتبکەن لـەم ژیانـەدا بوونـت نییـە، ئەوەندە هەنـگاو بنێ تا هەموو چاڵەکان تاقیدەکەیتەوە، هێندە سەرسامبە کە بە گێل ناوتنەبەن، ئاگات لە قسەکردنی خۆت بێت، با سەرزەمین قەرەباڵغ نەکەیـت، هەرچـۆن دەتەوێـت جـوان خـۆت بپارێـزی، ئاوایش زمانت بپارێزە.

بـەلای ئـەو گردانـەدا مـەڕۆ بۆنـی ئایدۆلۆژیایان لێدێـت، سـێبەری تـۆ بەقـەت سـێبەری یـەك لەشـکر سـامی هەیـە بەرانبـەر بـە پاشـاکان، دڵنیابـە دەسـت بەرزکردنەوەیەکی تۆ سەد هێندەی دەست بەرزکردنەوەی پاڵەوانـەکان گرنکتـرە بـۆ گۆڕینی ئاراسـتەی ژیان، خۆت بە سوپاسالارەکان مەپێوە، ئەوان لە خوار ئەژنۆی تۆوەن.

ئەگـەر داهێنـەر نەبـی وەهـم دەتكا بـە جادووگەر، ئەوەنـدە پیاوەتیت خۆشـبوێت گەنجێتیت بپارێزێ، ئەو كاتـەی هەوڵتـدا ببیـت بـە كەسـێكی گـەورە، دەبێـت هەوڵیشـبدەی كەسـێك بدۆزیتـەوە بـۆ نـاو ماڵەكـەت، كەواتـە تۆ بە خەسـارچووی، خەوتن لەسـەر لاپەڕەی كتێبێك بۆ تۆ گرنكترە لە خەوتن لە باوەشی پیاوێك.

خۆت بە خورا فاتەكانی ئاینەوە خەریك مەكە، با وەك حەشیشەكێشەكان موعتاد نەبیت، گەر دەسەڵاتدارێكت بینـی خـۆت وەك ژەنەڕاڵێك پیشـانبدە، كاتێك چوویتە لای كرێكارێـك بـە جێینەهێڵـی تـا كارەكـەی لەگەڵ تەواودەكەی.

لوتبەرزی بۆ تۆ بەرانبەر بە دەسـەڵات زۆر جوانە، سادەییشـت بەرانبەر سـەوزە فرۆشـێك دەتكاتە حەكیم، هەوڵمـەدە ببـی بـە نوسـەر، بـا بازووەكانـت لاوازنەبن، بـاوەڕ بـە نوسـەرەكان مەكە، ئەوەی دەیڵێـن بۆ خەڵكە نەك بۆ خۆیان.

هەر كاتێك نوسـەرێكت بینی ئەوەندە باوەڕی پێبكە كـە دەڵێـت من ئینسـانم، كاتێكیش بەجێتهێشـت چەند درۆی بۆكـردووی لەبیـر خۆتیان بەرەوە، مێشـكی تۆ زبڵـدان نییـە، تـۆ گـەر هیچیش نەبیت لە نوسـەرەكان

گەورەتری.

ستەمكارەكان بۆ ئەوە نوسەر دروستدەكەن تۆ فێری خۆشباوەڕی بكەن، چی نوسین هەیە ناتوانێ شارێكی من و تۆ بگۆڕن، بەڵام دوو ئێوارە تۆ بە تووڕەییەوە بچیتە سەر شەقام، هەرچی سیستەم هەیە هەڵدەوەشێتەوە، سەیربكە تۆ چەند گەورەی لە بەردەم بچوكیی نوسەرەكاندا!

نوسەركان بۆ ئەوە دەنوسن تۆ بیانخوێنیتەوە، تۆش تەنیا جوامێرەكانیان بخوێنەوە، با ئەوانی تر لەبەردەم سێبەرەكەدا سوژدەببەن، گوێیان بۆ مەگرە تا ناچاربن وەك تۆ گەنجببنەوە، ئامۆژگاریی كەس وەرمەگرە، ئەوانەی فێربوون ئامۆژگاریی تۆ بكەن خۆیان پێویستیان بە كەسانێك هەیە فێری گفتوگۆیان بكەن، بیرتنەچێت خەڵكی وڵاتێكی، هەمووی خوێنە، كەواتە وەك پیاوە گەورەكە وتی: دەبێت بە خوێنی خۆت بنوسی.

تا دەتوانی هەوڵبدە رۆشنبیر بیت، تا پێتدەكرێ مەچۆرە ناو ناوەندی رۆشنبیرییەوە، با ئەو جوانییەی كۆتكردووەتەوە لە دەستینەدەی.

با لە نێوان تۆو نیشتیماندا تەنیا سێبەر هەبێت،

هەر کاتێکیش وڵات پێویستی بە تۆ بوو، لەناو مۆزەخانەیەکدا بگەڕێ بۆ پەتی سێدارە، نەکەی هەڵەی وا بکەی لەسەر عاتیفە خۆت بکوژی، چونکە عاتیفە خۆی کوشتنە.

وەلێ گەر عاتیفەیشت نەبوو، بیرتدەچێت کێ دایکی تۆ بووە، دەربارەی ئەو هەنگاوانەی دەیانهاوی، توشی بیماریی ویژدان مەبە، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیشتدا ئەوەندە ئازاربکێشە وا هەستبکەی دنیات خراپکردووە.

گوێ لە ئامۆژگاریکەرەکان مەگرە، باوەڕ بە عادەتەکان مەکە، متمانەت بە دوارۆژ نەبێت، کە باسی دوێنێیان کرد تۆ باسی ئێستا بکە، وتیان سەمابکە تۆ دەستبکە بە گریان، وتیان ئیمانداربە تۆ رووبکەرە سەر شەقامەکان، وتیان عەیبە گەورەبوویت، تۆ ئەو کاتە بە شوێن منداڵی و گەنجیی خۆتدا بگەڕێ.

بەڵام بیرتنەچێت، کاتێك باوکت وتی بمرە سەری خۆت بەرزمەکەرەوە تا دەمریت، لە هەموو تەمەنتدا نەچیتە ناو سیستەمە خێڵەکی و چینایەتییەکانەوە، تۆ گەنجیت و پێویستت بە حەسار نییە.

دەبێت وەك دینیسیۆس بژیت، کەواتە ئەو ئەسپەت نەوێت کەمەیتەرەوانی هەیە، سواری ئەو گالیسکەیە

نەبیت بە دیار مێژووەوە وەستاوە، تۆ هەمیشە لە دەرەوەی مێژوویت تا بتوانیت بە چاوە بازەکانت روداوە خوێناویەکان ببینی، باهەمیشە کتێبێکی پیاوی مەزن (نیتشە)ت لەبن دەسدا بێت.

با کەوانەکەت بیرنەچێت هەرکاتێك ویستت تیری خۆت بەرە و گێلیەتی ئەوانی تر بهاوە، گوێ بەن ەفرەتی ئەوانە مەدە کەوتەنەتە ژێر زەبری حەقیقەتی تۆوە، تا نەکەویتە بەر نەفرەتی گێلەکان و پیرەکانەوە تۆ گەنج نیت.

تۆ دەبێت وەك زۆربا بیت، تۆ دەبێت خۆت با بیت، خۆت تۆفان بیت، خۆت هێمنی و ژیری بیت، بچۆرە ناو مۆزەخانەکانەوە تا رابوردووی خۆت بناسی، نەکەی روو لە کتێبە بێوشەکان بکەیت و خۆت خەساربکەی، هەمیشە ئەوانە بخوێنەوە کۆدیتایەك دەخەنە ناو عەقڵتەوە.

تۆ نابێت عاقڵبی، تۆ دەبێت ژیربیت، کاتی خۆت بە عەدەمیەتی کۆمەڵناسەکانەوە مەکوژە، ئاگاداری خۆت بە نەکەویتە داوی دەرونناسەکانەوە، ئەوانە هیچ نین جگە لە تۆپەڵێك غەریزە.

کاتی خۆت بە فەلسەفەی ئاینەوە مەکوژە، کەی

بڕیـاره تـۆ خـۆت گێـل بکەی؟ ئـەوەی ئـەوان دەیڵێن هێنـدەی هەیبەتـی بەیانییەکـی تـۆ سـەنگین نییـە، تـۆ دەبێت خۆت فەلسـەفەبیت، لێبگـەڕێ باگەنجیت بـای باڵـی خۆی بـدات، لێبگەڕێ باپیـرەکان ئەوەندە ئامۆژگاریـت بکـەن تـا خۆیـان عاقڵدەبـن، نـە هێڵی هەموو شتێکت ببێتە ئاسودەیی.

ئاسودەیی بۆ ئەوانەیە بە شوێن چێژەوەن نەك تۆی ژیـر، متمانـە بە نوسـەرو پێغەمبـەرەکان نەکەی، دایم هەوڵبـدە درۆکانیـان بدۆزیتـەوە، لـەو شـوێنەی زانیت دەبـی بـە پێغەمبەرێـك بە شـارەوانیی شـارەکەت بڵێ بابێـت وەك زبـڵ فڕێتبداتـە دەرەوەی شـار، چونکە تۆ کەڵکت نەماوە و پێغەمبەرایەتی کۆتاییهاتووە.

ویژدانی خۆت ئاسـودە بکە، دەسـەڵاتدارو پاشـاکان لـە ویژدانـی ئاسـودە دەترسـن، خەمت نەبێت پاشـاکان ناوێرن سەیری دەموچاوت بکەن، چونکە تۆ زۆر لەوان پاشاتری.

هـەژارەکان هەمیشـە تۆیـان خۆشـدەوێت، چونکـە تـۆ هەژاریـت، بـا هەژارێکـت بـەلاوە گرنکتربێـت لـە پاشـایەك، هـەژارەکان هەرچییەك بن لە پاشـاکان زۆر پاکترن، رۆژنامەکان مەخوێنەوە، بوونی ئەوان مەرگی

کتێبەکانە.

بۆ تێگەیشتن لە بێ مانایی سەرەتاکانی ژیانی بەیانیان، رۆژنامەکان بخوێنەوە تا بزانیت کۆمەڵگەکەت چەند بێمەعنایە، هەرچی لە رۆژنامەکاندا دەیبینی عەیب وعاری رۆژنامەنوسەکانە، سەیری عەرەبانەیەکی سەوزەفرۆش بکەیت زیاتر فێردەبی لەوەی سەیری رۆژنامەیەك بکەی.

لەگەڵ رۆژگاردا تێمەپەڕە، لەگەڵ خۆتدا تێبپەڕە، تۆ خۆت رۆژگاری، کۆتایی بۆ خۆت دامەنێ، تۆ کۆتاییت نییە، کار بۆ ئەوە مەکە بگەیتە ئەبەدییەت، دوایی پەشیماندەبیتەوە، ئەبەدییەتی تۆ لە ئێستادایە.

هەرگیز لە خۆت رازینەبی، باوەکو دەسەڵاتدارەکانت لێنەیێ، هێرشمەبە بۆ شتێك لە خۆت بچوکترە، مەچۆرە ژێر باڵی دەسەڵاتەوە، دەسەڵات زۆر لەوە بچوکترە شوێنی تۆی تێدا ببێتەوە، ئامۆژگاریی کەس مەکە، ئەوە قسەیەکە بەسەرچووە، گوێ بۆ هەموو کەسێك بگرە، بەڵام باوەڕ بەکەس مەکە خۆت نەبێت، گوێ لە گۆرانییەك مەگرە کە دەزانی بێدەنگت ناکا، لەگەڵ عادەتی خەڵکیدا مەبە، تۆ خۆت عادەتی.

تا بەرپرسەکان بانگت نەکەن مەچۆ بۆ لایان، کە

قسەت بۆ کردن لە بێئاگایی بەرپرسەکانەوە قسە بکە، کە دەزانی شتێك نییە پێیانبڵێیت گوێیان بۆ مەگرە، نەبیتە گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران با نەتکەنە دەرگاوانی خۆیان.

وا بکە کۆشکەکەی تۆ ئەوەندە گەورەبێت میرەکان بکەیتە دەرگاوانی خۆت، لە شوێنێکدا توورەببە هەستبکەیت کاتیەتی، لە مردن نەترسی، میوانێکە هەر کاتێك بیەوێت دێتەلات، وا مەکە بە خۆت زوو بمری، بامیرەکان دڵخۆشنەبن.

با هەمیشە متمانەت بە خۆت هەبێت، خەڵاتی نوسەرو میرەکان وەرمەگرە با نەبیتە رەعیەت.

خەڵاتی میرەکان زۆر باشترە لە خەڵاتی نوسەرەکان، چونکە میرەکان پێیانخۆشە خەڵاتت بدەنێ بۆ ئەوەی عەدالەتی خۆیان دەربخەن، بەڵام تۆ هەر بەردەوام باسی ناعەدالەتیی ئەوان بکە.

نەهێڵی پرینسیبەکان قەناعەتت پێبهێنن کە تۆ منداڵی ئەو کۆمەڵگەیەیت، لافی ئەوە لێمەدە لە خەڵکی گەورەتری، گەر وا بکەیت لەگەڵ پاسەوانێکی سەر خوانی ماڵە هەژارەکان هیچ جیاوازیت نییە، تۆ مشەخۆر نیت.. تۆ گەنجیت.

بـا لـە بەرانبـەر خەڵکـدا سـادەبیت، وەلـێ بەرانبەر دەسەڵاتداران لوتت بەرزبکەرەوە، باوەڕ بە خۆت بهێنە، پێکەنینێکـی تـۆ لەوتەی سیاسـییەکان زۆر بەهێزترە، ئەوەیشـت بیرنەچێـت گەورەتریـن هـاواری تۆ هێندەی هـاواری زیندانییەك ترس ناخاتە دڵی سـتەمکارانەوە، هەرچەنـد تـۆ هاواربکـەی لای سیاسـییەکان هیـچ مەعنای نییە.

تا بۆچوونێك نەناسـی مەڵێ باشـە، تۆ یەك پارچە لـە (نا)یـت، لـە هەمـوو مەسـەلەیەکدا وشـەی (نا)ت بیرنەچێـت، گاڵتـە بەهچ شـتێکی هـەژاران مەکە، با پاشاکان دڵخۆشنەبن.

لەو شـوێنەی گاڵتە بە قسـەی کەناسـێك دەکەی، ئا لەوێدا هیچ جیاوازیت نییە لەگەڵ سـتەمکارێکدا، ئەگەر خووبدەیتە قەشمەریی دەسەڵاتدارەکان کاتیان بۆ دەلـوێ پـەرە بە رابواردنی خۆیان بـدەن، دەبێت هەموو ژیانت بیماری بێت، چاو لە میللەتە گەورەکان مەکە، چونکە تۆ لە ناو میللەتێکی بچوکدا دەژیت.

خـۆت مەبەسـتەوە بـە یـاد و بۆنەکانـەوە، تۆ کاتی بۆنەکانت نییە.

رۆژێـك دیاریمەکە بۆ بینینی خۆشـییەکانت، ئەمە

کاری پیاوە ئاینییەکانە، لەگەڵ کەسە ئاینی و واعیزەکاندا مەکەوەرە مناقەشەوە، دەدۆڕێیت! لە هەر شوێنێك مێزەرێکت بینی بزانە ئەو میللەتە زۆری ماوە بگاتە ئەوەی عەقڵی خۆی دەربخات.

نەیەڵی چاوت رابێ بۆ بینینی ناشیرینی و ناعەدالەتی، نەیەڵی زمانت لە وتنی حەقیقەت لابدات، متمانە بە حیکایەتەکان مەکە، بوونی هەر مەسەلەیەك بە حیکایەت، ونکردنی ئەسڵی خۆیەتی.

تۆ گەنجیت، واتا تۆ ئەسڵیت.

کە چوویت بۆ شارەکان، ریشی شاعیرە پیرەکان رابکێشە، ئەوەندە شیعرە کۆنەکان بخوێنەوە رابوردووی خۆت بناسی، باوەڕت بە بنەماو پایە نەبێت، پایە ئەوەیە تۆ دایدەنێیت، هەر کاتێکیش ویستت بیڕوخێنە.

هەر کەسێك ستایشی درۆزنانەی کردی بکێشە بە دەمیدا، خۆ تۆ میر نییت پێویستت بە ستایش هەبێت، بێشەرمانە سەد جار ئەوانە شەرمەزاربکە کە پێیانوابوو زیندانی ئاکرێ جیاوازبوو لە زیندانی قەڵاچۆلان، بەشوێن جیاوازیی حیزبە ئیسلامییەکان و حیزبە عیلمانییەکاندا مەگەڕێ، چونکە ئەوان لە بنەمادا وەکو یەکن.

هەرچییەکیان پێوتی هەڵیمەگرە، خۆ تۆ عەمباری قسە بێماناکانی خەڵك نییت، کاتێك باسی ئەدەب و شیعر کرا، بەس گوێبگرە، تۆ ئەوەندە عاتیفی نییت بکەویتە شوێن خەیاڵی شاعیرە مەعاشخۆرەکان.

ئەوەی نایزانی بڵێ نایزانم، ئەوەی دەیزانی بۆ خۆت هەڵیبگرە، نەیەڵی بکەویتە ژێر عەقڵی قوتابخانە ئەدەبییەکانەوە، ئەم قوتابخانانە بۆ ئەوانە دروستکراون هێشتا تەپوتۆزی مێژوویان لەسەرە.

هەرچی بیت تۆ ئێستای، تۆ ئایندەی، تۆ گەنجییت.

خۆت لە عەبەسیەت و مارکسیەت و ئاینگەرایی و ئەم شتە پوچانە بپارێزە، هێندە بوێربە شەق لەپەیکەرەکەی ئیبراهیم پاشا هەڵبدەی، هەرکاتێك بەلای ئیبن مستەوفیدا تێپەڕییت چەمۆڵەیەکی تێبگرە، تا بزانێت تۆ چۆن رابوردوو شەرمەزاردەکەی.

هەر شتێکت دەستکەوت بیخوێنەوە، تەنانەت ناونیشانی دوکانو بازاڕەکانیش، دوای دانتی بکەوە، لێبگەڕێ با ئەوان بۆ خۆیان بدوێن، دوای خۆت بکەوە، لێبگەڕێ با دانتی بۆ خۆی هەر قسە بکات.

بڕوا بە عەقڵی تەمومژاوی نەکەی، عەقڵی تۆ

وێڵـی سـادەییە، گوتاری سیاسـییەکان هیچـی زیاتر نییـە لـە گوتـاری تونچیی حەمامێـك، خۆت خەریك مەکە بە ناسـینی حیزبەکانی وڵاتی خۆتەوە، با ئەوان خۆیان خەریکبکەن بە ناسینی تۆوە.

بیـر لـە کورسـی مەکـەرەوە، کورسـیی حەوشـەی ماڵەکەتـان بـۆ تـۆ قورسـترە لـە کورسـیی پاشـایەك، ئەوەی سروشت بەتۆی داوە هەر ئەوەیە کە داویەتی بە فەیلەسـوفێك، کەواتە ئەگەر تۆ خۆت بناسـی تۆیش فەیلەسـوفی، بچـۆرە نـاو خەڵـك باتەنیا نەبـی، لەناو خەڵکدا هەمیشە هەست بە تەنیایی بکە.

تۆ دەبێت هەمیشە گەنج بیت.

ئازیـز یەسـنا، ئەمـە تەنیـا کەمێـك قسـەکردن بوو لەسـەر گەنجێتیـی خۆمـان، تەمەننادەکەم هێندە جوان ژیان بە ڕێبکەی مردن بەخیلی بە بوونی خۆی ببات، ئیدی ماندووم، زۆر ماندووم، بیرتدەکەم، خوات لەگەڵ بەرێزم.

١٠\ ٤\ ٢٠٠٦

## ماڵەکەم.......یەسنا چۆنی؟!

ڕێـگاکان کەسـی بەهێزیـان دەوێـت، تابێـت منیـش لاوازدەبم، هەنگاوەکانم هێندە بچوکبوونەتەوە هەستدەکەم لـە کاتـی ڕۆیشـتنمدا لە منداڵێکی سـەرەتایی دەچم، ئەگەر دوابکەوم دەبمە جێگەی شەرمەزاری بۆ براکان و خوشـکەکانم، ئەگـەر پێشـیش بکـەوم حەتمـەن لـە

نیشـتیمانێکدا ڕێگـەم گرتووەتەبەر دڵنیام هاویشـتنی هەنگاوێکی گەورە قاچەگانم دەبڕن.

لە هەموو حاڵەتێکدا نا ئارامم، شەوان تا هەڵهاتنی هەتـاو لەنـاو بێدەنگیـدا بیـر لـە سـەفەرێك دەکەمـەوە هەرگیـز نایبینـم، ئـای چەنـد پێمخۆشـدەبوو لـەم نیشـتیمانە نەمامایە و بە دەسـت بەدبەختی و ئازاری دەروونییەوە رزگارم ببووایە.

سـەفەرەکانیش نەعلەتیـن، بوومەتـە هیولایەکـی تـەواو، دڵنیام تۆش بیردەکەیتەوە ئێمە کەوتووینەتە ناو چ ڕۆژگارێـك، ئـەوەی کەمێـك ڕۆحی کۆیلەیەتی لە خۆیدا شکببات دەتوانێت لەم وڵاتەی منو تۆدا ببێتە باشـترین دەسـەڵاتدار، کەسـە جـوان و بەباوەڕەکانیـش دەبێـت لـە سـوچێکی ماڵەکەیانـدا بـە کەساسـی بیـر لەونبون و مەرگ بکەنەوە.

ئەمەی من دەیکەم، جگە لە کارێکی شێتانە هیچ ئایندەیەکی رونی تێدا بە دیناکەم، ئەوەتا خەریکە هەق بە خۆیشم دەدەم ببمە ڕێبەری تۆش، کارێکی شێتانەیە ئەم ڕێگەپێدانە.

چـی دەبـوو ئێسـتا باخەوانێـك بوومایـە و بـۆ خۆم شـەوان لـە بـری بیمـاری بیرم لـە جوانیـی گوڵەکانم

بکردایەتــەوە، یــان خــۆ گونــاە نەدەبــوو لەك ەنــار تۆوە بژیامایــە و توانــام هەبووایە پڕ بــە گەنجیم ئێوارەیەك پێبکەنم.

ئەوەی کە دەمانەوێت بە زەحمەت بەردەستماندەکەوێت، کەچــی دەتوانیــن بــە چرکەیــەك لــە دەســت خۆمانــی بدەیــن.. تــۆ وات کــرد، ئــارەزووی پیاســەیەك دەکــەم لەگەڵتــدا بەســەر شــەقامەکاندا، بێئــەوەی گــەڵاکان گوێیــان لــەو چرپانەبێــت، دەمــەوێــت پێتبڵێــم، دوور لە فزولیی گەڵاکانەوە خۆشمدەوێیت.

گریانەکانــی ســەردەمی منداڵــی و بەرائەتــت لــەب یرممــاون، ئــەو کاتانــەی بە یانییــان زوو لەگەڵ پاســارییەکان هەڵدەسایتو دەهاتیتە بەردەم نوسینگەی رۆژنامەکەمان و چاوەڕێی منت دەکرد، تابێم و پێتبڵێم شــێتە بــۆ بــەم بەیانییە زووە هاتوویــت؟ تۆش پێمبڵێی لەبەر ئەوەی زۆرم خۆشدەوێیت.

من هەرگیز باوەڕمنەدەکرد تۆ دەناسم، حەتمەن تۆش ئاوابوویت، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانمە زۆربەی ئەو کاتانــەی دەمەویســت بتبینم قەدەرێــك روویدەدا کە تۆ دەربکەویــت، کەچی ئێســتا شــتێك نە ماوەتــەوە ناوی قەدەرو دەرکەوتنی تۆبێت.

ئـای چەنـد خەمگیـن بوویـت بـە کتێبەکانتـەوە دەچوویت بۆ قوتابخانە، دەمەو عەسـرانێك لە ڕێگەی قوتابخانـە زۆر سـەرنجمدایت، نەمدەزانی ڕۆژێك دێت بەهەمـان شـێوە دەمە و عەسـرانێك خـۆت دەگەیەنیتە ماڵەکەم.

ڕۆژانی دووشەممەت لە بیرماوە کە کاتی هاتنەکانت بوو بۆ لام؟!

ئێسـتا دووشـەممان کـەس نایـێ بـۆ لام، نـەك هەر دووشـەممان، ڕۆژەکانـی خـودا هەموویـان کۆبکـەرەوە جگـە لـە تەنیاییـم شـتێکی تریـان تێدانییـە، کـە تـۆ ڕۆیشـتی زۆر شـتم لە دەسـتدا، زۆر شـتی منت برد لەگەڵ خۆت.

دیمەنـەکان بـاش دێنـەوە بیـرم، پێکەنینەکانـت، دەموچاوە سپییە نایابەکەت، باڵا جوانەکەت، تووڕەبوونە کەمەکانت، بێدەنگیت، زۆر شـتی تریش بوونە بەشـێك لـە بوونـم، ماچەکانت، چی لـە مانە بکەم؟ خۆ هیی تۆن و بە منت بەخشین!

لێبگـەڕێ کارێکـی زۆر خراپت کرد کە ڕۆیشـتی، بەڕاستی تاڵانتکردم ، دوای ئەم نامانەم ئیدی شتێکی تـرم نەمـاوە ئاوا بە ئاشـکرایی بۆت باسـبکەم، ئەوەی

ماوە ئەو چرپانەن کە هەرگیز نامەوێت بیانخەمە سەر رووپـەڕی نامـەکان، چرپەگەلێکـن تەنیـا بـە خۆتیان دەبەخشـم، قسـە گەلێکن بەس بۆ تۆیان دەکەم، ئەگەر هاتیتەوە، دڵم پڕە لە قسە بۆت.

زۆر ماچتدەکەم ئازیزم یەسنا.

١٤\ ٤\ ٢٠٠٦

**یەسنای گوڵ**

**هەرکاتێك کەوتینە شەڕەوە، دەبێ یەکەم جار سەنگەری خۆشەویستی چۆڵبکەین.**

هەڵگیرسانی شەڕەکان مانای دۆڕاندنە، ئێمە یان نابێت دەست بۆ خۆشەویستی ببەین، یان دەبێ قودرەتی هەڵگرتنی هەموو ئەو برینانەمان هەبێت کە

خۆشەویستی بۆمان دەهێنێت، پێمسەیرە کەسانێك هەن وا لە مانای خۆشەویستی گەیشتوون کە پێیانوایە تەنیا لەزەتێکە و دەبێت بیچێژین، ئیدی نازانن حیکمەتی ئەو دەردە ئەوەیە فێری چەشتنی ئازارمان دەکات، من شتێك لە تۆوە فێرنەبووم ، تەنیا ئەوە نەبێت کاتێك تۆم ناسی لە مانا راستەقینەکەی دڵ ئێشان گەیشتم.

ئازیزی من، رۆژێك دێت ئەم نامانەی من بۆ تۆ (کە ئابڕووبردنی ژیانە) دەگەنە دەست گەنجەکان و ئیدی ئەوانیش بەناوی خۆیانەوە بۆ خۆشەویستەکانی خۆیانی دەنێرن، من گەنجی وڵاتەکەی خۆمم زۆر خۆشدەوێت، هەر ئەم خۆشەویستییەش بوو وای لێکردم روو لە دەرگای تۆ بکەم، دەزانم سەردەمێك دێت نامەکانی من و تۆ دەبنە هەوێنی شەوانی بێئۆقرەیی گەنجە گوناهەکانی ئەم وڵاتە بێتامە، ئەوان نازانن چەند ئازارم بینیوە تا ئەم نامە دڵشکاوانە بۆ تۆ بنێرم.

من دێوانەم، دێوانەیەك بە شوێن پارچە شکاوەکانی خۆمدا دەگەڕێم، هەستدەکەم ئەوەندە شکاومەتەوە خەریکە هیچم پێوە نامێنێت، وەختێکیش خۆم دەدۆزمەوە چەشنی میتاڵێك بەبێ زڕنگە، لەسەرسوچی کۆڵانێکدا دۆشداماوم و خەریکی بەرەڵایی ژیانم.

لەوانەیشە وانەبێت، رۆژێك بێت بە وێنەی باخەوانێك ببمە سێبەری گوڵەکانی تۆ، یان وەك مەیتەرێك ئەسپەکانت بۆ بکەم بە نور، یاخود بە چەشنی ژەنەراڵێك سوپایەکت بۆ رێکبخەم لەگوڵی سوور..

ئیتر ژیان ئاوایە، چنگێك خۆشەویستییە دەیبەخشینە دۆستەکانمان، دەزانی؟ زۆر دڵم تەنگە، ئەوە بۆ عومرێك دەچێت تۆم نەبینیوە، تابێت باری دەرونیم بەرە و خراپتر دەچێت، تۆزێکی تر پێچبکەمەوە دەبمە دێوانەیەکی راستەقینە.

سەربەرزم.... دڵم دەڵێت بیرتدەکەم، بە نەزەری گەنجێتییشم گەر دڵت بخەیتە سەر لێوەکانم تا ئەزەل دەبیتە هیی من، پێیشموایە لە رۆژهەڵاتدا جوانترین خۆشەویستی ئەوەیە هەرگیز پێکەوە نەژیین، ئای چەند بێزارم لەبیرکردنەوەکانی رۆژهەڵات، من نامەوێت وابم، ئەگەر تۆیش لێم قبوڵبکەی جوانترە وەك دوو درەخت پێکەوە لەم حەوشەی سەرزەمینە بژیین، بێئەوەی کەسمان دەستکاریی ژیانی ئەوی ترمان بکات.

یەسنای ئازیز..... تۆ لە جەنگاوەر دەچیت، هەموو ژیانی منت پڕکردووە لە شەڕ، زۆربەی جارەکانیش

من بە دۆڕاوی لە شـەڕەکانی تۆدا دێمە دەرەوە، ئەوە تۆی شـەڕ بەرپادەکەیت و هەر تۆیشـی ئەسـتێرەکانی سەرشـانم دەهێنیتـە خوارەوە، گەر ئەم جـارە وابکەیت، دەموچاوم دەدەم بەیەکا و جارێکی تر سەربەرزناکەمەوە بۆ ئاسمان.

یاخـود هـەر هیچـم پێنەکرێـت وەك كەروێشـكێكی بچکۆلە دەتخەمە بەردەم تیغی بێدەنگییەوە، پێمخۆشە بەمەرجێـك بمکوژی دڵم نەشـكێت، بـە جۆرێك بمدەرە بەر گولە بۆنی هەناسەی گەرمی دووری نەبینم، بە شێوەیەك هەڵمبواسە بیر لە غەریبیت نەکەمەوە.

ئازیـز گیـان..... هەندێـك جـار غەشـیمانە بـۆت دەچەمێمەوە، نایشـزانم خەریکی چ دەردێکم لە ژیانی خۆمـدا، ئەگـەر ئەمـە عەشـق بێت کە لـە وڵاتەکەی مندا هەیە، نەفرەت لە عەشـق، هەرچەندە باش دەزانم عەشـق درۆیەکی گەورەیە و لە منداڵییەوە فێریدەبین، وەلـێ مـن حـەزم لـەو درۆیـە کردبـوو، لێبگـەڕێ.. هەمـوو شـتێك بەبێ شـەڕ جوانە، وەختێـك جەنگەکان هەڵدەگیرسێن تکایە من لە ماڵ نیم.

ئەفسـوس، ئەوەندە پیس بووین دەسـت بۆ هەرشتێك دەبەین پیسـیدەکەین، باوەڕبکە، لـەو جۆرە مەخلوقانەم

حەزناکەم بە تەماشاکردنێکی قووڵ عەزیەتی شینایی ئاسمانیش بدەم، کەچی زۆرجار ئەوەندە ئازارم پێدەگات، پڵنگێك لە ناخمدا سەوزدەبێت.

تۆ ئەی حەکیمی برینەکانی گەنجیم.

دەکرێت ئێرە کۆتاییبێت، کۆتاییەك سەرەتایەکی منداڵانەمان پێبناسێنێت، من لە پەنجەرەیەکەوە تەماشای تۆ دەکەم، لاولاو ئاڵابێت لە روخساری، وەرە باپ ێکەوە لەبەرهەیوانی ئایندەماندا رێحان بچنین، لەسەر لالەزاری چیمەنی حەوشەکەماندا خەون ببینین، تامی ژیان بکەین، گەنجیمان بدەینە دەست پێکەنینەوە، دوور لە جەنگەکانەوە بای باڵی ئیحساس بدەین.

تائێرە بەسە، بەقەت سەرەدەرزییەك هەست بە ژیان دەکەم، ئیدی تەواو، باوەشێك ماچ بۆ تۆ.

کۆتایی ...